# زمـــــــان

نوسینی

بێرنارد کەمرێ ، جێرید دایەمەند، دەوگ واڵن

ک.دەیڤید هاریسن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

کامیل محەمەد قەرەداخی

LANGUAGE

BY

BERNARD COMRIE
JARED DIAMOND
DOUG WHALEN
K. DAVID HORRISON

MICROSOFT ® ENCARTA ® 2007. ©
1993 – 2006 MICROSOFT CORPORATION

***حکومەتی هەرێمی کوردستان***

***وەزارەتی ڕۆشنبیری***

***بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان***

- **ناوی کتێب: زمـــــــان**
- **نووسەر: بێرنارد کەمرێ ، جێرید دایەمەند، دەوگ واڵن ک.دەیڤید هاریسن**
- **وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: کامل محەمەد قەرەداخی**
- **پیتچنین: وەرگێڕ**
- **دیزاین: زانا کەمال**
- **دیزاینی بەرگ:**
- **تیراژ: ١٠٠٠**
- **زنجیرە: ١٦٧**
- **ژمارەی سپاردن (٥١٩) ساڵی (٢٠٠٧)**
- **چاپ:**
- **چاپی یەکەم**

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| سەرەتایەك | ٩ |
| زانستی زمانناسی(زمانەوانی-لینگویستیکس) | ١١ |
| پێکهێنەرەکانی زمان | ١٣ |
| دەنگەکانی زمان | ١٣ |
| یەکەکانی مانا | ١٥ |
| ریزبەندیی ووشە و بونیادی رستە | ١٦ |
| مانا لە زماندا | ١٨ |
| بەدەستهێنانی زمان(فێربوونی زمان) | ٢٠ |
| بەدەستهێنانی زمانی یەکەم | ٢٠ |
| بەدەستهێنانی (فێربوونی)زمانی دووەم | ٢١ |
| دووزمانی و فرە زمانی | ٢٢ |
| جۆراوجۆریی زمانەکان | ٢٣ |
| دیالێکت | ٢٣ |
| فرەچەشنییە کۆمەڵایەتییەکانی زمان | ٢٦ |
| پیجین و کریۆلی | ٢٨ |
| زمانەکانی جیهان | ٣١ |
| پۆلینکردنی زمان | ٣٢ |
| خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکان | ٣٤ |
| خێزانەکانی تری زمانە ئەوروپییەکان | ٣٦ |
| خێزانی زمانە ئاسیایی و پاسفیکییەکان | ٣٧ |
| خێزانی زمانە ئەفریقییەکان | ٤٠ |
| خێزانە زمانەکانی ئەمریکاکان | ٤١ |
| زمانە پیجین و کریۆلییەکان | ٤٣ |
| زمانە نێودەوڵەتییەکان | ٤٤ |

| | |
|---|---|
| زمانەکان چۆن دەگۆڕێن؟ | ٤٦ |
| گۆڕانی دەنگەکان | ٤٧ |
| گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان | ٤٩ |
| گۆڕانە نەحوییەکان(سینتاکسییەکان) | ٥٠ |
| گۆڕانە سیمانتێکی و زاراوەییەکان | ٥١ |
| گۆڕانی پێداویستییەکانی خواستن، یان خوازە | ٥٢ |
| بونیادنانەوەی زمانەکان | ٥٣ |
| زمانی نازارەکی | ٥٥ |
| زۆر زمان لە جیهاندا هەبوون،نەمانەوە | ٦١ |
| لەیەکچوونەکانی نێوانی مێشکی مرۆڤ و شەمبانزی | ٨٧ |
| ئەو زمانانەی جیهان ، کە لەبەر هەڕەشەدان | ٨٩ |
| هەڵسەنگاندنێك بۆ مەترسییەکانی سەر زمان | ٩١ |
| چ شتێك لەدەست دەچێت؟ | ٩٧ |
| زمانەکان بۆچی دەمرن؟ | ١٠٢ |
| راوەستاندنی دابەزین، یان کەمبوونەوەی زمانەکان | ١٠٧ |
| کۆتایی فرەزمانی! | ١١٤ |
| ئەو زمانانەی کە لەلایەن زیاتر لە دەملیۆن خەڵکەوە قسەیان پێدەکرێ. | ١١٨ |
| ئەو زمانانەی کە لەلایەن سێ بۆ دە ملیۆن خەڵکەوە قسەیان پێدەکرێ | ١٣٠ |
| ئەو زمانانەی کە لەلایەن یەك بۆ سێ ملیۆن خەڵکەوە قسەیان پێدەکرێ | ١٣٧ |
| پاشکۆی نەخشە و وێنەکان | ١٤٧ |
| گرووپی یەکەم....شەجەرەی دابەشبوونی زمانەکان و خێزانە زمانەکان | ١٤٨ |
| گرووپی دووەم .... نەخشەی جوگرافیی دابەشبوونی هەندێکی زمانەکان | ١٥٤ |
| گرووپی سێیەم....شێوازی ئەلف بای نوسینی چەند زمانێکی جیاواز | ١٥٩ |

# پێشەکیی وەرگێڕ

ئەوەی لەم کتێبەدا پێشکەشی خوێنەرانی دەکرێت باسێکی ئینسایکلۆپیدییانەیە لەسەر زمان و تایبەتمەندییەکانی زمان. بە چەند کەسی شارەزای ئەزمووندداری ئەم بوارە نوسراوە، تێیدا هەوڵدراوە وەڵام بە هەموو ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، کە دەکرێ لای هەر کەسێك لە ئێمەو لە لای ئەو مامۆستایانەی کە زمانەکان دەڵێنەوە و لە لای ئەو قوتابیانەش، کە زمان دەخوێنن دروست ببێت.

رووحێکی کارکردنی ئەکادیمییانەی پەیڕەودار لە نوسینی باسەکاندا بەکارهاتووە، بۆیە دەکرێ وەك بابەتێکی زانستییش سەیری بکرێت.

چل ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی لەم کتێبەدا هەن. ئەگەر ناوەڕۆکی باسەکانی هەریەکەی ئەو ناونیشانانە وەڵام بە تەنها یەك پرسیاریش لەسەر زمان بدەنەوە، ئەوا خوێنەر دەتوانێت بە لای کەمەوە وەڵامی چل پرسیاری تازەی لەسەر ئەو داهێنراوە مرۆییە دێرینە دەست بکەوێت. بۆیە لەم ڕووەوە، ئەوکاتەی کە بە ئینگلیزی ئەم کتێبەم خوێندۆتەوە پێم باش بووە بیهێنمە سەر زمانی خۆمان و بیخەمە خزمەتی خوێنەری کوردییەوە.

ئەڵبەت زمان بە لای منەوە زۆر گرنگ بووە، بەڵام پێش ئەوەی زمان (زمانی ئینگلیزی)لە زانکۆ بخوێنم، بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو کە





ڕۆژێك لە ڕۆژان کتێبێکم لەسەر زمان هەبێت، ئەگەرچی وەرگێڕدراویش بێت.

بۆیە کە ئێستە ئەم کتێبە تەواو بووە و هاتۆتە بەرهەم و وادەزانم ئەوەندەش کەڵك دەگرێ کە پێشکەشی خوێنەری بکرێت، خۆشحاڵم کە ئەو کارەم ئەنجامداوە.

هیوادارم کتێبی (زمان) گوڵێك بێت بچێتە سەر خەرمانی ئەو کتێبانەی تری مامۆستا بەڕێزەکانی شارەزای ئەو بوارە، کە بە کوردی لەسەر زمانیان نوسیوە، یان شتی ئەو بوارەیان کردووە بەکوردی.

کامیل محەمەد قەرەداخی

سلێمانی لە ١٣/٣/٢٠٠٧

# ١. سەرەتایەك

زمان ئامرازی سەرەکیی بەکارهێنانە لە لای مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتردا. سەرەتا لە ڕێگەی قسەکردنەوە بەکاردێت، سەرباری ئەوەش دەکرێ بگوێزرێتەوە سەر باری میدیایی تری وەکو نوسین. ئەگەر ئامرازی پەیوەندیی ئاخاوتن گونجاو نەبوو، وەکو لەلای کەڕەکان، دەکرێ ئامرازی بینینی تر بەکاربێت، وەکو زمانی ئاماژە (ئیشارەت)⋆ کاراکتەرێکی دیاری زمان، ئەوەیە، کە پەیوەندیی نێوانی هێما زمانییەکان و ماناکانیان پەیوەندییەکی هەڕەمەکییانەیە. بۆ نمونە لە ڕێکەوتنی نێوانی خۆیان تێپەڕێت، هیچ هۆیەکی تر بۆ ئەوە لە ئارادانییە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (سەگ) دەڵێن (دۆگ)، یان پێویست بکات پێیبڵێن (دۆگ). لەڕاستیدا ناوەکانی لە زمانەکانی تریشدا هەر بەو شێوەیەیە (بۆ نمونە بە ئیسپانی پێیدەڵێن ( پیرۆ)، بە ڕووسی پێیدەڵێن (سۆباکا)، بە ژاپۆنییش پێیدەڵێن (ئینوو)دەکرێ زمان بۆ گفتوگۆکردنی ژمارەیەکی زۆری بابەتی جیاواز بەکاربهێنرێت، ئەمەش تایبەتمەندییەکە، کە زمانی مرۆیی لە شێوازی پەیوەندیکردنی گیانلەبەرانی تر جیابکاتەوە. بۆ نمونە سەما کردنی مێش هەنگەکان تەنها بۆ ئاگادارکردن لە شوێنی سەرچاوەی خۆراك بەکاردێت. بەڵام توانای زمان فێربوونی مەیمونە لاساییکەرەوەکان زۆر کەسی سەرسام کردووە، تا ئێستە سنورەکانی ئەو توانایە بە ووردی دەستنیشان





نەکراون، بەڵام زاناکان بە گشتی لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون، کە ئەو مەیمونانە ناتوانن لەو توانای قسەکردنە زیاتر بچنە پێش، کە منداڵێکی تەمەن دووساڵی مرۆڤ هەیەتی.

## ٢. زانستی زماننناسی (زمانەوانی-لینگویستیکس)

زمانەوانی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی زمانە. ئەو بوارە لاوەکییانەی زمانەوانی، کە لێرەدا قسەیان لەسەر دەکرێت، هەریەکەیان گرنگی بە پێکهاتەیەکی سەرەکیی زمان دەدەن: فۆنەتیك گرنگی بە دەنگەکانی زمان دەدات. فۆنۆلۆژی گرنگی بەو ڕێگایانە دەدات، کە بە هۆیانەوە دەنگەکان لە زماندا بەکاردەهێنرێن. مۆرفۆلۆژی لە بونیاد (ستراکچەر)ی ووشە دەکۆڵێتەوە. سینتاکس گرنگی بە بونیادی دەستەواژە و ڕستەکان دەدات، هەرچی (سیمانتێك)یشە، لە مانا دەکۆڵێتەوە.

بوارێکی لاوەکیی تری زمانەوانی بریتییە لە (پراگماتیکس) کە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو کارلێکانە دەکات، کە لەنێوانی زمان و تێزە بەکارهاتووەکانی ناو قسەکردن و نوسیندا هەیە. (زمانەوانیی سینکرۆنیکی)یش بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان لە سەردەمێکی زەمەنیی مێژوویی دیاریکراودا، چ لە ئێستەدابێت، یان لەرابوردوو. بەڵام لەولاشەوە (دایاکرۆنیك)مان هەیە، کە دەکاتە زمانەوانیی مێژوویی، و لە گۆڕانەکانی زمانێك دەکۆڵێتەوە بە درێژایی مێژوو.

ژمارەیەك لە بوارەکانی تری زمانەوانی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوانی زمان و بوارە ئەکادیمییەکانی تری لێکۆڵینەوە دەکەن، وەکو (سۆسیۆلیگویستیك-واتە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی)یان کۆمەڵناسی و زمان، (سایکۆلینگویستیکس-واتە





دەروونناسی و زمان). لەڕووی پرەنسیپەوە (ئەپڵاید لینگویستیك)یشمان هەیە، ئەوەی کە خۆمان بە کوردی پێیدەڵێین زمانەوانیی تەتبیقی، کە ماناکەی دەکاتە بەکارهێنان و خستنەگەڕی میتۆدە زمانەوانییەکان، یان دەرەنجامەکانیان بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێك، کە پەیوەندیی بە زمانەوە هەبێت، بەڵام لە ڕووی پیادەکردنەوە مەیلی بە لای ئەوەدا دەشکێتەوە، پابەندبێت بە فێربوونی زمانە دووەمینەکانەوە.

# ٣. پێکهێنەرەکانی زمان

زمانی قسەکردنی مرۆڤ لە چەند دەنگێك پێکدێت، کە خۆیان مانایان نییە، بەڵام پێکەوە لەگەڵ دەنگەکانی تردا کۆبکرێنەوە، بۆ پێکهێنانی ئەو بوونانەی، کە مانایان هەیە. بۆ نمونە (د، أ، ر) چەند دەنگێکن، یەکەیەکە بۆ خۆیان مانایان نییە، بەڵام لە کۆبوونەوەیاندا دەبنە(دار) و مانا دەبەخشن.

زمان بە بوونی سینتاکسیکی(نحو) ئاڵۆزیشدا دەناسرێتەوە، بەوەی ، کە رەگەزەکانی زمان (هەمیشە بریتیین لە ووشە) بە بەردەوامی لە دروستکردنی بونیادی گەورەتردا بەکاردەهێنرێن، ئەو بونیادە گەورانە پێیاندەوترێت دەستەواژە، ئەم بونیادانەش دواتر ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت لە پێکهێنانی رستەدا.

## أ/ دەنگەکانی زمان

لەبەرئەوەی زۆربەی زمانەکان لە سەرەتاوە بۆ قسەکردنن، کەواتە بەشێکی گرنگی تێگەیشتن لە زمان بریتییە لە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی ئەو زمانە.

زۆربەی دەنگەکانی زمانەکانی جیهان، و هەروەها هەموو دەنگەکانی هەندێك لە زمانەکان، وەکو زمانی ئینگلیزی بە پاڵنانی هەوا لە سییەکانەوە و هاوسەنگکردنیان لە نێوانی گەروو و لێوەکاندا بەرهەم دەهێنرێن.





بۆ نمونە دروستکردنی دەنگی (پ) پێویستی بە پێکەوە داخستنی هەردوو لێوەکان هەیە. پاشان هەوایەك لە سییەکانەوە دێت و پەستانێك لەناو دەمدا دروستدەکات، کاتێك کە لێوەکان جیادەکرێنەوە دەنگەکە دروست دەبێت. بۆ دەنگی (س) هەوا لە سییەکانەوە بە بەردەوامی بەناو دەمدا تێدەپەڕێت، زمانیش بەرزدەبێتەوە و زۆر لە مەلاشوو، و لە بەشی سەرەوەی پووك نزیك دەبێتەوە، لێکخشانێکی کەم دروست دەکەن و بۆ ماوەیەك هەوا هاتووەکە رادەگرن، هەروەها دەکرێت هەندێکی دەنگەکان بەبێ پاڵنانی هەوا لە سییەکانیشەوە دروست بکرێن، هەندێك لە زمانەکان دەنگی لەو شێوانەیان هەیە و لە قسەی رۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن. هەندێ دەنگ هەن لەلایەن ئینگلیزی زمانەکانەوە بەکاردەهێنرێن، بۆ دەربڕینی بێزاری، سپێلەکانیان بەم شێوەیەیە، کە (tsk) یان (tut) یان تێدایە، بۆ ئەمانە دەبێ هەواکە لە فەزایەکی نێوانی بنمیچی مەلاشوو، و بەشی پێشەوە، یان دواوەی زماندا گەمارۆ بدرێت. ئەم دەنگانە پێیان دەوترێت (کلیکەکان- واتە کرتەکان) هەروەکو دەنگەئاساییەکانی ناو زمانەکانی (خۆیزان) ی باشوری رۆژئاوای ئەفریقا و زمانی (بانتوو)خەڵکە ئەفریقییەکانی تری دراوسێی ئەوان کاردەکەن.

دەنگناسی (فۆنەتیکس) بوارێکی لێکۆڵینەوەی زمانە، بە تەنگ لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییە فیزیاییەکانی دەنگەکانەوەیە و ئەمیش سێ بواری هەیە. (ئارتیکیولاتری فۆنەتیکس- واتە دەنگناسیی نەتق )

ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە چۆن دەنگەژێکانی مرۆڤ دەنگەکانمان بۆ بەرهەم دەهێنن. لەگەڵ(ئەکۆستیك فۆنەتیکس-دەنگناسیی بیستن-سەمعی)لەو شەپۆلە دەنگییانە دەکۆڵێتەوە، کە لەلایەن دەنگەژێکانی مرۆڤەوە بەرهەم دەهێنرێن. (ئۆودیتری فۆنەتیکس-زمانەوانیی بیستنی-سەمعی)ئەوە دەپشکنێت، کە چۆن دەنگەکانی قسەکردن لەلایەن گوێی مرۆڤەوە دەبیسترێن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە فۆنۆلۆژی گرنگی بە هەلومەرجە فیزیاییەکانی دەنگەکان نادات، بەڵکو گرنگی بەوە دەدات، کە ئایا دەنگەکان لە هەر یەکێکی زمانە تایبەتەکاندا چۆن کاردەکەن. ئەم نمونەیەی خوارەوە جیاوازیی نێوانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیمان پیشاندەدات (ئەم نمونەیەی ئێرە تایبەتە بە زمانی ئینگلیزی و پێموانییە خزمەتێك پێشکەش بە زمانی کوردی بکات، بۆیە نەمکردووە بە کوردی - و)

## ب – یەکەکانی مانا

لەکاتێکدا، کە زۆری خەڵك کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نوسینەوە، هەندێکیان ئارەزوویان وایە، کە ووشە وەکو یەکەی بنچینەیی بونیادی ڕێزمان دابنێن، هەروەها زمانەوانەکان یەکەیەکی بچوکتر لەوە دەناسن، کە ناوی فۆنیمە (واتە بچوکترین یەکەی دەنگ-و) بۆ نمونە ووشەی (cat)، کە ماناکەی بە کوردی دەکاتە پشیلە، دوو ڕەگەز، یان بڕگەی تێدایە، وەکو ئاژەڵێکی ماڵی دەیناسێنێت و پاشانیش، کە دەڵێ پشیلە، دەکرێ مەبەستی لە ڕەگەزێك بێت، کە





بە هەرەمەکی ناویان دەهێنێ و بریتین لە پشیلە. یان لە وشەی(ئەنتی مایکۆربیەڵ-Antimicrobial) مەبەستی لە توانای تێکشکاندنی زیندەوەرە مایکرۆبییەکان (زۆر وردەکان) بێت، ووشەی ئەنتی مایکرۆبیەڵ، واتە دژە مایکرۆبی، دەکرێ دابەش بکرێ بۆ دوو مۆرفیم، (ئەنتی) واتە لە دژی، و (مایکرۆبیەڵ) مەبەستی لە زیندەوەرە مایکرۆبییەکانە. ئەو پاشگری (یەڵ-ial-)ەش لە ئینگلیزیدا بچێتە سەر ووشە دەیکات بە سیفەت. لێکۆڵینەوەی ئەم یەکە گراماتیکییە بچوکانە، و ڕێگا و شێوازی پێکەوە کۆکردنەوەیان بۆ دروستکردنی ووشە ، زانستێکە، پێیدەوترێت مۆرفۆلۆژی.

## ج- ڕیزبەندیی ووشە و بونیادی ڕستە

سینتاکس لێکۆڵینەوەی ئەوەیە چۆن ووشەکان کۆدەکرێنەوە بۆ دروستکردنی ڕستە. ڕیزبەندیی ووشەکان لە ڕستەدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت.

بۆ نمونە فۆرمی ڕستەی ئینگلیزی بەم شێوەیەیە (بکەر-کردار-تەواوکەر) واتە (Subject+Verb+Object) بۆیە لەرستەی ( The Dog bit the man)دا ، کە ماناکەی دەکاتە (سەگەکە پیاوەکەی گەست)گەر بە فۆرمە ئینگلیزییەکەی بیلێیت، وەرگێڕانە کوردییەکەی وایلێدێت (سەگەکە گەستی پیاوەکە)چونکە لەو زمانەدا لەسەرەتاوە بکەر دێت، کە سەگەکەیە، پاشان ئەو کردارەی کە ئەنجامدراوە (گەستنە) لەگەڵ ئەو کەسەی لەم ڕستەدا کاریگەریی

کردارەکەی کەوتۆتەسەر، کە (پیاوەکە)یە. ئەگەر پەیڕەوی لەو یاسا ڕێزمانییە بکەین نابێت بە شێوازێکی تر ئەو ڕستەیە ڕێکبخەین. ئەگەر شوێنی بکەر و تەواوکەرەکە ، کە لێرەدا هەردووکیان ناو ئاڵوگۆڕ پێبکەیت، مانای ڕستەکە بە تەواوی پێچەوانە دەبێتەوە.

بە پێچەوانەی ئەم زمانەوە، زمانی ژاپۆنی ڕیزبەندییەکی بنچینەیی ووشەکانی هەیە، کە بەم شێوەیەیە (تەواوکەر +بکەر+کردار) وەك لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت (واتا کووشی- وا هۆن- ۆ کاو) کە ئەگەر بە شێوەیەکی وێژەیی وەریبگێڕین، ماناکەی دەکاتە (من کتێب کڕی).

(هیکسکاریانا) زمانێکە لەلایەن نزیکەی چوارسەد کەسێکەوە لە کەناری ڕوباری ئەمازۆن لە بەرازیل قسەی پێدەکرێت، شێوازێکی سەرەتایی ڕیزبەندیی وشەی هەیە بۆ ڕستە دروستکردن، کە بەم شێوەیەیە (تەواوکەر+کردار+بکەر).

ڕستەی (تۆتۆ یاهۆسیێ کامارا) بەو زمانە، گەر پیت بەپیت بیکەینە کوردی، ماناکەی واتە (پیاوێك وێزێکی گرت) (وێز گیانلەبەرێکی دڕندەی کێوییە، لە ڕەگەزی پڵنگ، بەڵام لە پڵنگ بچوکترە- و )بەڵام مەبەستی ڕاستیی ڕستەکە ئەوەیە، کە (وێزەکە پیاوێکی گرتووە، گەستووە)، نەك پیاوەکە وێزەکەی گرتبێت.

کاراکتەرێکی سەرەکیی زمان ئەوەیە، کە ووشەکان ڕاستەوخۆ کۆکرانەوە ڕستە دروست ناکەن، بەڵکو یەکەیەکی ناوەندیتر لە ڕستە دروست دەکەن، کە دەستەواژەیە. پاشانیش دەستەواژەکان لە





دروستکردنی ڕستەدا هاوبەشی دەکەن. بۆ نمونە لە ڕستەی (شوانەکە مەڕە وونبووەکەی دۆزییەوە) لە زمانی ئینگلیزیدا بە لای کەمەوە سێ دەستەواژەی تێدایە (شوانەکە+ مەڕەونبووەکە +دۆزییەوە) بونیادی هەڕەمییانەی ئەم کۆمەڵە وشەیە بە یەکەوە، ئەوەیە ووشەکان بونەتە دەستەواژە و دەستەواژەکانیش بوونەتە ڕستە. ئەم بوونیادانەش پێکەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دامەزراندنی پەیوەندیی مانایی نێوانی ڕستەدا.

بۆیە گەر (شوانەکە) و (مەڕەونبووەکە) وەك دوو یەکە ڕەفتار بکەن، دەتوانین لە دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕستەکەدا بۆ ئەوەی بیکەین بە بکەر نادیار، ئاوا دایبڕژینەوە (مەڕە ونبووەکە دۆزرایەوە) دووایش دەتوانین (لەلایەن شوانەکەوە)ی بخەینەوەسەر، دەبینین یەکەکان دەتوانن بمێننەوە.

## د. مانا لە زماندا

پاش ئەوەی لە سەرەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی باسمان لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زمان کرد، کە بریتی بوون لە توخمە سەرەکییەکانی ناو زمانەوانی، دەبێ لێرەدا ئاماژە بە سیمانتێك بدەین، کە لەناو کۆی باسە سەرەکییەکاندا گرنگی بە لێکۆڵینەوەی مانا دەدات. بەشێکی گرنگی سیمانتێك مامەڵە لەگەڵ مانای مۆرفیمە تاکەکاندا دەکات (واتە بڕگە تاکەکان).

هەروەها سیمانتێك لێکۆڵینەوەی مانای ئەو بونیادنانەشی تێدایە،

که مۆرفیمەکان پێکەوە دەبەستێت بۆ دروستکردنی دەستەواژە و رستەکان. بۆ نمونە رستەی (سەگەکە پیاوەکەی گرت. ) و (پیاوەکە سەگەکەی گرت) بە تەواوی هەر هەمان مۆرفیمیان تێدایە، بەڵام ماناکانیان لە یەکتر جیاوازە. ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە لە هەر یەکەی رستەکاندا مۆرفیمەکان چوونەتە ناو بونیادی جیاوازەوە. ئەمەش کاردانەوەی خستۆتە سەر شێوازی جیاوازی رێکخستنی وشەکان لە دوو رستەکەدا.





# ١- بەدەستهێنانی زمان (فێربوونی زمان)

بەدەستهێنانی زمان ئەو پرۆسەیەیە، کە لەلایەن مناڵ، یان گەورەوە بەڕێوەدەبرێت بۆ فێربوونی زمانێك، یان چەند زمانێك، لێکۆڵینەوەی بەدەستهێنانی زمانیش بوارێکی سەرەکییە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.

## أ / بەدەستهێنانی زمانی یەکەم

فێربوونی یەکەمین زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و زمانەوانەکان تەنها بە شێوەیەکی لاوەکی لێیتێگەیشتوون. مناڵانی ساوا هەندێ تایبەتمەندیی خۆڕسکیان هەیە، کە بۆ فێربوونی زمان یارمەتییان دەدەن. ئەو تایبەتمەندییانە پێکهاتەی دەنگەژێکانی گەرویشیان دەگرێتەوە، و یارمەتیی مناڵ دەدەن ئەو دەنگانە بەرهەم بهێنێت، کە لە زماندا بەکاردەهێنرێن.

ئەو تایبەتمەندییانە توانای تێگەیشتنی ژمارەیەك پرەنسیپی گشتیی ڕێزمانیشیان تێدایە، وەکو سروشتی هەرەمیی سینتاکس (نەحو).

بە هەرحاڵ ئەو تایبەتمەندییانە بۆ ئەوەنین یارمەتیی مناڵ بدەن، تەنها یەك زمان فێرببێت، بەڵکو چەند زمان لە دەوروبەرەکەیاندا بەکاربهێنرێت فێری دەبن، تەنانەت، ئەگەرچی دایك و باوکیشیان بە زمانێکی جیاواز قسە بکەن (بۆ نمونە مناڵانی

کورد لە بەشێکی کەرکوك و کفری وخانەقین بە ئاسانی لە پاڵ کوردییەوە فێری زمانەکانی تورکی و عەرەبی دەبن - و ). خاڵێکی سەرنجڕاکێشی زوو فێروونی زمان لەلایەن مناڵانەوە، ئەوەیە ئەوان پتر لەوەی لە قسەکردنیاندا پشت بە سینتاکس ببەستن، پشت بە مانای ووشەکان دەبەستن. لەوەش دەچێت ئەو خاڵەی، کە تێیدا مناڵی مرۆڤ دەست دەداتە ئەوەی ڕێزمان فێرببێت، خاڵی وەرچەرخان بێت لە جیاکردنەوەی مرۆڤ لە مەیمون لە توانای فێربوونی زماندا.

## ب/ بەدەستهێنانی (فێربوونی) زمانی دووەم

مانای ووشەیی بەدەستهێنانی زمانی دووەم بریتییە لە فێربوونی زمانێك لە پاش فێربوونی زمانی یەکەمەوە. ئەم زاراوەیە بۆ ئاماژەدان بە بەدەستهێنانی زمانێکی تر بەکاردێت، پاش گەیشتنی مرۆڤ بە تەمەنی هەرزەکاری. هەرچی مناڵانیشە ئەستەمییەکی کەمتر دەبینن لە فێربوونی زیاتر لە زمانێکدا. لەپاش تەمەنی هەرزەکارییەوە خەڵك بە گشتی دەبێ هەوڵێکی زۆرتر بخەنەگەڕ بۆ فێربوونی زمانێکی تر و زۆربەی جاریش ئاستێکی نزمی فێربوونیان لەو زمانانەدا دەبێت. خەڵك ئەو کاتە باشتر فێری زمانی دووەم دەبن، کە تا ئاستی نوقمبوون تێکەڵی ئەو کۆمەڵگایانە ببێت، کە بەو زمانی دووەمە قسە دەکەن. هەروەها فێربوونی زمانی دووەم لەناو ئەو کەلتورانەشدا ئاسانترە، کە تیایاندا ئاخاوتن بەو زمانی دووەمە





شتێکی چاوەڕوان کراوە. وەکو زۆربەی وڵاتە ئەفریقییەکان، کە قسەکردن لەوێ بە زمانی دووەم بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کارامەییانەیە، وەك ئەو وڵاتانەی کە زمانی خۆیان ئینگلیزییە.

## ج/ دووزمانی و فرە زمانی

دووزمانی توانای لێهاتووانەی بەکارهێنانی دوو زمانە، فرە زمانییش توانای لێهاتووانەی بەکارهێنانی لە دوو زمان زیاترە. سەرباری ئەوەی کە قسەکردن بە دووزمانی بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەناو ئەو کەسانەدا کەمە، کە زمانی دایکیان ئینگلیزییە، لە زۆر شوێنی جیهان، مەگەر ناوازە هەبێت، دەنا ئینگلیزەکان هەر وان. بۆ نمونە لە پاپواگینیای نوێ زیاتر لە نیوەی دانیشتوانەکانی بەشێوەیەکی پراکتیکی لە هەردوو زمانی دایکیی خۆیان و زمانی(تۆك پیسین)دا کارامەن. خەڵکی زۆربەی بەشەکانی ئەو وڵاتە دووان یان زیاتری زمانە ڕەسەنەکانی وڵاتەکەی خۆیان دەزانن.

دەکرێ دووزمانی (تێبینیی ئەوە بفەرموون ووشەی دووزمانی لێرەدا بەو مانا ئیدیۆمییە بەکارنەهاتووە، کە لە کوردیدا وەك سیفەتێك بە کەسێك دەوترێت قسە لە نێوان خەڵکدا بهێنێت و بباتـو) و فرە زمانی لە زۆربەی جارەکاندا ڕێژەی جیاوازی توانای فێربوونی زمانیان تێدابێت. بۆ نمونە دەکرێ کەسێك زمانێك لە زمانێکی تر باشتر بزانێت، یان کەسێك چەند زمانێکی بە باشی ئەزبەر کردبێت و بۆ مەبەستی جیاوازیش بەکاریان بهێنێت، وەك بڵێین زمانێك بۆ قسەکردن و زمانێکی تر بۆ نوسین بەکاربهێنێت.

# ٢. جۆراوجۆریی زمانەکان

زمانەکان بە بەردەوامی لەبەر ئەگەری گۆڕاندان، ئەمەش بەرەو جۆراوجۆربوونی زمانە جیاوازەکانمان دەبات.

## ا/ دیالێکت

دیالێکت شێوە زمانی ئاخاوتنی گروپێکی لاوەکیی جیاوازی خەڵکە. وەك نەریتێکی باو زمانەوانەکان زاراوەی (دیالێکت)یان بۆ جیاوزیی زمانی ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان بەکارهێناوە، بەڵام لە بەکارهێنانی ئێستایدا دەکرێ ئەو زاراوەیە تایبەتمەندیی جیاوازیی گوتاری گروپە کۆمەڵایەتییە لە یەك نەچووەکانیش بگرێتەوە.

بە ڕاستی ئەوە بڕیارێکی قورسە و تا ئێستەیش یەکلایی نەکراوەتەوە، کە ئایا دووشێوە قسەکردنی جیاواز، دیالێکتی یەك زمانن، یان ئایا ئەو دوو شێوەیە هێندە گۆڕاون کە ببنە زمانی جیاواز. زمانەوانان راوبۆچوونی جیاواز لەسەر ئەم باسە ئاڵوگۆڕ دەکەن بۆ دانانی پێوەرێك لە دروستکردنی ئەم بڕیارەدا. ئەگەر جیاوازیی نێوانی دوو زمانەکە شیانی لێکتر تێگەیشتنیان نەبوو، کەواتە دوو زمانی جیاوازن، بەڵام ئەگەر لێکتر تێگەیشتنی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام جیاوازیی سیستماتیکی هەبوو لە نێوانیاندا، ئەوا ئەوکاتە دوو دیالێکتی هەمان زمانن.

دیارە چەند گرفتێك لەم پێناسەکردنانەدا هەن، لەبەرئەوەی





چەند ئاستێك بۆ لێکتر تێگەیشتن هەن، و دەبێ زمانەوانەکان بڕیار لەوەبدەن، کامانەن ئەو ئاستە جیاوازانەی گوتار و قسەکردن، کە دەبێ ئیتر لە ئاستیاندا بڕیار بدرێت، ئەمانە توانای لێکترتێگەیشتن نین. ئەمە ئەستەمە شتی کرداریی لەسەر دابمەزرێ، چونکە لێکترتێگەیشتن رەگەزێکی سایکۆلۆژییانەی گەورەی هەیە:ئەگەر قسەکەرێك بە زمانێکی جیاواز ویستی لە قسەکەری زمانێکی تر تێبگات، حەزی لێکتێگەیشتنەکە زیاتر لەوەدەچێت، کە کێشەیەکی بۆ دروست نەبێت. سەرباری ئەوەش زنجیرەی ئەو زمانانەی جیاوازن و دراوسێشن چانسی لێکترتێگەیشتنیان باشترە لەو زنجیرانەی کە نزیکییەك لە نێوانیاندا نییە.

بێگومان، سەرباری ئەوەش کۆمەڵە فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەن، بەشدارییان دەبێت لە پرۆسەی جیاکردنەوەی نێوانی دیالێکتەکان و زمانەکاندا. بۆ نمونە: ئەو فاکتەرانەن، کە کاراکتەری باوی زمانی چینییان لە یەك زمانەوە بۆ چەند دیالێکتێك گۆڕیوە، کە توانای لێك تێگەیشتنی ڕوون لە نێوانیاندا نییە.

دیالێکتەکان لە سەرەتاوە، وەك ئەنجامێکی کەمیی ئاستی پەیوەندی لە نێوانی بەشە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەردەکەون، کە بە یەك زمانیش قسە دەکەن. لەسایەی هەلومەرجێکی ئاوادا ئەو گۆڕانانەی ، کە لە زمانێکی بەشێکی ئەو کۆمەڵگەیەدا ڕوودەدەن، لە بەشێکی تریدا ڕوونادەن، لەمەوە جیاوازیی قسەکردن لەیەکێکیانەوە بۆ ئەوی تریان گەورە دەبێ. خۆ

ئەگەر پەیوەندییەکانیان بەردەوام و بۆ ماوەیەکی کاتیی زۆر هەر ڕوو لە کەمکردن بێ، ئەوا ئەو گۆڕانانەی دێنەپێش وادەکەن جیاوازیەکان هێندەبن، توانای لێکترتێگەیشتن نەبێت.

کاتێك کە ئەوە ڕوودات و ئەگەر جیاکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسیش هەبێت گروپێکی قسەکەران لە بەشە گەورەکەی کۆمەڵگە جیابکاتەوە، ئەوا بێگومان دەبێ دانان بە جیاوازیی زمانیشی لێبکەوێتەوە. بۆ نمونە ئەو گۆڕانکارییە جیاوازانەی، کە لە زمانی لاتینیدا و لە بەشە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانیدا روویاندا، لە ئاکامدا دەرکەوتنی زمانە ڕۆمانییە نوێیەکانیان لێکەوتەوە، کە ئێستە زمانەکانی (فەرەنسی و ئیسپانی و پۆرتوگالی و ئیتالی و ڕۆمانی) شیان تێدایە. لە بەکارهێنانی ئاساییدا دەکرێ زاراوەی (دیالێکت) مانای جیاوازیی زمانێك بگەیەنێت، کە لە یەك نەچوونێکی هەبێت، لەگەڵ فۆرمێکی تری زمانەکەدا، کە بە ستاندارد دانرابێت. هەرچەندە زمانەوانەکان وادادەنێن کە زمانی ستانداردیش هەر دیالێکتێکی ناو ئەو زمانەبێت. بۆ نمونە ئەو دیالێکتە فەرەنسییەی لە پاریس قسەی پێدەکرێت، کە بووەتە زمانی ستانداردی فەرەنسی، لەبەر بوونی تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی ئەو دیالێکتە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە، پاریس ناوەندیی سیاسی و کەلتوریی وڵاتەکە بووە.





## ب. فرەچەشنییە کۆمەڵایەتییەکانی زمان

دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵە دیالێکتێکن، بەهۆی فاکتەری کۆمەڵایەتییەوە بڕیاریان لێدەدرێت، نەك بە هۆی فاکتەری جوگرافییەوە.

سۆسیۆدیالێکت زۆربەی جارەکان بە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگەوە گەشەدەکات، وەك جیاوازییە سۆسیۆئابوورییەکان و ئاین و چین. بۆ نمونە لە شاری نیویۆرکدا، لەوانەیە ئەو کەسەی کە پیتی (r) لە کۆتایی ووشەدا دەخوێنێتەوە، وەك ئەوەی لە ووشەی (fourth) هەیە، سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتیی ئابوریی جیاوازبێت. هەمان ئەم شتە بۆ وتنی پیتی (h) یش لە ئینگلتەرە راستە، کاتێك لە ووشەی (hat) دا دەیخوێننەوە. ئەندامانی هەندێ گروپی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، شێوازێکی لەفزکردنی تایبەت لەبەرچاودەگرن، وەك ڕێگایەك بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە گروپەکۆمەڵایەتییەکانی تر.

نمونەیەکی تر: دانیشتوانی مەزراکانی (ڤینیارد) لە ماساچوستس دەربڕینێکی تایبەتیان بۆ دەنگە بزوێنەکان لەبەرچاوگرتووە، بۆئەوەی خۆیان لە خەڵکی تری دانشتوانی دوورگەکە جیابکەنەوە. زمانی ڕەشۆکی (سلانگ-عامیە) و شێوەزاری گروپ ودەستەکان و جەرگۆن (جەرگۆن بە شێوەزارێك دەوترێت، کە تایبەت بێت و خەڵکێکی دیاریکراو قسەی پێبکەن، وەك ئەو <چزە و مزە>یەی لە

کوردیدا هەیە) گوزارەی زۆر تایبەتتری جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی زمانن و زاراوەو تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە. سلانگ (زمانی رەشۆکی) ئاماژەیە بۆ زاراوەگەلێکی نارەسمی، بە تایبەتیش ئەو وشانەی کە تازە و کورتخایەنن و لە ناو زمانە رەسەنەکەوە هەڵئەقوولاون. زمانی گروپ و دەستەکان وشەسازییەکی ناپێوانەیین، لە لایەن گروپە نهێنییەکانەوە بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتیش رێکخراوە تاوانکارەکان، کە بەردەوام دەیانەوێت ئاخاوتنیان لەلای خەڵکانی دەرەوەی خۆیان تەمومژاوی بێت و لێی تێنەگەن. هەرچی جەرگۆنیشە کۆمەڵە دەستەواژە و زاراوەیەکی تایبەت بە بازرگانییەك، یان پسپۆرییەکی تێدایە، و توانای لێتێگەیشتنی بۆ خەڵکانی دەرەوەی کایەی کاری خۆیان ئاسان نییە، وەك ئەوەی لە جەرگۆنی یاسادا هەیە. بۆ ئەوەی جیاوازیی زمان روونتر ببێتەوە لە جیاوازیی زاراوەکاندا، دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین ، کە زمانێکی تر هەیە زمانی رەسمیی پێی دەوترێت، کە بەپێی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان ئەویش دەگۆڕێت. ئەگەر کەسێك بە شێوەی رەسمی بڵێت (بە یارمەتیتان ئەکرێ ئێرە بەجێبهێڵن؟) لە شێوەی نارەسمیدا هەمان کەس دەتوانێت بڵێت (بڕۆرە دەرەوە)، ئەوەی جیاوازییە، ئەوەیە زمانە رەسمییەکە پتر بە تەنگ شێوازی وتن و رێزمان و وشەسازییەوەیە.





## ج. پیجین و کریۆلی

پیجین زمانێکی یارمەتیدەرە (وەك ئیدیۆم لە زمانی ئینگلیزیدا بەو زمانەش دەوترێت کە ئینگلیزی و چینیی تێکەڵ بێت - و)زمانێکە بۆ پەیوەندیکردنی نێوانی ئەو گروپانە بەکاردێت، کە زمانەکانیان لە یەکتر جیاوازە. ئەوکاتانە پەرەی پێدراوە کە خەڵکانێکی زمان جیاواز پێکەوە هێنراون و ناچارکراون پەیوەندی لەگەڵ یەکتر بگرن و قسە بکەن، بەبێ ئەوەی کاتێکی وایان بۆ تەرخان بکرێت، کە بتوانن بە باشی فێری زمانەکانی یەکتر ببن. پیجینیش زۆربەی زاراوەکانی خۆی لە یەکێکی زمانەکانەوە دادەتاشێت، بونیادە رێزمانییەکەشی هەرچەندە زۆر جیاوازیش بێت، هەر رەنگدانەوەی بونیادی رێزمانیی قسەکەرانی زمانە رەسەنەکانی پێش خۆی دەبێ، یان لەوانەیە بە تێپەربوونی کات شێوازێکی تەواو جیاواز لە بونیادی رێزمانیی ئەو زمانانە وەربگرێت، کە زۆربەی زاراوەکانیان داوەتێ.

لە رووی مێژووییەوە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانی کاریبی و باشوری زەریای ئارام (پاسفیك) زۆر زمانی پیجینییان کردووە بە زمانی سەرەکی. (تۆك پیسین) زمانێکی پیجینیی سەرەکیی پاپوا گینیای نوێیە. ئەتوانین لەیەکچوون و جیاوازییەکانی ئەم زمانە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا لەم رستەیەدا ببینین ( Pik bilong dispela man I kam pinis) ، کە ماناکەی دەکاتە (بەرازی پیاوەکە، هات)یان بە

مانایەکی وێژەییانە، واتە (ئەو بەرازەی هیی ئەم پیاوەیە، دواجار گەیشت) شێوازی وتنەکەی لە ئینگلیزی دەچێت و جیاوازییەکانیشیان دیارە.

له بەرئەوەی پیجین زمانێکی یارمەتیدەرە، یان بڵێین نا ڕەسەنە، کەواتە زمانیی دایکیی کەس نییە.

بە دیوەکەی تردا، زمانی کریەڵی لەڕووی پەیوەندییەوە، هەر لە هەلومەرجێکی وەك ئەوەی پیجیندایە، له وانەیە ئەمیش بە قۆناغی وەك قۆناغەکانی پیجیندا تێپەڕبوبێت، بەڵام کریۆڵی توانیویەتی ببێتە زمانی رەسەنی کۆمەڵگاکەی خۆی. ئەمیش وەك پیجین زاراوەکانی خۆیی لە یەك زمانەوە وەرگرتووە، هەروەها ڕێزمانەکەشی رەنگدانەوەی ڕێزمانی ئەو زمانانەیە، کە لە کۆمەڵگاکەیدا قسەیان پێکراوە. تایبەتمەندییەکی زمانە کریۆڵییەکان سادەیی مۆرفۆلۆژییەکەیانە(علم الصرف). لە زمانی کریۆڵیی جامایکیدا رستەی(A fain Jan fain di kluoz) ماناکەی بە ئینگلیزی دەکاتە(John found the clothes) واتە(جۆن جلەکانی دۆزییەوە) رەچەڵەکی ووشەکان دەچنەوە سەر ئینگلیزی، بەڵام بوونیادە ڕێزمانییەکەی دەچێتەوەسەر مۆدێلی زمانەکانی رۆژئاوای ئەفریقا، کە بۆ دڵنیایی کرداری رستەکەیان دووبارە کردۆتەوە. ئەمە لە بەرئەوەی بە زۆری رەچەڵەکی ووشەکانی زمانی(تۆك پیسین و کریۆڵیی جامایکی)دەچنەوەسەر زمانی ئینگلیزی، پێیاندەوترێت زمانە بناغە ئینگلیزییەکان. (بۆ نزیککردنەوەی ئەم باسە خوێنەر





دەتوانێت زمانی تورکمانیی عیراق و کوردستان بێنێتە یادی خۆی، کە ئەویش دەتوانرێ وەك زمانێکی پیجینی سەیری بکرێ، لەبەرئەوەی رەچەڵەکی ووشەکانی دەچنەوەسەر تورکیی عوسمانی - و).

## ٦. زمانەکانی جیهان

خەملاندنی ژمارەی زمانەکانی ئەمڕۆی جیهان پشت بەوە دەبەستێت، کە لە کوێوە هێڵی جیاکردنەوە لە نێوانی زمان و دیالێکتەکاندا دەکێشرێت. بۆ نمونە زمانەوانەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەوەی، کە ئایا دەکرێ زمانی چینی بە یەك زمان لە قەڵەم بدرێت لەبەرئەوەی ئەوانەی ، کە قسەی پێدەکەن یەك کەلتوری هاوبەشی رۆشنبیری و وێژەییان هەیە، یان نا و پێویستە بە چەند زمانێك دابنرێت: لەبەرئەوەی تێگەیشتنی روون و ئاسان لەنێوان دیالێکتەکانیدا نییە.

بۆ نمونە زمانی (مەنداری-واتە ئەفەندی) لە بێیجین قسەی پێدەکرێ و زمانە کانتۆنییەکان لە هۆنگ کۆنگ. ئەگەر توانای لێکتێگەیشتن بکەینە پێوەر، ئەوا لە جیهانی ئەمڕۆدا نزیکەی(٦٠٠٠)زمان هەیە، قسەی پێدەکرێ. هەرچەندە زۆر زمان هەن، کە ژمارەیەکی کەمی خەڵك هەن و قسەی پێدەکەن و لەبەر مەترسیی ئەوەدان لەناوبچن ولەلایەن زمانە گەورەکانەوە جێگەکانیان پڕبکرێنەوە، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك قسەی پێدەکەن.

لە ڕاستیدا هەندێکی زانایان لەو بڕوایەدان ، لەوانەیە رێژەی(٩٠٪)ی ئەو زمانانەی، کە لەساڵانی نەوەدەکاندا (١٩٩٠) قسەیان پێکراوە، لە کۆتایی سەدەی بیست ویەکدا لاوازبوون ، یان





نەماونەتەوە. دە زمانە زۆر فراوانەکەی جیهان، کە زمانی زۆرترین ژمارەی خەڵکە بەمشێوەیەن:

چینی (١. ٢ بلیۆن کەس) عەرەبی (٤٢٢ ملیۆن کەس) هیندی (٣٦٦ ملیۆن) ئینگلیزی (٣٤١ ملیۆن کەس) ئیسپانی (٣٢٢ بۆ ٣٥٨ ملیۆن کەس) بەنگالی (٢٠٧ ملیۆن کەس) پۆرتوگالی (١٧٦ ملیۆن کەس) رووسی (١٦٧ ملیۆن کەس) ژاپۆنی (١٢٥ ملیۆن کەس) و ئەڵمانییش (١٠٠ ملیۆن کەس) قسەی پێدەکەن.

ژمارەی ئەو زمانانەش، کە وەکو زمانی دووەم قسەیان پێدەکرێ بەمشێوەیەیە :

ئینگلیزی فراوانترین زمانە، کە وەکو زمانی دووەم قسەی پێبکرێت، (٥٠٨ ملیۆن کەس) وەك زمانی دووەم قسەی پێدەکەن.

## أ / پۆلینکردنی زمان

زمانەوانەکان زمانەکان پۆلین دەکەن و بۆ ئەمەش دوو سیستم بەکاردەهێنن: سیستمی (لێکۆڵینەوەی رەمزی)و (بۆماوەیی-جینی) هەرچی سیستمی پۆلینکردنە رەمزییەکەیە، زمانەکان بەپێی لێکچوون و جیاوازیی بونیادەکانیان رێکدەخات، ئەو زمانانەی، کە لە بوونی یەك بونیاددا هاوبەش بن، دەچنە سەر هەمان جۆر، ئەوانەشی بونیادەکانیان جیاوازبێت سەر بە جۆری جیاواز دەبن. بۆ نمونە سەرباری بوونی جیاوازیی گەورە لە بوارەکانی تردا لە نێوانی دوو زمان مەندارینی چینی و ئینگلیزیدا، هەردووکیان سەر بە

هەمان جۆرن، لەبەرئەوەی بەپێی سیستمی لێکۆڵینەوەی رەمزی و بەپێی لێکچوونی شێوازی ووشەکانیان سەر بە یەك جۆر پۆلین کراون. ئەم دوو زمانە هەردووکیان یەك فۆرمی رێکخستنی رستەیان هەیە (کردار- بکەر- تەواوکەر). پۆلینکردنی بۆماوەیی زمانەکان، بەپێی بنەمای گەشەی مێژووییان، زمانەکان دابەش دەکات: ئەو گروپە زمانەی، کە لە ڕووی مێژووییەوە لە یەك ریشەی مێژوویی ناسراوەوە هاتوون، یەك خێزانی زمان پێکدەهێنن. بۆ نمونە هەموو زمانە رۆمانییەکان سەر بە یەك خێزانی زمانن، بۆ نمونە زمانە رۆمانییەکان یەك خێزانی زمانی پێکدەهێنن، لەبەرئەوەی ریشەی هەموویان دەچێتەوە سەر زمانی لاتینی، هەر بەدوای ئەویشدا لاتینی دەچێتەوەسەر خێزانێکی گەورەتری زمان، کە خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکانە. واتە ئەو ریشەی زمانەی، کە پێی دەوترێت (پرۆتۆ- هیندۆ- ئەوروپی). چەند گروپێکی زمانەوانیی میراتی هەن، لەسەر ئاستی جیهانی پەسەندکراون، ئەگەرچی بەڵگەکان گەواهیی ئەوە دەدەن، کە ریشەی زۆری زمانەکان، بە زمانە هیندۆئەوروپییەکانیشەوە ، بە شێوەیەکی بەرفراوان ناکۆکی و گومانیان لەسەرە، و روپێوییەکی پارێزکارانەی خێزانەکانی زمانە جیهانییەکانیش هەر بەردەوامە.





## ب/ خێزانی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان

زمانی هیندۆئەوروپی فراوانترینی ئەو زمانانەیە لە ئەوروپادا قسەی پێدەکرێ. هەروەها بەرەو رۆژئاوا و باشووری ئاسیاش درێژ دەبنەوە. ئەم خێزانە ژمارەیەك خێزانی لاوەکی و لقی تریشی لێدەبێتەوە (گروپگەلی ئەو زمانانەی کە ریشەیەکی هاوبەشیان هەیە، و یەك لە دوای یەك ئەندامی ئەو گروپێکی گەورەترن، کە هەموویان لە ریشەیەکەوە هاتوون) زۆری خەڵك لە باکوری رۆژئاوای ئەوروپا بە زمانە ئەڵمانییەکان قسە دەکەن، کە ئینگلیزی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و هەروەها زمانە سکەندناڤییەکانی وەکو دانیمارکی و نەروێژی و سویدیشی تێدایە.

لە سەردەمێکدا زمانە سەلتیکیەکانی وەکو وێڵش (زمانی خەڵکی وێڵز) و گێلیگ (زمانی خەڵکی سکۆتلەندە) بەشێکی زۆری ئەوروپایان گرتبۆوە، بەڵام ئێستە تەنها لە کەنارە رۆژئاواییەکانی ئەوێ قسەیان پێدەکرێ.

هەموو زمانە رۆمانییەکان، کە ریشەیەکی لاتینییان هەیە زمانی خێزانیین و سەرباری لاتینییش ، هەندێ زمانی ئیتالیشیان تێدایە، کە ئێستە نەماونەتەوە.

لقەکانی زمانەبەڵتیك و سلاڤی (زمانی سلاڤۆنیك)ییەکان پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە، بەڵام تەنها دووان لە زمانە بەڵتیکییەکان بە زیندوویی ماون (لیتوانی و لاتڤیانی). ئەو زمانە

سلاڤییانەی زۆربەی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا دەگرنەوە، زمانەکانی (رووسی، ئۆکرانی، پۆڵۆنی، چیکی، سیربۆکرواتی و هەروەها بولگاری)یشی تێدایە.

لە نیمچەدوورگەی بەڵکاندا دوو لقی زمانە هیندۆئەورووپییەکان هەن ، هەر یەکەی یەك زمانیان تێداماوە، ئەوانیش (زمانی گریکی و زمانی ئەلبانی)ن . لە ڕۆژهەڵاتی دووریش، لە قەوقازدا زمانی ئەرمینی تاکە لقی زمانە هیندۆئەوروپییەکانە ماوەتەوە.

لقێکی سەرەکیی زیندووی تری خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکان، خێزانی هیندۆئێرانییە. ئەمیش دوو لقی هەیە (ئێرانی و هیندۆئێرانی) هەرچی ئێرانییەکانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا قسەی پێدەکرێ و زمانەکانی فارسی و پشتۆ (پشتۆ لە ئەفغانستان قسەی پێدەکرێت) و کوردیی تێدایە.

زمانە هیندۆئارییەکانیش لە بەشە باکورییەکەی باشوری ئاسیا قسەی پێدەکرێ (پاکستان، باکوری هیند، نیپاڵ و بەنگلادیش)ئەم لقەش ئەم زمانانەی تێدایە: هیندی-ئوردوو، بەنگالی، نیپالی و سینهالی (سینهالی لەلایەن زۆربەی دانیشتوانی سیریلانکاوە قسەی پێدەکرێت).

بەڵگە مێژووییەکان باسی فەوتانی لقێکی تری خێزانە زمانی هیندۆئەوروپییەکانمان بۆ دەکەن، کە لقی زمانی ئەنادۆڵییەکانە، کە لەو شوێنەدا قسەی پێکراوە، کە ئێستە بە تورکی قسەدەکەن، یەکێکی ئەو زمانە فەوتاوانە زمانی (هیتایتە) بووە.





## ج/ خێزانەکانی تری زمانە ئەوروپییەکان

(ئورەلی) خێزانێکی سەرەکیی تری زمانە ئەوروپییەکانە. ئەم خێزانە زمانە بە زۆری لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکە قسەی پێکراوە. لەوێشەوە درێژبۆتەوە بەرەو باکوری ڕۆژئاوای ئاسیا، یەك زمانیان هەیە لە ناوەڕاستی ئەوروپادا قسەی پێدەکرێت، ئەویش (هەنگاری)یە. زۆری زمانە ئورەلیکەکان دەچنەوە سەر لقەخێزانی زمانی (فینۆ ئوگریك)، ئەم لقە سەرباری هەنگاری زمانەکانی (فینلەندی، ئیستۆنی و سامی)ی تێدایە.

هەر لە ئەوروپادا یەك زمانی زۆڵەك هەیە ، کە هیچ زانیارییەك لەسەر ئەوەنییە، سەر بە کام خێزانە، کە ئەویش زمانی (باسك)ە، کە لە پیرێنیس قسەی پێدەکرێت. لە هێڵی جیاکەرەوەی نێوانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەوروپا و ئاسیادا چیاکانی قەوقاز هەن. ئەم شوێنە لە سەردەمانێکی دێرینەوە ژمارەیەکی زۆری زمانی تێدابووە، ، لە نێوانیاندا دوو گروپی زمان هەن، پەیوەندییان بە هیچ خێزانە زمانێکی ترەوە نییە:- قەوقازی باشوور، یان (کارتڤێلی) کە لە جۆرجیا قسەی پێدەکرێت و زمانی جۆرجیشی تێدایە. ئەوانی تریان زمانەکانی قەوقازی باکورن، کە دەکەونە باکوری ڕۆژئاوای قەوقاز و باکوری ناوەڕاست و باکوری ڕۆژهەڵاتی قەوقازەوە، ئەمانەیان لقی لاوەکین.

پەیوەندیی میراتیی باکوری ڕۆژئاوای قەوقازی بە لقە

لاوەکییەکانی ترەوە ڕێکەوتنێکی جیهانییان لەسەر نییە.

زمانەکانی باکوری رۆژاوای قەوقاز (ئەبخازی) یان تێدایە و باکوری ناوەڕاستیش (چیچن) و ئەوانەی باکوری رۆژهەڵاتیش (ئاڤاری)یان تێدایە.

## د. خێزانی زمانە ئاسیایی و پاسفیکییەکان

سەرباری لقی هیندۆئاریی سەر بە هیندۆئەورووپی باشوری ئاسیا دوو خێزانی گەورەی زمانی تێدایە. خێزانی (دراڤیدی) شوێنەکەی لە باشوری هیندە و زمانەکانی (تامیل و تەلۆگوو)ی تێدایە.

زمانەکانی (موندا) نوێنەرایەتیی زمانە (ئۆستڕۆئاسیاییەکان)ی ناو هیند دەکات و زۆر زمانی تێدایە، کە هەر یەکەیان ڕێژەیەکی کەمی ئەو خەڵکانەیان هەیە، کە قسەی پێدەکەن. ئەم خێزانی ئەستڕۆ ئاسیاییە بەرەو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاش درێژدەبێتەوە، و لەوێیش زمانەکانی (خمێر-واتە کەمبۆچی)و ڤێتنامیی تێدایە، لە ئاسیاشدا بەلای کەمەوە زمانێك هەیە، جیاوزاە و سەر بە هیچ خێزانێك نییە، ئەویش (بروشەسکی)یە، کە لە بەشێکی دوورە دەستی باکوری پاکستان قسەی پێدەکرێت.

ژمارەیەکی زمانەوانەکان پێیانوایە زۆری زمانەکانی ناوەراست و باکور و رۆژهەڵاتی ئاسیا سەر بە تاکە یەك خێزانی زمانن، ئەویش خێزانی (ئەڵتایی)یە، بەڵام ئەوانی تریان، وەکو (تورکی، تونگوشی، مەنگۆلی) وا هەژمارکراون، کە جیاوازن و کۆمەڵێ خێزانە زمانن، کە





پەیوەندییان پێکەوەنییە. خێزانی زمانە تورکییەکان ، تورکی و ژمارەیەکی زمانەکانی کۆمارەکانی یەکێتیی شورەویی جارانی تێدایە، وەکو (ئۆزبەکی و تەتاری). هەرچی زمانە تونگووشییەکانیشە، بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن گروپێکی کەمی خەڵکی سیبریا و باکوری چینەوە قسەی پێدەکرێت. ئەم خێزانە زمانی (مانخوو)یشی تێدایەو، کە زمانێکی لەناوچووە. زمانی سەرەکیی ناو خێزانی زمانە مەنگۆلییەکان بریتییە لە مەنگۆلی. هەندێکی زمانەوانەکان وادادەنێن (کۆری و ژاپۆنی)یش سەر بە زمانی ئەڵتایی بن، هەندێکی تریشیان پێیانوایە لە زمانە بێپەیوەندییەکان بن. لە باکوری ئاسیاشدا ژمارەیەك زمانی تر هەن، کە لەوەدەچن یان خێزانی بچووکی زمان بن، یان بێپەیوەندی و دابڕاوبن، وەکو خێزانە زمانی (چوکۆتکۆ-کەمچاتکان)ی ناو نیمچە دوورگەکانی (چوقچی و کەمچاتکا)ی رۆژهەڵاتی دووری روسیا. ئەمانە بە زۆری وا ئاماژەیان پێدەدرێ، کە بە گشتی (پالیۆ سیبیری) یان (پالیۆ ئاسیایی)بن، بەڵام ئەم ئاماژەیە، ئاماژەی دابەشکردنێکی جوگرافیانەیە، نەك بۆماوەیی.

خێزانی زمانە (سینۆ-تیبتییەکان) نەك هەر زۆربەی وڵاتی چین، بەڵکو زۆربەی هیمالاییەکان و بەشەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاش دەگرێتەوە. زمانە سەرەکییەکانی ئەم خێزانە بریتین لە (چینی، تیبتی و بۆرمی).

(تاییەکان) بە یەکێك لە خێزانە زمانە گرنگەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا دادەنرێن، لە تایلاند و لاووس و باشوری چین

قسەیان پێدەکرێ و زمانی (تایی)ی تێدایە.

زمانەکانی (میاو یاو) یان (همەنگ مێن) لە چەند شوێنێکی دابڕاوی باشوری چین و بەشی باکوری باشوریرۆژهەلاتی ئاسیا قسەیان پێدەکرێ.

زمانە (ئەسترۆئاسیاییەکان) لەسەرەتاوە پێیان وتراوە (مەلایۆ پۆلینیزی)و زمانی نیمچەدوورگەی (مەلاوی) و زۆربەی دوورگەکان بووە بەرەو باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا، بەرو رۆژئاواش، تا مەدەگەشکەر و دوورگەکانی زەریای ئارام بەرو رۆژهەلات تا دورگەی رۆژهەلات.

زمانە (ئەسترۆنیزییەکان) (مەلایی)شیان تێدایە، کە لە مالیزیا پێیدەوترێت (بەهاسای مالیزی) و لە ئیندۆنیزیاش پێی دەوترێت (بەهاسای ئیندۆنیزی) لەگەڵ (جەڤانی، هاوایی، ماوری-کە ئەمانە هەمویان زمانی خەڵکە بەراییە دێرینەکانی نیوزیلەندەن).

سەرابری ئەوانیش هەندێ دانیشتوانی ناوچە کەنارییەکانی دوورگەکانی گینیای نوێ ، بە زمانە ئەسترۆنیزییەکان قسەدەکەن. زۆری دانیشتوانی ناو دورگە سەرەکییەکان و نزیکی ئەم دورگانەش بە زمانانی تر قسە دەکەن، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئەسترۆنیزییەوە نییە. زمانەوانەکان بە گشتی بەم زمانانەی ئەمان دەڵێن (پاپواییەکان) ئەمەش هەر دابەشکردنێکی جوگرافیاییانەیە و نزیکەی شەست خێزانی جیاوازی زمان دەگرێتەوە.

زمانی خەڵکە رەسەنەکانی دانیشتووی ئوسترالیا گروپێکی تریان





تێدایە، کە پەیوەندیی بە هیچ گروپێکی ترەوە نییە، ئەگەرچی ئەوەش فاکتەیەکی دڵنیایی نییە، کە ئایا زمانەکانی ئوسترالیا سەر بە یەك خێزانن، یان نا!

## هـ. خێزانی زمانە ئەفریقییەکان

زمانە ئەفریقییەکان لەبەر کەمییەکان دەگەڕێنەوە سەر چوار خێزان: (ئەفرۆئاسیایی- نیلۆسەحاری- نایجەرکونگۆ و خۆیسان) و یەکێتیی بۆماوەیی زمانەکانی(نیلۆسەحاری و خۆیسان) تائێستەش ناکۆکییان لەنێواندایە.

زمانە ئەفرۆئاسیاییەکان بەشێکی زۆری باکوری ئەفریقیا و زۆری بەشەگەورەکانی باشوری رۆژئاوای ئاسیا دەگرنەوە. ئەم خێزانە چەند لقێکی هەیە، بەشە سامییەکان (عەرەبی و عیبری و چەند زمانێکی ئەسیوپیا و ئەریتێریا)ی تێدایە، هەروەها زمانی (ئەنهاری)یشی ، کەزمانی سەرەکی و زاڵی ناو ئەسیوپیایە.

لقی (چادی) بە شێوەیەکی سەرەکی لە باکوری نەیجیریا وناوچەکانی دراوسێی قسەی پێدەکرێ، زمانی (هاوسا)ی تێدایە، کە یەکێك لەو دوو زمانە بەفراوانەیە لە ئەفریقا وباشوری بیابانی گەورە قسەیان پێدەکرێت. ئەوانی تریشیان بە (سەواحیلی) قسە دەکەن. لقە خێزانەکانی تری ئەفرۆئاسیایی بریتین لە (بەربەر، کووشیت و تاکە لقە زمانی میسری، کە زمانە کۆنە میسرییە لەناوچووەکەیشی تێدایە. ) (بڕوانە زمانی میسری و قیبتی لە

پەراوێزدا ).

خێزانی (نایجەر-کۆنگۆ) زۆربەی بەشەکانی ئەفریقا و باشوری بیابانی گەورە دەگرێتەوە و زمانە زۆر بەرفراوانەکانی رۆژاوای ئەفریقیای وەکو (یۆروبا و فولفولدە)ی تێدایە. هەروەها زمانە (بانتوو)ەکانی رۆژهەڵات و باشوری ئەفریقاشی تێدایە، ئەم زمانانەش (سواحیلی و زولو)دەگرێتەوە.

زمانە نیلۆسەحارییەکان بە زۆری لە رۆژهەڵاتی ئەفریقا قسەیان پێدەکرێ، لە روبەرێکدا کە دەکەوێتە نێوانی ناوچەی زمانە ئەفرۆئاسیایی و نایجەر کۆنگۆییەکانەوە.

ناودارترین زمانی خێزانی نیلۆسەحاری بریتییە لە (ماسای)کە لەلایەن خەڵکە ماساییەکەی کینیا و تەنزانیاوە قسەی پێدەکرێ و زمانی (خۆیسان)کە لە گۆشەی باشوری رۆژاوای ئەفریقاوە قسەی پێدەکرێ و زمانی (ناما)یشی تێدایە، کە جاران پێیوتراوە (حۆتەنتۆت) .

## هـ. خێزانە زمانەکانی ئەمریکاکان

زۆربەی زمانەوانەکان زمانە رەسەنەکانی ناو ئەمریکاکان دابەش دەکەن بەسەر ژمارەیەکی زۆری خێزان و زمانی زۆڵەکدا (واتە دابڕاو) بەڵام تەنها یەك کەسی زمانەوان هەیە، کە پێشنیاری ئەوەی کردووە هەموو ئەو زمانانە لەناو سێ خێزانی باڵادا کۆبکرێنەوە و هەموو پسپۆڕەکانی تریش ئەم پێشنیارە رەتدەکەنەوە.





خێزانی زمانە باش دامەزراوەکان (ئینویت ئێلیووت)یان تێدایە (واتە ئەسکیمەلیوت). ئەم خێزانە لە پاینی رۆژهەڵاتی سیبریاوە بەرەو دورگەکانی ئێلیووت درێژدەبێتەوە، هەروەها بە ئەلاسکا و باکوری کەنەدادا بەرەو گرینلاند درێژدەبێتەوە، تا لە گرینلاند، زمانێکی تری (ئینویتی)ی جیاواز دەبێتە زمانی رەسمی، کە ئەویش زمانی (گرینلاندیك)ە.

زمانە (نا-دەنێ)کان، ئەو لقە سەرەکییەیە، کە زمانە (ئەتاپاسکان)ەکانی تێدایە و زۆربەی باکوری رۆژئاوای ئەمریکا دەگرێتەوە.

ئەم زمانی ئەتاپاسکانەش، کۆمەڵێك زمانی باشوری رۆژئاوای وڵاتە یەکگرتووەکانی تێدایە، یەکێکیان (ناڤاجۆ)یە.

زمانەکانی خێزانەکانی (ئەلگۆنکوی و ئایرۆکوویی) زۆربەی زمانە رەسەنە سەرەکییەکانی باکوری رۆژهەڵاتی ، ئەمریکای باکوریی تێدایە، و خێزانی (سییاو)یش یەکێکە لە خێزانە سەرەکییەکانی زمانەکانی ناوەڕاستی ئەمریکای باکور.

خێزانی (یوتا-ئازتەك)ی لە ولایەتەیەکگرتووەکانی باشوری رۆژئاواوە ، بەرەو ئەمریکای ناوەڕاست درێژدەبنەوە و زمانی (ناهواتل)یان تێدایە، لەگەڵ زمانی شارستانییانەی (ئازەتی) و وەچە نوێیەکانی (سەبارەت بە ئازەتی بڕوانە پەراوێز)*.

زمانە مایاییەکان لە باشوری مەکسیکۆ و گواتیمالا قسەیان پێدەکرێ. خێزانە سەرەکییەکانی زمانەکانی باشوری ئەمریکا، لە

باکورەوە (کاریب و ئاراواک)یان تێدایە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە (ماکرۆ-گێ)و (تووپی)ی تێدایە. لە پاڵ زمانی ڕەسمیی وڵاتەکەوە، کە ئیسپانییە، لە پاراغوای (گوارانی)یش وەکو زمانێکی نیشتمانی ناسراوە و ئەندامێکی گرنگی ناو خێزانی (تووپی)یە. لەناوچەی چیاکانی ئەندیز زمانی ڕەسەنی زاڵ بریتییە لە (کویچوا)و (ئەیمارا) و پەیوەندیی بۆماوەیی نێوانی ئەم دوو زمانە پێکەوە و لەگەڵ زمانەکانی تریشدا تا ئێستەش مایەی مشتومڕە و یەکلایی نەبۆتەوە.

## و. زمانە پیجین و کریۆلییەکان

پیجین و زمانە کریۆلییەکان ، گرفتێک سەبارەت بە پۆلینکردنی بۆماوەیی دەهێننەپێش، لە بەرئەوەی زاراوە و ڕێزمانی هەریەکەیان لە سەرچاوەگەلێکی جیاوازەوە دێن، لەبەرئەوە زۆری زمانەوانەکان هەوڵی ئەوە نادەن لە ڕووی بۆماوەییەوە پۆلینیان بکەن.

پیجین و کریۆلی لە زۆرلای ئەم جیهانەدا هەن و دۆزراونەتەوە، بەڵام کۆمەڵە گردبوونەوەیەکی تایبەتیان هەیە لە هەرێمەکانی (کاریبی و ڕۆژئاوای ئەفریقا و دورگەکانی زەریای هیندی و باشوری زەریای ئارام). نمونەی کریۆلییە بناغە ئینگلیزییەکان بریتین لە کریۆلیی جامایکی و کریۆلیی گوایانی، هەروەها کریۆلیی بناغە فەرەنسییش هەیە، وەکو کریۆلیی (هایتی) و لەناو زمانە کاریبییەکاندا هەڵدەکات.

کریۆلییە بناغە ئینگلیزییەکان بە زۆری لە ڕۆژئاوای ئەفریقا





بڵاون. ڕێژەی (١٠٪)ی دانیشتوانی سیرالیۆن، زمانێکی کریۆیی وەکو زمانی دایکی خۆیان قسەی پێدەکەن و ڕێژەی (٨٥٪)یشیان ئەو زمانە وەکو زمانی دووەمیان بەکاردەهێنن.

کریۆلییەکانی ناوچەی دورگەکانی زەریای هیندی، لە نمونەی (ماوریتی) بناغەکەیان فەرەنسییە، تەنها یەک پیجینی ئینگلیزییان هەیە، ئەویش (تۆک پیسین)ە، و لەلایەن زیاتر لە دووملیۆن خەڵکەوە لە پاپوانیوگینیا قسەی پێدەکرێ و بەرفراوانترین زمانی ناوەندیی ناو ئەو وڵاتەیە. دانیشتوانی (دورگەکانی سەلەمۆن)و (ڤاناتوو)یش بە شێوە زمانی هاوشێوەی (تۆک پیسین) قسە دەکەن، پێیاندەوترێت (پیجین)و (بیسلاما).

## ز. زمانە نێودەوڵەتییەکان

زمانە نێودەوڵەتییەکان ئەو دوو زمانەی تێدایە، کە ئێستە بوونەتە ئامرازی پەیوەندی و بە شێوەیەکی پیشەسازی دروستکراون، بۆئەوەی ئەو مەبەستە بپێکن. ناودارترین و فراوانترین زمانی نێودەوڵەتیی پیشەسازییانە بریتییە لە (ئیسپەرانتۆ)، ئەگەرچی فراوانترین زمانی نێودەوڵەتی، پیشەسازییانە نین، . لە ئەوروپای چاخە ناوینەکاندا زمانی لاتینی زمانی سەرەکیی دەوڵەتی بوو. بەڵام ئەمڕۆ ئینگلیزی لە زۆر وڵاتدا وەکو زمانی ڕەسمی، یان وەکو زمانێکی نێودەوڵەتیی پەیوەندیکردن، زیاتر لە هەر زمانێکی تر بەکاردێت. فەرەنسی دووەم فراوانترین زمانی بەکارهێنراوە، زۆر

بەکاردێت، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری وڵاتە ئەفریقییەکان فەرەنسی وەکو زمانی رەسمییان بەکاردەهێنن.

زمانی تریش هەن، کە بەکارهێنانی هەرێمایەتیی سنوردارتریان هەیە، وەکو (ئیسپانی) لە ئیسپانیا و وڵاتانی ئەمریکای لاتین و (عەرەبی)لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و (رووسی)لە کۆمارەکانی یەکێتیی شوورەویی جاران.





## ٧. زمانەکان چۆن دەگۆڕێن؟

هەمیشە زمانەکان لە بەردەم ئەگەری گۆڕاندان، ئەگەرچی قسەکەرانی هیچ زمانێکیش بە ئاگانین لەوەی ئەو گۆڕانانە ڕوودەدەن. بۆ نمونە ئینگلیزیی ئەمریکی پرۆسەی گۆڕانێکی وای تێدا بەڕێوەیە، کە جیاوازی لە نێوانی وتنی ووشەی (Cot) و (Caught)دا نەماوە، کە یەکەمیان بە مانای (جێگە، یان نوێن) دێت و دووەمیشیان بە مانای (گرتی)دێت. و لە پاش تێپەڕبوونی سەردەمانێکی تر ئەو گۆڕانانە دراماتیکییانەتر دەبن. لەوانەیە خوێنەرانی ئەم سەردەمە پێویستیان بە چەندان تێبینی و ڕوونکردنەوە هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی لە نوسینەکانی (ولیەم شەکسپیر)ی شانۆنووس تێبگەن، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزە و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا نوسیوونی. ئینگلیزییەکەی شاعیری سەدەی چواردە (جێفری چاوسەر) زۆر لە زمانە نوێیەکەی ئێستە جیاوازە و رەنگە لەمەشەوە خوێنەران پێیانباش بێت، کە تەرجەمە بکرێن بۆ سەر ئینگلیزیی نوێ. هەروەها فێربوونی خوێندنەوەی نوسینەکانی (ئەلفرێدی مەزن) پاشای ساکسۆنیی سەدەی نۆیەم ، پێویستی بەزانیاری و توانای خوێندنەوەی زمانی ئەڵمانی هەیە.

## أ . گۆڕانی دەنگەکان

دەکرێ گۆڕانە مێژووییەکان کاریگەری بخەنەسەر هەموو پێکهاتەکانی زمان. گۆڕانی دەنگەکان ئەو پانتاییانەی گۆڕانی زمانە، کە شانسی زۆرترین لێکۆڵینەوەی بەرکەوتووە. یەکێك لە گۆڕانە سەرەکییەکانی دەنگ لەناو مێژووی زمانی ئینگلیزیدا ئەوەیە پێیدەوترێت (گۆڕانی گەورەی بزوێن). ئەم گۆڕانە، کە لە سەدەکانی (پانزە و شانزەدا) روویداوە، کاریگەریی لەسەر شێوازی ووتنی هەموو دەنگەبزووێنە درێژەکان هەبووە (ئەو بزوێنانەی، کە دەنگەکانیان بە شێوەیەکی رێژەیی درێژە). لە ئینگلیزیی چاخەکانی ناوەڕاستدا، کە لەنێوان سالآنی (١١٠٠ بۆ ١٥٠٠) قسەی پێکراوە، ئەو دەنگە بزوێنەی لە ووشەی (House)دا هەیە، هەروەکو ئەو دەنگە بزوێنە دەخوێنرایەوە، کە ئێستە لە ووشەی (Boot)دا هەیە. بزوێنەکەی ناو ووشەی (Boot)یش وەکو ئێستای دەنگە بزوێنەکەی ناو ووشەی (Boat) دەخوێنرایەوە. ئەو گۆڕانەی کە بەسەر ووتنی دەنگە بزوێنەکانی (House)دا هات، بە هەمان شێوە بەسەر دەنگە بزوێنەکانی ناو (Mouse) (Louse) و (Mouth) یشدا هات. ئەم گۆڕانانە پرەنسیپێکی تەواوی گۆڕانی دەنگەکانمان پیشاندەدەن. رووشیان لەوەیە گونجاوبن. وەك ئەوەی لە دەنگەکاندا روویاندا، لە ووشەکانیشدا هەر ڕویانداوە.

پرەنسیپی سیستماتیکیی گۆڕانی دەنگەکان ، بە شێوەیەکی





تایبەت لەوکاتەدا بەلای زمانەوانەکانەوە گرنگ بووە، کە لە گەڕانیاندا بە دووای پەیوەندیی بۆماوەیی زمانە جیاوازەکاندا بە راوردی نێوانی ئەو زمانانەیان کردووە.

زمانەوانەکان بەراوردی ووشە رەگدارە مێژوویەکانی ناو زمانە جیاوازەکان دەکەن، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ هەمان ئەو ووشانە لەناو ئەو زمانانەدا هەیە، کە رەگی هاوبەشیان هەیە. بە خستنەگەڕی ئەمەش جیاوازیی نێوانی دەنگەکانی ووتنی ئەو وشانەی رەگی هاوبەشیان هەیە، وەك ئەنجامی ئەو دەنگ گۆڕانە دەردەکەوێت، کە لە زمانەکاندا ڕوویداوە.

زمانەوانەکان دەتوانن بە کۆمەکی ئەم بەرەنجامە ئەوە بسەلمێنن، کە چۆن زمانە جیاوازەکان لە هەمان زمانی رەسەنەوە هاتوون. بۆ نمونە کاتێك ووشەی (Pater)ی لاتینی ، لەگەڵ مانا وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکەیدا بەراورد بکەین، کە دەکاتە (Father)واتە باوك. لەوانەیە زمانەاونەکان بڵێن ئەو دوو زمانە لەڕووی بۆماوەییەوە پەیوەندییان هەیە، لەبەرئەوەی پەیوەندیی روون لە نێوانی ئەو دوو وشەیەدا هەیە. لەمەوە زمانەوانەکان دەتوانن گریمانی ئەوە دابنێن ، کە ووشەی(پ)ی ناو زمانە لاتینییەکە گۆڕاوە بۆ (ف) لە ئینگلیزیدا، و هەردوو ووشەکەش لە یەك رەچەڵەکەوە هاتوون. هەروەها دەتووانن بۆ بەهێزکردنی گریمانەکەیان بە دووای لەیەکچوونی تریشدا بگەڕێن. وەکو ووشەی لاتینیی (Piscis) و وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی (Fish)کە ماناکەی دەکاتە ماسی. یان ووشەی لاتینیی

(Pes)کە وەکو(پێ)ی کوردی وایە و وەرگێرانەکەی بە ئینگلیزی دەکاتە (Foot) واتە پێ. ئەو گۆڕانە تەواو و دروستەی، کە دەنگی (F) ی ناو زمانە ئەڵمانییەکانی گۆڕیووە بۆ (P) لە زۆربەی لقە زمانە هیندۆ ئەورووپییەکانی تردا، دەنگ گۆڕینێکی بەناوبانگی ناسراوە و پێیدەوترێت (یاسای گریم-Grimm:s Law) و بەناوی زانای زمانناسی ئەڵمانی (یاکۆب گریم) ەوە ناونراوە.

## ب. گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان

مۆرفۆلۆژیای زمانیش دەکرێ بگۆڕرێت. گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژیی (سەرفی)ی ئێستەی ناو زمانی ئینگلیزی وونبونی جیاوازییەکانی نێوانی (مەرفوع Nominative و بکەری رستە) لەگەڵ (باری مەنسووب-منصوب) ئێستە ئینگلیزەکان (Who) و (Whom) وەکو یەك لە رستەدا بەکاردەهێنن، کە یەکەمیان بۆ باری ئیعرابیی (مەرفوع) دەبێت و دووەمیشیان بۆ باری (مەنسووب)، ئەوەتا دەڵێن (Who did you see?) و دەشڵێن (Whom did you see?) کە ماناکەیان دەکاتە (تۆ کێت بینی؟) ئەگەرچی لە ئینگلیزیدا دەبێ بۆ پرسیار دەربارەی بکەری رستە (Who) بەکاربێت، وەك ئەوەی بپرسیت (Who saw you?). واتە کێ تۆی بینی؟

(ئۆڵد ئینگلیش) ئینگلیزیی کۆن، ئەو فۆرمە مێژووییەی ئینگلیزییە، کە لە دەوروبەری ساڵی (٧٠٠) تا (١١٠٠) قسەی پێکراوە، مۆرفۆلۆژیایەکی زۆر لەم ئینگلیزییەی ئێستە ئاڵۆزتری هەبووە.





وشەی (Stone) کە بە کوردی بەمانای بەرد دێت، لە ئینگلیزیدا سێ فۆرمی ئاسایی هەیە. (بکەری تاك. کۆی ناوەکە، لەگەڵ باری بکەری کۆی ناوەکە)و هەرسێکیشیان لە ڕووی تەلەفوزەوە هەر هەمان شتن، بەڵام ئەم سێ فۆرمەی ئەم وشەیە، کە بە نمونە وەرگیراوە، لە ئینگلیزییە کۆنەکەدا لە یەکتر جیاواز بوون، و یەك لەدوای یەك بەمشێوەیە دەنوسران (stan، stanes، stanas، stana) و لە پاڵ ئەمانەشەوە فۆرمی تریشی هەبوون، وەکو بەکارهێنانی لە باری جەزمی تاکدا دەنوسرا (Stane) و لەباری (جەزمی کۆ) یشدا دەنوسرا (Stanum). وەك نمونەی رستەی (لەژێر بەردەکاندا بنوسیت- Under stones).

## ج. گۆڕانە نەحوییەکان (سینتاکسییەکان)

دەکرێ گۆڕانەکان کاریگەری بخەنە سەر (سینتاکسیش). لە زمانی ئینگلیزیی نوێدا شێوازی بنەڕەتیی رستە بەم شێوەیە (بکەر-کردار-تەواوکەر. ) وەك ئەوەی لەم رستەیەدا دەردەکەوێت ( I know John) واتە (من دەناسم جۆن) و تاکە گریمانی تری پەسەندی ئەم شێوازە بریتییە لە (تەواوکەر-بکەر- کردار) واتە ئەو کاتە رستەکە ئاوای لێدێت(John I know)، کە بە کوردی بیخوێنیتەوە ئاوای لێدێت(جۆن من دەیناسم).

بەڵام لە بەراورد بەمەدا ئینگلیزییە کۆنەکە رێگەی بە هەموو شێوازەکانی ریزبەندکردنی ئەو شێوازە دەدا. وەکو (بکەر-تەواوکەر-

کردار) وەکو لە رستەی(Gif hie aenigne feld secan wolden) کە ماناکەی دەکاتە(ئەگەر ئەوان حەز بکەن بۆ هەر کێڵگەیەك بگەڕێن) لە دەستدانی ئەو ئازادیی ڕێکخستنی شێوازی ڕستەیە ، یەکێکی ئەو جیاوازییە سینتاکسییەیە، کە ئەم ئینگلیزییە نوێیە، لە ئینگلیزیی کۆن جیادەکاتەوە.

## د. گۆڕانە سیمانتیکی و زاراوەییەکان

دەکرێ مانای ووشەکانیش بگۆڕێن. لە ئینگلیزیی چاخی ناویندا ووشەی (Nice) ی ئێستە، کە بە مانای چاکی و جوانی دێت، مانای(Foolish)ی دەدا، واتە (گومڕە)، و هەندێجاریش بە مانای (Shy) دەهات، واتە (شەرمن) و هەرگیز ئەو مانایەی ئێستەیی نەدەدا. گۆڕانی مانای ووشەکان بە (گۆڕانی سیمانتێکی) ناسراوە، و دەکرێ وەك بەشێك لە گۆڕانێکی گەورەتری فەرهەنگییش بناسرێ. یان گۆڕان لە وشەسازیی زمانەکەدا ڕوودبدات. ووشەکان هەرئەوەنیە، کە ماناکانیان بگۆڕێت، بەڵکو دەکرێ خۆشیان لە زمانەکەدا نەمێننەوە. بۆ نمونە خوێنەرانی ئەم سەردەمە بۆ تێگەیشتن لە ووشەی (hent - گرتن، یان دەیگرێت)ی شەکسپیر پێویستیان بە بەکارهێنانی فەرهەنگ دەبێت. لەبەرئەوەی ئەو ووشەیە ئێستە بەکارنایەت، ئێستە ووشەی تازە داهێنراون، وەکو تەشەر.





## هـ. گۆڕانی پێداویستییەکانی خواستن، یان خوازە

لە کاتێکدا، کە زۆر گۆڕانی ناو زمانەکان بەبێ دەستتێوەردانی دەرەکی ڕوودەدەن، دەکرێ زۆری ئەو گۆڕانانە لە ئەنجامی پەیوەندیگرتن بە زمانەکانی ترەوە بێنەئاراوە. زمانەوانەکان زاراوەی (خوازە) بۆ باسکردن لەو دیاردەیە بەکاردەهێنن، کە زمانێك شتێك لە زمانێکی ترەوە وەربگرێت. بۆ نمونە ئینگلیزی برێکی زۆری زاراوەکانی خۆیی لە زمانەکانی فەرەنسی و لاتینییەوە وەرگرتووە. کەچی زۆرێك لەو زاراوانەش بە شێوەیەك لە شێوەکان زانستیانەن، وەك ئەوەی لە ووشەی (Human – هیومەن - مرۆڤ) دا دەبینین، کە لەووشەی لاتینیی(هیومانوس)ەوە وەرگیراوە. ئەو ووشانەی کە زۆر بەکاردەهێنرێن، کەمتر ئەگەری ئەوەیان هەیە وون ببن، یان ووشەی تر جێگەیان بگرێتەوە. ئەگەرچی هەندێکی ئەو ووشانەی خوازراونەتەوە ناو ئینگلیزییەوە زۆر باون و بەکاریشدێن، وەکو (very) کە وشەیەکی فەرەنسییە و جێگەی ووشەیەکی رەسەنی ئینگلیزیی گرتۆتەوە، کە ئەویش ووشەی (Sore)ە. خواستنی ئەم جۆرە ووشە باوانە ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە زۆرەی نێوانی ئینگلیزی و فەرەنسییە، کە لە سەردەمی داگیرکردنی ئینگلتەرە لەلایەن (نۆرمەنەکان)ەوە لە ساڵی(١٠٦٦)ی زاینیدا لەنێوان ئەو دوو زمانەدا دروست بووە.

دەکرێ کاریگەرییەکانی خوازە، هەر تەنها لە سەر ووشەسازی

نەبن، بەڵكو لە ڕووی مەبدەئییشەوە لەسەر هەموو بەشەكانی ڕێزمان دروست ببن. ئەو پاشگری (ـەر)ەی لە ئینگلیزیدا دەچێتە سەر كردار و فۆڕمی ناوەكان، وەك ئەوەی كە دەبینین ئەو پاشگرە كرداری (bake) دەكات بە (Baker) و دەیگۆڕێت بە ناو (نانەوا) لەپاشگری لاتینیی(arius)ەوە وەرگیراوە، بەڵام دەبینین چووەتە سەر ووشە ڕەسەنەكانیش، هەروەها دەچێتەسەر ووشە لاتینییەكانیش.

نەحو(سیمانتێك)یش دەكرێ بخوازرێ، بۆ نموونە زمانی (ئەمهەری) زمانێكی سامییانەی ئەسیوپیایە. وازی لە شێوازە باوەكەی ڕستە ڕێكخستنی زمانی سامی (كردار-بكەر-تەواوكەر)هێناوە، و شێوازێكی تر بەكاردەهێنێت، كە سامییانە نییە و لە دراوسێیەكی ناسامییانەی خۆیی خواستووە. ئەگەرچی لەڕووی پرەنسیپەوە دەكرێ هەر پێكهاتەیەكی زمان خواستن لە زمانی ترەوە بكات، هەندێ شتی ناو زمانەكان هەن زیاتر لە هەموو شتەكانی تر خواستنیان تێداڕوودەدات، وەكو زاراوە ڕۆشنبیرییەكان، بەڵام مۆرفۆلۆژی كەمتر خواستنی تێدا ڕوودەدات.

## و. بونیادنانەوەی زمانەكان

بونیادنانەوەی زمانەوانییانە بریتییە لە چاككردنەوەی زمان لە قۆناغەكانی پێش دەركەوتنی نوسینەوە.

بە بەكارهێنانی ژمارەیەكی ئەو زمانانەی، كە پەیوەندیی بۆماوەییان پێكەوە هەیە، زمانەوانەكان هەوڵدەدەن چەند كایەیەكی





زمانەكان چاك بكەنەوە، هیچ نەبێت ڕیشە هاوبەشەكەی نێوانی ئەو زمانانە، كە پێی دەوترێت (Protolanguage) واتە زمانی بەرایی.

زمانەوانەكان ئەوەیان تیۆریزە كردووە، كە ئەو تایبەتمەندێتییانەی زمانە بەراییەكان هەر هەمان تایبەتمەندین، خۆ ئەگەر جیاوازیش بن، دەتوانرێ ببرێنەوەسەر یەك ڕیشە.

زانستە زمانەوانییەكانی سەدەی نۆزدە پێشكەوتنێكی باشیان بەدەستهێنا لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی زمانە (هیندۆئەورووپییە بەراییەكەدا). بەڵام هێشتا وردەكارییەكانی ئەم بونیادنانەوەیە هێشتا هەر مشتومڕیان لەسەر ماوە. بەڵام بە شێوەیەكی گشتی زمانەوانەكان تێگەیشتنێكی باشیان لەسەر دەنگناسیی و فۆنۆلۆژی و ووشەسازیی بەرایی زمانی هیندۆئەورووپی بەدەستهێنا. بەڵام بە هۆی ئاستی جیاوازیی نێوانی وەچە زمانە هیندۆئەورووپییە بەراییەكانەوە زماناسەكان ئەوەیان بۆ ئاشكرابوو، كە بونیادنانەوەی سینتاكسییانە زۆر پڕ كێشەیە.

## ٨. زمانی نازارەکی

زمان لەسەرەتاوە زارەکییە (شەفەوی) ییە، بەلام دەکرێ بە شێوازی میدیایی تریش دەربڕدرێت، وەکو نوسین. لەسایەی هەلومەرجی تریشدا دەکرێ زمان بهێنرێتە ئاخاوتن، وەکو (زمانی ئاماژە)ی نێوانی کەڕو لاڵەکان. دەکرێ بە هەستێکی واوە بڕوانینە نوسین، کە ئەوە تۆمارکردنێکی سروشتییە و دەکرێ زیاتر لە زمانی ئاخاوتن بمێنێتەوە. ئەگەرچییش بەهۆی بوونی جیاوازییەك لەنێوانیاندا لەوانەیە زمانی نوسین و ئاخاوتن لە یەکتریش دوور بکەونەوە. لەزمانی ئاخاوتندا ناتوانرێ ستراکچەری پەیامی نێردراو زۆر ئاڵۆز بکرێتەوە، لەبەر ئەو هۆیەی، کە لەوانەیە کەسی بیسەر باش لێی تێنەگات. ئەگەرچی، کە پەیوەندیکردنی ڕووبەڕوو وایە، کە کەسی قسەکەر هەلی ئەوەی لەبەردەستدایە، کە پلار و وەڵام لە بیسەر وەربگرێتەوە، و ئەوەی لێی تێنەگەیشتووە بۆی ڕوون بکاتەوە.

دەکرێ هەرچی ستراکچەری رستەیە، لەشێوازی پەیوەندیکردنی نوسیندا ئاڵۆزتر بێت لە هیی قسەکردن، لەبەرئەوەی خوێنەران دەتوانن بۆ روونتر تێگەیشتن لەو ئاڵۆزییانەی دێنەڕێگەیان بگەڕێنەوە سەر بەشێکی پێشووتری دەقەکە و ئەوەیان بۆ روون ببێتەوە، داخۆ ئەوە چییە لێی تێنەگەیشتوون.

بەڵام لە پاڵ ئەوەشەوە، کەسی نوسەر ئەو هەلەی لەبەردەستدانییە لە پاڵ خوێنەرەوە راوەستێت و جارێکی تر کار لە





دەقە نوسراوەکەیدا بکاتەوە، کەواتە دەبێ دەقەکان بە زمانی ڕوونتر بنوسرێن.

نمونەیەکی ئەم جیاوازییەی نێوانی زمانی قسەکردن و نوسین لەناو ئەو زمانانەدا دەردەکەوێت، کە لەم تازە دەستیان داوەتە نوسین. لە زمانە نوێیەکانی نوسیندا خێرا و زوو ووشەکانی وەکو (لە بەرئەوەی، هەرچەندە)بۆ پێکەوە گرێدانی رستەکان بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوانیان ڕوون بکەنەوە. بەڵام دەبینی ئەو ووشانە لە کاتی قسەکردندا کەمتر بەکاردەهێنرێن و لەناو تێزی قسەکاندا بە (زمنی)هەستیان پێدەکرێت. زمانی ئاماژە(ئیشارەت) کە لە نمونەی زمانەکانی ئاخاوتن جیاوازە، زمانێکی رەسەنی زۆربەی ئەندامانی کۆڵۆنییە کەڕەکانە. زمانەوانەکان تازە لەم دوواییانەدا دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوەی ئەو ئاڵۆزی و شێوازی دەربڕینانەی، کە لە زمانی ئاماژەدا دۆزیویانەتەوە. زمانی ئاماژەیش هەر وەکو زمانی ئاخاوتنی زارەکی، بە گشتی، بە شێوەیەکی هەڕەمەکییانە ئاماژەکان بەکاردەهێنێ. بە گشتییش لە ڕێکەوتنی نێوانی خەڵکە کەڕەکان خۆیان تێپەڕێت، هیچ ڕێکەوتنێکی دیاریکراو لەسەر ئەوەنییە، کە ئاماژەیەك مانایەکی دیاریکراوی هەبێت. لە زمانی ئاماژەیشدا زەخرەفەکارییەك هەیە، کە لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێك ئاماژەی بچوك بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی مانایەکی تەواوی ئاماژەکە، هەروەکو ئەوەی لە ئینگلیزی و هەر زمانێکی تردا کۆمەڵێك پیت بەکاردەهێنرێن بۆ دروستکردنی ووشەیەك کە مانا بدات. لە پاڵ

ئەمەشەوە ئەم زمانە سینتاکسێکی ئاڵۆز بەکاردەهێنێت و دەتوانێت گفتوگۆو قسەی خۆی لە هەموو ئەو کایایانەدا بکات، کە زمانی ئاخاوتنی زارەکی دەتوانێت قسەیان تێدابکات.

مەبەست لە (زمانی جەستە) گەیاندنی پەیامە لە ڕێگەی جوڵاندنی جەستەوە، بۆ دروستکردنی چەند ئاماژەیەکی جەستەیی، کە جیاوازبن لەو ئاماژانەی تر، کە لە زمانی ئیشارەتدا بەکاردەهێنرێن. هەندێ بزوتن هەن، دەکرێ مانای زۆر تایبەتمان بدەنێ، وەك ئەو بزوتنانەی تێماندەگەیەنن، کە بۆ (خواحافیزی)ین، یان ئەوانەی، کە کەسێکی بەرامبەر تێدەگەیەنن نزیکتر ببێتەوە. هەندێ بزوتنی تر هەن گشتی ترن و قسەشیان لەگەڵدایە، وەك ئەوانەی کە بۆ دیاریکردنی خاڵێکی مەبەست بەکاردەهێنرێن. لەیەکچوونی کەلتوری و هەروەها جیاوازیی تێگەیشتنیش بۆ بزوتنەکانی زمانی جەستە هەیە، و دەکرێ جوڵەیەکی جەستە بە تێگەیشتنی جیاوازەوە پێشوازیی لێبکرێت. بۆنمونە سەر راوەشاندان بۆ پیشاندانی (بەڵێ) و (نەخێر) لەلای خەڵکی بەڵکان جیاوازە لەو تێگەیشتنەی لە لای خەڵکی بەشەکانی تری ئەوروپا بۆ ئەو بزوتنانە هەیە و پێچەوانەی یەکترن. هەروەها ئەو بۆشاییە فیزیاییەی کە دەبێ لەنێوانی دوو کەسدا هەبێ لەو کاتەدا کە پێکەوە قسە دەکەن، لە کەلەپورێکەوە بۆ کەلەپورێکی تر دەگۆڕێت. لە وانەیە ئەو دووریەی کە لەنێوانی دوو کەسی قسەکەردا لە لای کەلتورێك پەسەندە، بەلای کەلتورێکی ترەوە زۆر نزیك بێت.





لە چەند هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەکرێ کەناڵی میدیایی تر بۆ گەیاندنی نامە زمانەوانییەکان بەکاربهێنرێن، بە تایبەتییش لەو کاتانەدا، کە کەناڵە میدیاییە سروشتیەکان لە بەردەستدا نابن. بۆ نمونە (کۆدی مۆرس★★★) نامەی نوسراو دەکات بە کۆد و نامەنامە یان دەکات و لەڕێگەی ناوەندێکی تایبەت بەم کارەوە دەیاننێرێت، ئەم ناوەندە (ئامێرە) دەتوانێت تەنها دوو بەها بخوێنێتەوە (کورت و درێژ) کە بریتین لە خاڵ و داش. هەروەها بۆ ئەو ماوانەی کە دەنگی مرۆڤ ناتوانێت پێیان بگات، دەتوانرێت تەپڵ و دەهۆڵ بۆ گەیاندنی پەیام بەکاربهێنرێت، بۆیە لە پاش ئەو مەودایەوە کە دەنگی مرۆڤ دەتوانێت کاری تێدابکات، دەکرێ (قسەی تەپڵ) بەکاربێت.

لە هەندێ بارودۆخدا دەکرێ ئەم شێوازی زمانانە بۆ پاراستنی نهێنیی قسەکان لە کەسانی تر بەکاربێن، هەر لەم بوارەدا دەکرێ فیکەکردنیش بەکاربێت. چونکە فیکەکردنیش شێوازێکی پەیوەندیکردنە بۆ گەیاندنی قسەیەکی سازدراو، لەناو دوورییەکی دیاریکراودا.

# پەراوێزەکان

★ناوی زمانی (قیبتی)لە وشەی (ئەیگیبتووس) ی گریکییەوە هاتووە، کە ناوی یۆنانیانەی زمانی (میسری) بووە، بە عەرەبی پێیدەوترێت (قبتی) دوواقۆناغەکانی زمانی میسرییە، زاراوەکانی خۆیی لە گریکی و زمانە سامییەکانی ترەوە وەرگرتووە، یەکێکە لە لقی میسریی زمانە ئەفرۆئاسیاییەکان. ئەم زمانە بۆ یەکەم جار هەر لەناو خەڵکی میسردا پەیدابووە(ئەو خەڵکەی، کە لەنێوانی ساڵانی ٧٠٠★ی پێش زایین و ٤٠٠★ی پاش زایندا ژیاون) بەڵام زمانەکە لەو تەمەنەش زیاتری خایاندووە. لەسەدەی سێیەمی زاینەوە ئەدەبیاتی فەڵەیی لە ناو زمانی قیبتیدا دەرکەوتووە. نوسراوە کۆنەکانی زمانی قیبتی بەدەر لە نوسینە فەڵەییە کۆنەکان بەشێکی (کۆماری ئەفلاتۆن) و چەند تێکستێکی پزیشکی و نوشتی تەڵەزمبازیشی پێ نوسراوەتەوە. لەو سەردەمەدا گریکی زمانی بازنە و فەرمانگە رۆشنبیرییەکانی میسر بووە، لەمەوەیە کە نوسین بە ئەلف وبێی گریکی لە زمانی قیبتیدا لەبەرچاوگیراوە، و حەوت پیتیشیان هەیە، کە لە زمانی میلییی میسرییەوە وەرگیراوە.

★ ئیمپراتۆریای ئازەتی: ولایەتێکی رەسەنی ئەمریکی بووە. لە دەوروبەری ساڵی (١٤٢٨) ەوە فەرمانڕەوایی ئەو ولایەتەی کردووە، کە بە مەکسیکۆ ناسراوە تا ساڵی (١٥٢١) کە وڵاتەکە لە لایەن ئیسپانییەکانەوە داگیرکراوە. ئەو ئیمپراتۆریەتە بالاترین نمونەی





گەشەی شارستانیەتی ئازەتی بووە، و نزیکەی سەدەیەکی خایاندووە. لە لوتکەی تواناو هێزی دەستەڵاتی خۆیدا توانیویەتی قەڵەمڕەوی خۆی لە دۆڵی مەکسیکییەوە بەرەو رۆژهەڵات و تا کەنداوی مەکسیك و بەرەو باشووریش تا گواتیمالا درێژبکاتەوە.

★Sign Language ،communication system using gestures that are interpreted visually. Many people in deaf communities around the world use sign languages as their primary means of communication. These communities include both deaf and hearing people who converse in sign language. But for many deaf people ،sign language serves as their primary ،or native ،language ،creating a strong sense of social and cultural identity.

***International Morse Code ،system of signals employed in radiotelegraphy in the land-telegraph systems of all countries except the United States and Canada ،and by all countries in flash lamp communications in marine navigation (see Telegraph). The system is an adaptation of Morse code ،the original telegraphic alphabet that American inventor Samuel F. B. Morse devised with help from other contemporary scientists. The United States and Canada did not adopt the International Morse Code for sending telegraphy messages when other countries did in the 1850s; instead ،the United States and Canada continued to use the original Morse code. International Morse Code consists of combinations of dots and dashes representing the letters of the alphabet and numerals ،as shown in the accompanying table. The duration of one dash equals that of three dots. Today ،International Morse Code is no longer used commercially or by the military ،because radiotelegraphy has been replaced by digital communications via satellite.

# زۆر زمان لە جیهاندا هەبوون، نەمانەوە

ئەوە (کۆپیپی، کۆپیپی)ییە.

پیاوێکی خەڵکی گوندێکی (ڕۆتۆك)ەکانە، لەناو جەنگەڵێکی سەر دورگەی (بەوگەینڤەیل)ی ناو زەریای ئارام، ئاماژەی بە دەنگی مەلێك دا، کە خۆشترین دەنگی مەل بوو، من تا ئەو کاتە بیستبووم، سۆز و ئاوازێکی زیوینی ڕوون و خۆشی لێدەهات، هەموو بڕگەکانیشی دوو، یان سێ تۆنی جیاوازبوون، بەرز دەبوونەوە و هەریەکەیان لەوی تریان جیاوازبوو، کاریگەرییەکی هەبوو، دەتووت گۆرانییەکی سادەی شۆبێرتەو گۆڕینێکی هەڵخەڵەتێنەری تێداکراوە. نە من توانیم بێژەری ئەو ئاوازە خۆشە بینم و نە ئەو باڵندەناسانەی تریش سەردانی (بەوگەینڤەیل)یان کردبوو، و سەرسامانە گوێیان بۆ ڕادێرابوو. هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە دەربارەی مەلی کۆپیپی دەیزانین، ئەو ناو و باسانەیە کە لەناو زمانی ڕۆتۆکەکاندا هەیەتی و لادێیەکانی ئەوێ پێی دەیناسنەوە.

وەك ئەوەی کە لەگەڵ ڕێبەرەکەمدا لەسەری دووایـن، کە مۆسیقا ناوازەکەی چیاکانی (بەوگەینڤەیل) نەك هەر تەنها گۆرانییەکانی کۆپیپی، بەڵکو دەنگەکانی زمانی ڕۆتۆکاسەکانیشی تێدایە.

ڕێبەرەکەم یەکەیەکەی باڵندەکانی ئاوا ناوهێنا(کۆپیپی، کوروپی، ڤەکوپی، کۆپیکاو، کۆرۆرۆ، کیراڤۆ، کورووە، ڤیکورۆی) دەنگە نەبزوێنەکانی ناو هەموو ئەو ناوانە بریتین لە (ك، پ ، ر، ڤ)من





پاشتر ئەوە فێربووم کە زمانی ڕۆتۆکاسەکان تەنها شەش دەنگی نەبزوێنی تێدایە. هێندەش کە من ئاگادارم، ئەوە کەمترین ژمارەی نەبزوێنەکانی ناو هەموو زمانەکانی جیهانە. بۆ نمونە و بەراورد زمانی ئینگلیزی (٢٤) نەبزوێنی تێدایە، لە هەمانکاتدا زمانی تر هەن (٨٠) یان زیاتریان تێدایە. بە هەرحاڵ خەڵکی ڕۆتۆکاس لەسەر یەکێك لە بەرزترین چیاکانی ناو دارستانێکی باراناویی ئیستیوایی لە باشوری ڕۆژئاوای زەریای (پاسفیك-ئارام) دەژین. توانیویانە کۆمەڵە زاراوەیەکی دەوڵەمەند بۆخۆیان دروست بکەن و بەڕوونییش گفتوگۆشی پێبکەن، ئەگەرچی ئەوان پشت بە کۆمەڵە دەنگێکی نەبزوێن دەبەستن، کە لەئاستی زمانی هەر خەڵکێکی تردا کەمترین ژمارەی نەبزوێنە.

بەڵام مۆسیقای زمانەکەیان ئێستە خەریکە لەناو چیاکانی بەوگەینڤەیل(بەوگەینڤەیل-لە مانایەکیدا واتە گوڵە دۆزەخی — و ) و تەواوی جیهانیشدا نەمێنێ. زمانی ڕۆتۆکاسەکان یەکێکە لەو هەژدە زمانەی، کە لەناو دورگەیەکدا قسەیان پێدەکرێ، بەگشتی ئەو دورگەیە قەبارەکەی هێندەی سێ بەش لە چوار بەشی (کەنێکتیکەت)دەبێت. لەدووایین ئاماردا ئەو زمانە تەنها لەلایەن خەڵکێکی(٤٣٢٠)کەسییەوە قسەی پێکراوە. ژمارەکەش ڕوو لە دابەزین و لەناوچوونە. مێژووی سی هەزار ساڵەی پەیوەندیکردنی مرۆڤایەتی و ئاڵوگۆڕی کەلتوریی لەو زمانەدا کۆتایی پێدێت.

ئەو ونبوونە ئاماژە بە بوونی تراژیدیایەك دەکات، کە لە

سەرومانەوە هەیە و کەم تێبینیمان کردووە: ئەویش گریمانی لەدەستدانی ڕێژەی لەدەستدانی لەسەدا نەوەدی کەلەپوری داهێنراومانەو، پەیوەندیی بە لە دەستدانی ڕێژەی (٩٠٪) ی زمانەکانمانەوە هەیە. بەداخەوە لەو کاتەدا، کە شارستانیی کۆکا کۆلاکەمان بەسەر هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە، گفتوگۆیەکی خەمهێن لەسەر ئەوەش دەبیستین، کە زۆر کەلتوری ڕەسەنمان بە خێرایی لەناو چوون. و تێبینییەکی زۆر کەمیش دراوەتە وونبونی خودی زمانەکان و ڕۆڵی پێویستی ئەوان لە مانەوەی ئەو کەلتورە ڕەسەنانەدا. هەر زمانێك گالیسکەیەکە لەسەر ڕێگای بیرکردنەوەیەکی دانسقە، وێژەیەکی دانسقە و ڕوانینێکی دانسقە بۆ جیهان. ئەوە تەنها زمانەوانەکانن کە ئێستە بە جدی دەستیان داوەتە خەملاندنی ڕێژەی زمانە فەوتاوەکانی جیهان و گفتوگۆکردنی ئەوەی کە دەبێ ئایا لەوبارەیەوە چی بکەین. ئەگەر ئەم ڕێژەیەی ئێستەی فەوتانی زمانەکان بەردەوام بێت، ئەوا ئەم شەش هەزار زمانەی ئێستەمان لەوانەیە لەماوەی سەدەیەك یان دوو سەدەدا کەم ببنەوە بۆ تەنها چەند سەد زمانێکی کەم. لەبەرئەوە زمانەوانەکانی ئێستە لەگەڵ پێشبڕکێیەکدا ڕووبەڕووبونەتەوە، هەر دەڵێی ئەو پێشبڕکێیەیە، کە بایۆلۆژیستەکان لەوەدا ڕووبەڕووی بونەتەوە، کە ئێستە هەستدەکەن زۆری ڕوەکەکانی جیهان و چەشنە زیندەوەرەکان لەبەر مەترسیی لەناوچووندان.

بۆ دەستکردن بە تێگەیشتنی ئەم گرفتە دەبێ ئێمە چاوێك





بەوەدا بخشێنین، کە چۆن زمانەکانی جیهان، دابەش بوون:ئەگەر هەموو دانیشتوانی جیهان، کە نزیکە(٥. ٥)بلیۆن کەسن، بە یەکسانی بەسەر هەر شەش هەزار زمانەکەیاندا دابەش بکەین، ئەوا هەر زمانە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکییانە (٩٠٠٠٠٠) کەسێکی بەردەکەوێت قسەی پێبکەن، ئەم ژمارەیەیەش بۆ زمانێك بەسە بۆ ئەوەی شانسێکی مانەوەی پێبدات. بێگومان زۆرینەی زۆری خەڵکیش بە یەکێکی زمانە گەورە کەمەکانی وەکو چینیی مەندارینی، ئینگلیزی یان ئیسپانی قسە دەکەن، و هەریەکەی ئەم زمانانە چەندسەد ملیۆن کەسێکیان هەیە، کە وەکو زمانی دایکیان (واتە زمانی خۆیان) قسەی پێدەکەن. تێکڕای زۆری زمانەکان، بچوکەکانن، و نزیکەی پێنج هەزار کەسێکیان هەیە، کە وەك زمانی دایك قسەی پێدەکەن.

هەروەها شەش هەزار زمانەکەشمان بە شێوەیەکی نایەکسان بەسەر گۆی زەویدا دابەشبوون. بۆ نمونە ئەوروپای ڕۆژئاوا بەشێکی کەمی خراپی ئەو زمانانەی پێبەخشراوە، نزیکەی (٤٥) زمانی ڕەسەنی هەیە. لە ساڵی (١٧٨٨) دا، کە نیشتەجێبوونی ئەوروپییەکان لە ئوستڕالیا دەستی پێکرد، ئوستڕالیا بەڕێژەیەکی زۆر دەوڵەمەندبوو، ئەوکاتە (٢٥٠) زمانی هەبوو، ئەگەرچی خەڵکەکەشی لەوانەی ئەوروپای ڕۆژئاوا کەمتربوون.

ئەمریکاکانیش لەکاتی گەیشتنی کۆلۆمبوسدا دەوڵەمەندتربوون، زیاتر لە هەزار زمانیان هەبوو. بەڵام دەوڵەمەندترین هەرێمی سەر گۆی زەویی ئەوسا و ئێستەش بریتییە لە (نیوگینیا و دوورگەکانی

تری زەریای ئارام - پاسفیك) ئەوێ تەنها لەگەڵ هەشت ملیۆن کەس'یان کەمتری دانیشتواندا، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٪) ی دانیشتوانی جیهان، نزیکەی (١٤٠٠) زمانیان هەیە، کە دەکاتە نزیکەی (٢٥٪) ی زمانەکانی جیهان. خودی گینیای نوێ نزیکەی هەزار دانە لەو زمانانەی تێدایە، هەروەها دوورگەکانی تری دراوسێیشی شانسیان باشە، بۆ نمونە (ڤانواتوو) نزیکەی سەد و پێنج زمان و فلیپینیش (١٦٠) زمانی تێدایە. زۆری زمانەکانی گینیای نوێ زۆر دانسقەن و هیچ پەیوەندییەکانی دیاریان بە هیچ زمانێکی تری جیهان، تەنانەت ناو گینیاشەوە نییە، وەك ئەوەی خۆم گەشتم بەناو گینیادا کرد، هەر تەنها دە بۆ بیست میل بەناو خێڵەکاندا بڕۆیت، دەبینی جیاوازیی نێوانی زمانەکانیان هێندەیە، دەڵێی جیاوازیی نێوانی زمانی ئینگلیزی و چینییە. زۆربەی ئەو زمانانە هێندە بچووکن، کە کەمتر لە (١٠٠٠) کەسیان هەیە، قسەی پێدەکەن.

دەبێ ئەم جیاوازییە جوگرافییە فرەچەشنانەی ناو زمانەوانی، چۆن لەناو ئەو جیاوازییە کەمانەی ناو تۆپۆگرافیا و دابەشبونی دانیشتوانی مرۆییدا دەرکەوتبن؟ بەڵام دیارە هۆکاری تریش هەیە: فرەڕەنگیی زمانە ڕەسەنەکان لە زۆر ناوچەدا لەم چەند هەزار ساڵەی رابوردودا، بەهۆی فراوانبوونەوەی دەوڵەتە سیاسیەکان، و لە دەهەزار ساڵی رابوردووشدا بە هۆی بڵاوبوونەوەی جوتیارەکانەوە بڵاوبۆتەوە. ناوازەیی گینیای نوێ و ڤانواتوو، فلیپینەکان و ئوسترالیا لەوەدایە، کە ئەمانە هەرگیز ئەوەیان نەبووە، کە لە لایەن ئیمپراتۆرێکی





خۆجێییەوە یەك نەخراون. لە وانەیە بەلای ئێمەوە ئیمپراتۆریەتەکانی بەریتانیا و ئیسپانیا ئاشنا ترین نمونەی ئەو دەوڵەتە مەرکەزییانەبن، کە زمانەکانی خۆیانیان بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانەدا سەپاندوە، کە داگیریان کردوون. ئەگەرچی پێش مێژوویش ئیمپراتۆریەتەکانی (ئینکا و ئازتەك) بە هەمان شێوە، لە (١٥٠٠) ساڵی پێش مێژوو، و پێش دەرکەوتنی دەوڵەتی سیاسییش هەردوو زمانی (کوێچوا و ناهواتڵ) یان بەسەر بەردەستەکانی خۆیاندا سەپاندووە و ئەم فراوانخوازییەش بێگومان زمانی هەزاران کشتیار و راوچیی فەوتاندووە. بۆ نمونە بڵاوبوونەوەی کشتیارە هندۆئەوروپییەکان، و ئەو خەڵکە رەشۆکییانەش، کە لە چوار هەزارساڵی پێش مێژوودا دەرکەوتن، جگە لە زمانی باسفیك هەموو زمانەکۆنەکانی ئەوروپای رۆژئاوایان لەناو برد.

من پێموایە، کە لە پێش بڵاوبوونەوەی جوتیارەکان، و لە نزیکەی (٦٠٠٠) ساڵی پێش مێژوو، دەیان هەزار زمان لە جیهاندا هەبوون. ئەمە ئەگەر وابێت، کەواتە ئێمە زۆربەی فرەچەشنییەکەی زمانەکانی جیهانمان لەدەستداوە. لە ناو ئەو زمانە ونبووانەشدا، بەشێکی کەمیان وەکو (ئێتروسکان، هێتیت و سۆمەری) ماوەیەکی هێندە درێژ ماونەتەوە، کە بنوسرێن و بۆ ئێمەش بمێننەوە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆر زمانی زیاتر هەبوون و بە بێ شوێنەوار بەجێهێشتن لەناوچوون. کێ دەزانێت گوتاری (هان و پیکت)ەکان چۆن بووە، یان دەنگەکانی خەڵکە بێناو و نەژمێردراوەکانی تر چۆن

بووە؟ وەك ئەوەی کە زمانەوانەکان ڕوپێویی زمانە زیندووەکانمانیان کردووە، ڕوون بۆتەوە، کە پێشبینییەکانی ئایندە ڕوو لەوەن سەبارەت بە ئایندەی زمانەکان خەمهێن بن. فەرمووو ئەمانە چەند حساب بۆکردنێکن ، کە لە لایەن (میشێل کرۆس) ی زمانەوانەوە ئەنجامدراون، کە زمانناسێکی زانکۆی ئەلاسکایە لە فێربانکس.

لەوە دەچێت ئەو زمانانەی کە باشترین شانسی ئایندەی مسۆگەریان هەبێت، زمانی ڕەسمیی نەتەوەیی ئەو ولاتانەبن، کە سەروەریی نیشتمانییان هەیە، و ئێستەش ژمارەیان (١٧٠) یان نزیکی ئەو ژمارەیە.

بەهەرحاڵ زۆربەی دەوڵەتانیش زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی، عەرەبی، یان پورترگالییان وەکو زمانی ڕەسمی لەبەرچاوگرتووە، و نزیکەی حەفتا ولاتی تر دەمێننەوە، کە زمانی تری جگە لەوانەیان لەبەرچاو گرتووە. بەڵام ئەگەر کەسێك حساب لەسەرە زمانە هەرێمایەتییەکانیش بکات، بۆ نمونە وەك ئەو پانزە زمانەی کە لە دەستوری هنددا لەبەرچاوگیراوە، ئەوا لە باشترین هەلومەرجدا، چەند سەد زمانێکی کەمیش هەن بەڕسمی لە چەند شوێنێکی جیاوازی جیهان پارێزراون. ڕەنگە لە ئەڵتەرناتیڤی ئەوەدا کەسانێك بڵێن، گەر زمانێك پتر لە یەك ملیۆن کەس هەبن قسەی پێبکەن سەلامەت دەبێ، بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئاستی ڕەسمیبوونەکەشی بکەن. بەڵام ئەم پێناسەیەش دەوری (٢٠٠) زمانێکمان بۆ دەخاتە سەر لیستی زمانە سەلامەتەکان، واتە بۆسەر





لیستی زمانە ڕەسمییەکان. ئەی جگە لەمانە چی لەو (٥٨٠٠) زمانەی تری ناو (٦٠٠٠) زمانەکە ڕوودەدات. با ڕوونکردنەوەیەك لەسەر چارەنوسی (٢٠) زمانە ڕەسەنە خۆجێییەکەی ئەلاسکا بدەین ، کە ئەسکیمۆ و هندین. زمانی (ئێیاك) لە لایەن چەند سەد هێندییەکی کەناری باشوری ئەلاسکاوە قسەی پێکراوە، زمانی ڕەسەنیان بووە، کەچی تاساڵی (١٩٨٢) ئەو زمانە وا کەم بۆوە، کە تەنها دوو کەس مانەوە قسەی پێبکەن: (مێری سمیس- تەمەنی ٧٢ساڵ بوو، لەگەڵ سۆفیا بۆرۆدکینی کچی)، منداڵەکانیشیان تەنها بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد، ساڵی پاریش (مەبەست لە ساڵی پار دەکاتە١٩٩٢، چونکە وتارەکە لە ١٩٩٣دا بڵاو بۆتەوە – وەرگێڕ ) کە (سۆفیا بۆرۆدکین)لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مرد، جیهانی زمانی ئێیاك بۆ هەتاهەتایە گەشتە دوا مەنزڵی بێدەنگیی خۆی، تەنها مێری سمیس ماوەتەوە، جارجارە، لەگەڵ میشێل کرۆسدا قسەی پێبکات.

هەروەها حەڤدە زمانە خۆجێییەکەی تری ئەلاسکا لە گیانەلادان، لەبەرئەوەی ئێستا تەنانەت یەك منداڵیش نییە، فێری ئەو زمانانە ببێت. ئەگەرچی هێشتا لەلایەن خەڵکە بەتەمەنەکانەوە قسەیان پێدەکرێت، بۆیە کاتێك کەدوایین کەسی قسەکەر بەو زمانانەش دەمرێت، ئەوانیش بە هەمان چارەنووسەکەی زمانی ئێیاك دەگەن. ئێستا بەشێوەیەکی گشتی هەریەکەی ئەو زمانانە کەمتر لە هەزار کەسیان هەیە، قسەیان پێبکات. تەنها دوو زمانی ڕەسەنی ئەلاسکایی هەن، ئەو حوکمە نەیانگرێتەوە و هێشتا منداڵیشی پێ فێربکرێن و

هێشتا نەکەوتبنە بەر هەڕەشە، ئەوانیش: (یوپیك)ی سیبریایی، کە هەزار کەسێکی هەیە قسەی پێدەکەن، لەگەڵ (یوپیکی ناوەند)، کە بە گشتی دەهەزار کەسێکی هەیە قسەی پێدەکەن.

ئەم هەڵویستە بۆ ئەو (١٨٧) زمانە هێندییەش هەروایە، کە لە ئەمریکای باکور و لە دەرەوەی ئەلاسکا ماونەتەوە، لە نمونەی (چیکاساو، ناڤاجۆ و نووتکا) کرۆس پێشبینیی ئەوە دەکات، کە (١٤٩) دانەش لەم زمانانە هەر لە گیانەڵاندان. تەنانەت زمانی (ناڤاجۆ) یش، ئەو زمانەی ، کە لەوانەیە زۆرترین کەس قسەی پێبکەن (نزیکەی١٠٠٠٠٠کەس) ئایندەیەکی گومانهەڵگری هەیە، لە بەرئەوەی، کە زۆربەی منالە ناڤاجۆکان، ئێستە تەنها بە ئینگلیزی قسەدەکەن.

لەناوچوونی زمانەکان، تەنانەت لە لای ئەوستراڵییە رەسەنەکانیش هەنگای هەڵهێناوە، لەوێش لە کۆی (٢٥٠) زمانی رەسەن، تەنها (١٠٠) زمانیان ماونەتەوە، قسەیان پێدەکرێت، یان بڵێین هەر لە بیری خەڵکدا ماون. لەوەش حەوت زمانیان لە هەزار کەس زیاتریان هەیە قسەی پێبکەن، لە باشترین هەلومەرجیشدا، لەو زمانە رەسەنانە تەنها دووان یان سیانیان لە تەمەنی خۆماندا زیندوویی خۆیان دەپارێزن.

لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا، کە ستاتووی ئێستەی زمانەکانمان بۆ کورت دەکەنەوە. ئێمە بەداخەوە لەوانەیە هەر هەمان دەستەواژە ببینینەوە، چەندبارە دەبێتەوە: (ئووبیخ) زمانێکە لە باکوری رۆژئاوای قەوقاز، ئەوەی دڵنیایی بێت، تەنها یەك کەس ماوە قسەی





پێبکات، لەویش زیاتر لەوانەیە هەر دوو یان سێ کەس هەبن. (ڤیلێلا) تاکە زمانی بەجێماوی ناو گرووپە زمانە هیندییەکانی ئەرجەنتینە، تەنها دووتاکەکەس ماون قسەی پێدەکەن. دووایین قسەکەر بە زمانی (کیوپی یۆ)، کە زمانێکی هندیی باشوری کالیفۆرنیایە، بریتی بوو لە (رۆزسیندا نۆلاسکوێز) لەناوچەی پالای کالیفۆرنیا، ساڵی (١٩٨٧) لە تەمەنی (٩٤) ساڵیدا مرد.

پێکەوە دانانی ئەم راپۆرتانە پێمان دەڵێت، کە نیوەی زمانە زیندووەکانی ئێستەی جیهان چیتر لەلایەن منالانەوە فێربوونیان نەماوە. بە خەملاندنی کرۆس ، لە چەند کاتێکی تری ئەم سەدەیەدا، لە وانەیە چەند سەد زمانێکی تریش، بمرن، یان بکەونە گیانەڵان.

بۆچی رێژەی فەوتانی زمانەکان ئێستە بەو تیژییە کەوتۆتە پەلەپەل، لە کاتێکدا زۆر زمان توانای مانەوەیان باشە، ئەگەرچی چەند سەد کەسێکیشیان هەن، قسەیان پێدەکەن، وەك چەند شوێنێکی گینیای نوێی نەریتی.

بۆچی ئەو زمانانەی ڕوو لە پاشەکشە دەکەن، هەر تەنها بریتی نین لە زمانە بچووکەکان، بەڵکو ئەوانەشی تێدایە، کە قسەکەرانی زۆر قسەی پێدەکەن، وەکو زمانی بریتۆن (دەوروبەری١٠٠٠٠٠کەس) قسەیان پێکردووە، یان (کویچو وا)، کە هەشت ملیۆن و نیو خەڵك قسەیان پێکردووە. هەروەها رێگەی جیاوازیش بۆ کوشتنی خەڵك هەن، وەك لێدانێکی خێرا لەسەرۆك، خنکاندنی لەسەرخۆ، فەرامۆشکردنی درێژخایەن، هەروەها ڕێگە جیاوازیش هەن بۆ

قەلاچۆکردنی زمان. ڕاستەوخۆترین ڕێگە، بێگومان بریتییە لە کوشتنی هەموو ئەو کەسانەی قسە بە زمانێك دەکەن. بەو شێوەیەی دانیشتوانە سپییەکانی کالیفۆرنیا لە نێوان ساڵانی (١٨٥٣ و ١٨٧٠) دا زمانی (یاهی) ی هیندییان لەناودا. هەروەها کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیا، لەنێوان ساڵانی (١٨٠٣ و ١٨٣٥)دا هەموو زمانە ڕەسەنەکانی تاسمانیایان بەوشێوەیە لەناودا.

ڕێگەیەکی تری ڕاستەوخۆ ئەوەیە حکومەتەکان زمانی کەمینەکان قەدەغە بکەن و بەکارهێنەرانیشی سزا بدەن. ئەگەر ویستت بزانیت بۆچی (١٤٩) زمان لەکۆی (١٨٧) زمانی هیندیی باکوری ئەمریکا ئێستە لە گیانەڵاندان، ئەوا ئەو سیاسەتە چاو لێ بکە تا سەردەمانێکی نزیك ، سەبارەت بەو زمانانە لە لایەن حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پیادەکراوە. بۆچەندان سەدە ئێمە هەر سوور بووین لەسەر ئەوەی، کە دەکرێ هندییەکان بکرێن بە شارستانی وفێری ئینگلیزییش بکرێن، تەنها بەوەی، کە منداڵەکانیان لە کەشی بەربەرییانەی ناو ماڵی کەسوکارەکانیان دەربهێنرێن و بەرەو قوتابخانە و بەشەناوخۆییەکانی زمانی ئینگلیزی ببرێن، کە لەوێ ، بە دڵنیاییەوە بەکارهێنانی زمانە هیندییەکان قەدەغەیە و لەسەر بەکارهێنانی، بە ئازاردانی جەستەیی و سەرکووتکردن سزا دەدرێن. بەڵام ئێستە و لەم دەمانەدا بەزۆر شێوە پرۆسەی تیاچوونی زمان لە لای ڕۆتۆکان بەرێوەیە. لە گەڵ پرۆسەیەکی سیاسیینەی یەکخستنی ناوچەیەکدا، کە پێشتر لەلایەن هۆزە شەڕەنگێزەکانەوە داگیرکراوە،





یان بەهاتنی ئاشتییانە و گەڕۆکی و کۆچەرێتی و لە ڕێگەی قوتابخانەوە تێکەڵ بوون. لەوانەیە ژن و مێردەکانیش کە تێکەڵ بوون یەك زمانی باویان نەبێت، مەگەر بە زمانی زۆرینە (بۆ نمونە ئینگلیزی، یان ئینگلیزیی پیجینی لە پاپوا نیوگینیا، کە زمانی ئەو نەتەوەیە کە بەسەر بەوگەینڤەیلدا زاڵن) قسە بکەن.

خەڵکانی گەنج لە گەڕانیاندا بەدوای هەلی ئابورییانەی باشدا، گوندەکانی خۆیان، کە بزمانی دایکی خۆیان قسەدەکەن، بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە ناوەندی ئەو شارانەی کە زمانی تێکەڵیان هەیە، بۆیە لەوێش چارێکی تریان نییە، تەنها ئەوەنەبێت، کە بە زمانی زۆرینەی خەڵکەکە قسە بکەن. قوتابخانەی منالەکانیشیان هەر بە زمانی زۆرینەکە قسە دەکەن. تەنانەت ئەو کەسوکارانەشیان کە لە گوندەکاندا دەمێننەوە فێری زمانی زۆرینەکان دەبن، بۆ ئەوەی لەووەوە هەیبەتێك، بازرگانییەك و هێزێکیان دەست بکەوێت .

ڕۆژنامەکان، ڕادیۆکان و تەلەفزیۆنەکان بەگشتی زمانی زۆرینە بەکاردەهێنن، لە بەرئەوەی ئەو زمانە زۆربەی کڕیارەکان، ئەوانەی زانیاری وەردەگرن و هەروەها هاوبەشەکانیشیان لێیتێدەگەن. (لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا تاکە زمانی ڕەسەنی باوی بەکارهاتووی ئیزگەکان ناڤاجۆ و یوپیك بووە).

ئاکامە سروشتییەکەی ئەمەش ئەوە دەبێت، کە گەنجانی کەمینە زمانەکان هەوڵدەدەن دووزمانی بن (بە دوو زمان قسە بکەن) بەڵام منالەکانی ئەوان دەبنەوە بە یەك زمان و زمانی زۆرینەکە فێردەبن.

له ئاكاميشدا زمانی كه‌مینه‌كان هه‌ر ته‌نها له‌لایه‌ن خه‌ڵكی پیره‌كانه‌وه قسه‌ی پێده‌كرێت، تا ئه‌وانیش دووایین كه‌سیان ده‌مرێت. به‌ماوه‌یه‌كی زۆریش پێش ئه‌و مردنه‌ كۆتاییهاتنی زمانه‌كه‌ ده‌ست پێده‌كات. تا ئیتر زمانی كه‌مینه‌كه‌ ده‌كه‌وێته‌ توانه‌وه‌ و هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ به‌ له‌ده‌ستدانی ئاڵۆزییه‌ ڕێزمانییه‌كانی و له‌ده‌ستدانی وشه‌ خۆجێییه‌ له‌بیرچووه‌كانی. و یه‌كگرتن و تێكه‌ڵبوونی له‌گه‌ڵ ووشه‌ و تایبه‌تمه‌ندییه‌ گراماتیكییه‌كانی زمانی بێگانه‌.

ئه‌مانه‌ ڕاستییه‌ بێچاره‌سه‌ره‌كانی كوژانه‌وه‌ی زمانه‌كانی جیهانن. به‌ڵام ئێسته‌ با ڕۆڵی پارێزه‌رێكی زۆرزان وه‌ربگرین و بپرسین: باشه‌ پاش ئه‌وه‌ چی ده‌بێ؟

ئایا ئێمه‌ به‌ ڕاستی ئه‌وه‌نده‌ دڵنیاین، كه‌ ئه‌م له‌ده‌ستدانه‌ شتێكی هێنده‌ ترسناكه‌؟ ئه‌ی ئایا بوونی هه‌زاران زمانیش به‌ شێوه‌یه‌كی پۆزه‌تیف زیانبه‌خش نییه‌؟ یه‌كه‌م شت له‌به‌رئه‌وه‌ی، كه‌ زۆرییه‌كه‌یان كۆسپ ده‌خاته‌رێگه‌ی په‌یوه‌ندیكردن! دووه‌میش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ناكۆكی و كێشه‌ ده‌نێنه‌وه‌؟ له‌وانه‌یه‌ ئێمه‌ به‌ڕاستی پێویستمان به‌وه‌ بێت هانی له‌ده‌ستدانی زمانه‌كان بده‌ین.

به‌هانه‌ی شه‌یتانانه‌ی یه‌كه‌م ئه‌وه‌یه‌، كه‌ ئێمه‌ پێویستمان به‌ زمانێكی باو هه‌یه‌ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ یه‌كتر تێبگه‌ین، بازرگانی بكه‌ین، یان له‌كایه‌ی ئاشتیدا به‌ره‌وپێشه‌وه‌ بچین. خۆ له‌وانه‌یه‌ ئه‌وه‌ كاره‌سات نه‌بێت، كه‌ ئه‌و وڵاتانه‌ی له‌ ڕووی ته‌كنه‌لۆژییه‌وه‌ زۆر پێشكه‌وتوون، له‌و وڵاتانه‌ن، كه‌ زمانی كه‌میان تێدایه‌. فره‌زمانی ته‌نها له‌مپه‌رێكه‌





بۆ په‌یوه‌ندیكردن و گه‌شه‌كردن، هیچ نه‌بێت له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ تێبگه‌یت، ئه‌و شه‌یتانه‌ چۆن مشتومڕت له‌گه‌ڵ ده‌كات.

وه‌ڵامه‌كه‌م بۆ هه‌ركه‌سێك بێت، ده‌ڵێم: بێگومان خه‌ڵكانی جیاواز پێویستیان به‌ هه‌ندێ زمانی باو هه‌یه‌ بۆ له‌ یه‌كتر تێگه‌یشتن. به‌ڵام ئه‌وه‌ به‌و مانایه‌ نایه‌ت، كه‌ پێویسته‌ زمانی كه‌مایه‌تییه‌كان له‌ناوبه‌رین، به‌ڵكو ته‌نها پێویستی به‌ دوو زمان قسه‌كردن هه‌یه‌. ئێمه‌ی ئه‌مریكییه‌كان له‌یادمان چووه‌، كه‌ یه‌ك زمانییه‌كه‌ی ئێمه‌ به‌پێی پێوه‌ره‌ جیهانییه‌كان چه‌ند شتێكی نائاساییه‌. له‌ هه‌ركوێیه‌كی جیهان خه‌ڵك وه‌ك مناڵ به‌ هه‌وڵێكی كه‌م دووزمان یان زیاتر فێرده‌بن. بۆنمونه‌ دانیمارك یه‌كێكه‌ له‌ ده‌وڵه‌مه‌ندترین و فره‌نه‌ته‌وه‌ ترین وڵاته‌كانی جیهان. دانیماركییه‌كان كێشه‌ی ئه‌وه‌یان نییه‌ بزنسی قازانجبه‌خشی خۆیان له‌گه‌ڵ وڵاتانی تردا بكه‌ن، ئه‌گه‌رچی له‌و پێنج ملیۆن دانیماركییه‌ خۆیان تێپه‌ڕێت، كه‌سێكی ترنییه‌ به‌ دانیماركی قسه‌ بكات. ئه‌مه‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌یه‌ ، كه‌ هه‌موو دانیماركییه‌كان به‌ ئینگلیزییش قسه‌ ده‌كه‌ن. هه‌روه‌ها زۆریان زمانی بێگانه‌ی زیاتریش ده‌زانن. به‌ڵام هێشتا دانیماركییه‌كان بیرێكی وایان نییه‌، كه‌ واز له‌ زمانه‌كه‌ی خۆیان بهێنن. زمانی دانیماركی له‌گه‌ڵ زمانه‌ جه‌مسه‌رییه‌كان (پۆڵییه‌كان) دا یه‌كی گرتووه‌و تا دانیماركییه‌كان پێیان خۆش بێت دانیماركی بن، ئه‌و زمانه‌ هه‌ر ده‌مێنێته‌وه‌.

له‌وانه‌یه‌ ئێسته‌ تۆ وابیربكه‌یته‌وه‌، بڵێیت باشه‌، كه‌واته‌ به‌رده‌وامیی په‌یوه‌ندیكردن به‌ دڵنیاییه‌وه‌ پێویستی به‌وه‌ نییه‌ ئێمه‌

هەموومان تەنها یەك زمانمان هەبێت، بەڵام سەرباری ئەوەش پێویستیی دوو زمان قسەکردن پەتایەکە لە گەردنماندا و دەبێ تۆ خۆشت هەوڵ بدەیت خۆتی لێ دەربازبکەیت.

بەڵام ئەوەشت لەیادبێت، کە بە دووزمان قسەکردن، بە شێوەیەکی تایبەت لەلایەن خەڵکانی سەر بە زمانە کەمینەکانەوە پیادەکراوە، کە فێری زمانی خەڵکە زۆرینەکە دەبن. ئەگەر ئەوان ئەوە هەڵبژێرن، کە ئەو کارە زیادەیە بکەن، ئەوە کارێکی تایبەت بە خۆیانە. ئەو خەڵکە یەك زمانانەش ، کە سەر بە زمانی زۆرینەکەن مافی ئەوەیان نییە، یان پێویستیان بەوەنییە فێربوونی زمانەکەیان لێ قەدەغەبکەن.

کەمینەکان ململانەی ئەوە دەکەن، کە زمانەکەیان بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی داوای ئازادیی پێبکەن و بڕیاری بۆ خۆیان پێبدەن، بەبێ ئەوەی بکوژرێن، سەرکوت بکرێن، یان بچەوسێنرێنەوە لە پێناوی پیادەکردنی ئەو ئازادییەیاندا. ئینویتەکان (ئاسکیمۆکان) داوای ئەوە لە ئەمریکییە سپییەکان ناکەن، کە فێری ئینویتی ببن، بەڵکو تەنها داوای ئەوەیان هەیە، کە قوتابخانەی مناڵان بە زمانی ئینویتی رێگە پێبدرێت، کە شانبەشانی زمانی ئینگلیزی بخوێنرێت.

دووەمین پێشهاتی خراپی فرەزمانی ئەوەیە، کە لە ڕێگەی بە جیاواز سەیرکردنی خەڵکانی ترەوە هانی نانەوەی کێشەبدەیت. هێڵەکانی ئەو شەڕەناوخۆییانەی کە ئەمڕۆ زۆری وڵاتەکانی هەڵوەشاندۆتەوە، بەجیاوازیی زمان جیاکراونەتەوە. بەهای فرەزمانی





هەرچییەك بێت، دەبێ ئەو بەهایە بدەین، بۆ ئەوەی بتوانین کوشتار لە جیهاندا راگرین، ئایا جیهان ئارامتر نابێتەوە، گەر کوردەکان تەنها بەوە قایل ببن بە عەرەبی یان بە تورکی بئاخفن، ئەگەر تامیلەکانی سریلانکا قایل بن بە سینهالی قسەبکەن، یان ئەرمەنییەکان بگوێزرێنەوە ئازەربێیجان، یان بە پێچەوانەوە؟

ئەمە وەك بەهانەیەکی زۆر گرنگ چاودەدات، بەڵام راوەستە و سەرنج بدە: جیاوازییەکانی نێوانی زمانەکان، تاکە هۆکار، یان گرنگترین هۆکاریش نین لە ناو دووبەرەکییەکاندا، خەڵکانی خۆپەرست هەر جیاوازییەك وەك هەل دەقۆزنەوە بۆ ڕقبوونەوە لە ئەوانی تر، بە جیاوازییەکانی ئاین، سیاسەت، ناسنامەی رەگەزی، جلوبەرگیشەوە.

یەکێك لە کوشندەترین شەڕەناوخۆییەکانی ئەم رۆژگارە، لەم سەرزەوییە ئەوەی یۆگسلاڤیابوو. خەڵکە یەکترکوژەکان زمانیان یەك بوو، بەڵام لەڕووی ئاین و ئینتیمای رەگەزییەوە جیاوازبوون. ئەرسەزۆکسە سربەکان، لە دژی کاسۆلیکە کرواتەکان و بۆسنییە موسڵمانەکان بوون، هەموشیان بە زمانی سربۆکرواتی قسەیان دەکرد.

خوێناویترینی جینۆساید لە مێژوودا، ئەوە بوو لەژێر فەرمانڕەوایی ستالیندا بەڕێوەچوو، کاتێك کە هەر ڕووسەکان رووسەکانی تریان دەکوشت لەسەر گریمانی جیاوازیی سیاسیی. لە خوێناویترین جینۆسایدی پاش جەنگی جیهانیی دووەمیشدا

کەمبۆچییە زمان خەمیرییەکان لەژێر فەرمانڕەوایی (پۆڵ پۆت)دا ملیۆنانیان لە هەمان کەمپۆچییە خەمیرزمانەکان کوشت.

ئەگەر تۆ لەو بڕوایە دای، کە دەبێ کەمینەکان واز لە زمانەکانی خۆیان بهێنن، بۆئەوەی ئاشتی بەرپاببێت، کەواتە لە خۆشت بپرسە، ئایا دەبێ تۆ لەو بڕوایەدابیت، کە دەبێ کەمینەکان واز لە ئاینەکانیشیان، لە ناسنامەی رەگەزییان، بیروباوەڕی سایشیان بهێنن، بۆئەوەی ئاشتی بەرپاببێت.

ئەگەر تۆ لەو بڕوایەدایت، کە ئازادیی ئاینی مافێکی جێگیرە و زمان وانییە، چۆن ئەو دووفاقییەی خۆت بۆ کوردێك، یان ئینویتێك ڕوون دەکەیتەوە. چەندان نمونەی بێشوماری ترمان لەپاڵ ئەوانەی ستالین و پۆڵ پۆتەوە هەن، کە یەك زمانی نابێتە پاسەوانی پارێزەری ئاشتی.

بۆیە، ئەگەر کپکردنەوەی جیاوازییە زمانی و ئاینی و ڕەگەییەکان ڕێخۆشکەربن، بۆ ئاشتی (ئەگەرچی من بۆخۆم لەمەش بە گومانم) ئەوە باجێکی گەورە دەبێت و مرۆڤایەتی بەدەستیەوە دەناڵێنێ.

ڕێگەدان بە جیاوازیی زمان و ئاین و ئیتنیی ئەو خەڵکە تاکەڕێگەیە، ببێتە ئەڵتەرناتیڤی سەرکوت و بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵك بۆ ناچارکردنیان بۆ ئەوەی لەسایەی ڕێزلەیەکترگرتن و پێکەوە هەڵکردندا بژین. ئەمەش هیوایەکی پساوەی لەکارکەوتوو نییە. چونکە سەرباری ئەو هەموو شەڕەی رابوردوو، کە لەسەر





بنەمای ئاین کراون ، خەڵکانێکی سەر بە ئاینەجیاوازەکان هەن لە وڵاتەیەکگرتووەکان و لە ئیندۆنیزیا و زۆر وڵاتی تریش پێکەوە بە ئاشتی دەژین. بەهەمان شێوە زۆر وڵاتی تریش هەن پێکەوەژیانی زمانەجیاوازەکان پیادە دەکەن و پێکەوە هەڵ دەکەن و خەڵکی زمانە جیاوازەکان لە هارمۆنییەکی گونجاودا دەژین. بۆ نمونە لە فینلەند سێ زمان هەن: (فینیش، سویدی و لاپ) لە سویسرەش چوار هەن: (ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی و رۆمانش) هەروەها نزیکەی یەك هەزار زمانیش لە پاپوانیو گینیا هەیە.

زۆرباشە، کەواتە سەبارەت بە زمانی کەمینەکان شتێك نییە زیانبەخشی حەتمی بێت، مەگەر تەنها بێزار کردنی قسەکەرانی زمانە کەمینەکە، بەوەی کە دەبێ بە دوو زمان قسە بکەن. کەواتە سوودی ئیجابییانەی فرەزمانی چییە؟، بۆ ئەوەی ببێتە بەهانە بۆ دروستبوونی ئەو تۆزە بێزارییە؟

یەکێکی وەڵامەکان ئەوەیە، کە زمانەکان ئاڵۆزترین داهێنراوی عەقڵی مرۆڤن، هەر زمانە و لە دەنگەکانیدا، لە ستراکچەریدا (پێکهاتەیدا) و لە شێوازی بیرکردنەوەیدا زۆر لە ئەوی تر جیاوازە. بەڵام کاتێك ، کە خودی زمانێك لەناو دەچێت، ئەوە هەر زامنەکە خۆی نییە، کە نامێنێتەوە، بەڵکو هەر زمانەو بە شێوەیەکی چەسپیو گرێدراوە بە کەلتورێك و وێژەیەکی دانسقەوە، چ نوسراوبێت، یان نەنوسراو، بە روانینێکەوە بۆ جیهان. بۆیە لە هەمو ئەمانەدا کۆتایی بە هەزاران ساڵی داهێنانی مرۆڤایەتی دێت. تۆ زامنەکەت لەدەست

بدە، هەموو ئەوانەی تریش لە دەست دەدەیت. لەبەرئەوە لەڕەگدەرکێشانی زۆری زمانە کەڵەکەبووەکانی جیهان، دەبێتە تراژیدیایەکی راستەقینە، و تەنها دەبێتە هۆی وێرانکردنی زۆربەی هونەر و وێژەی کەڵەکەبووی جیهان. ئێمەی ئینگلیزی زمانەکان لەدەستدانی زمان و کەلتوری شەکسپیر بە زیانێکی گەورەی مرۆڤایەتی دەزانین. لادێییە رۆتۆکەکەکانیش هەمان هەست و پەیوەندییان بە زمان و کەلتوری تایبەتی خۆیانەوە هەیە. ئێمە لە پێناوی پاراستنی یەك جۆر لەو (٨٦٠٠)جۆر باڵندەیەی جیهان ملیۆنان دۆلار دەخەینەگەڕ، کە ئەویش مەلی (کۆندەری کالیفۆرنیا) یە، ئەی بۆ گرنگییەکی ئەوەندە کەم دەدەین بە زۆربەی (٦٠٠٠) زمانەکەی جیهان، یان تەنانەت ئەوانەیان کە ئارەزووی لەناوچوونیان تیادا دروست بووە، مەلە جوانەکەی کۆندۆر چیی پێدەکرێت، لە زمانی یاك جوانتربێت؟

دووەمین وەڵام دوو بۆچوونمان بۆ دەردەبڕێت، کە زۆرجار باسکراون: ( بەڕاستی هەر زمانێك وەك ئەوی تر باشە) یان لە بەرامبەری ئەمەدا دەڵێت : (زمانی ئینگلیزی زۆر باشترە، لە هەر کامی ئەو زمانە هیندییە زۆرخراپانە). لەڕاستیدا زمانەکان نە یەکسانن، و نە شیاوی لەگۆڕانهاتنیشن. هەروەها ئەوەش لە ئارادانییە زمانێك بۆ هەموو مەبەستەکان هەر باشترین بێت، بەڵکو لەبریی ئەوە، وەك ئەوەی کە زۆری ئەو کەسانە دەیزانن، کە لە زیاتر لە زمانێکدا لێهاتوون، زمانە جیاوازەکان سود و ئیمتیازی جیاوازیان





هەیە، وەك ئەوەی ئاسان بن بۆ گفتوگۆکردن، یان بیرکردنەوە لە چەند شتێکی دیاریکراو. یان بە چەند ڕێگەیەکی دیاریکراو بیربکەیتەوە، یان هەست بکەیت، بە هەر کام لە زمانەکان بێت. بۆیە لەدەستدانی زمانەکان نەك هەر تەنها ئازادیی کەمینەکان سنورداردەکات، بەڵکو هەلەکانی بەردەستی زۆرینەکانیش کەم دەکاتەوە.

لەوانەیە ئێستە تۆ وابیربکەیتەوە، کە ئیتر بەسە، ئەم هەموو قسەکردنە تەمومژاوییەی دەربارەی ئازادیی زمانەوانی، کەلەپوری کەلتوریی دانسقە، و هەلی جیاوازی بیرکردنەوە و دەربڕین. . ئەمانە ئەو خۆشنودییانەن، کە ئەولەوییەتێکی کەمیان هەیە لەناو قەیرانەکانی جیهانی مۆدێرندا. تا گرفتە سۆسیۆئابورییە خەمهێنەکانی جیهان چارەسەر نەکەین، ناتوانین کاتی خۆمان لە شتی بێکەڵکی وەك ئەو زمانە هیندییە تەمومژاوییانەدا بەفیڕۆبدەین.

بەڵام وەرە جارێکی دیکە بیر لەو گرفتە سۆسیۆئابورییە (واتە کۆمەڵایەتی و ئابوری)یانە بکەرەوە، کە ئەو خەڵکانە هەیانە ، کە بەو زمانە هیندیە تەمومژاوییانە قسە دەکەن (هەروەها ئەوانەش، کە بە هەزاران زمانی تەمومژاویی تری ئەم جیهانە قسە دەکەن) گرفتەکەی ئەوان بیرتی نییە، لە گرفتە بچوکەکانی پیشە و کارامەییەکانی کارکردن، بەڵکو فراوانترینی گرفتەکانی ئەوان هەڵوەشانەوەی کەلتورییانە. ئەوانە بۆ چەندان ماوەی دورودرێژ

پێیانوتراوە، کە زمانەکەیان و هەرچی شتەکانی تری کەلتورەکەشیانە بێکەڵك ترە لەوەی کە خۆیان تێیدەگەن. خەرجییەکانی سەر حکومەتەکەی ئێمە، ئەوانەی بۆ سوودی خۆشنودیی و خزمەتگوزاری تەندروستی خەرج دەکرێن بێشومارن. کەچی لە هەمانکاتدا کۆمەڵە گروپێکی هەژاری تر، کە کەلتورێکی تەندروستی بەهێزیان هەیە، وەك هەندێ لە دووایین گروپەکانی پەنابەران، دەتوانن لەوە زیاتر بە کۆمەڵگە ببەخشن، کە لێی وەردەگرن.

خستنەگەڕی بەرنامەیەك بۆ پێچەوانە کردنەوەی هەڵوەشانەوەی کەلتوری هیندییەکان، زۆر باشتر دەبێت لەو بەرنامەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانەی کە پێشکەشی کەمینە هیندییەکان و زۆرینەی باجدەرەکانیش دەکرێت. بە هەمان شێوە، ئەو وڵاتە بێگانانەش، کە ئێستە بە درێژایی سنوری نێوانی زمانە جیاوازەکانیان تووشی شەڕی ناوخۆ هاتوون، خۆیان دەبیننەوە، کە ئاسانتر دەبێت بۆیان، گەر بتوانن لاسایی ئەو وڵاتانە بکەنەوە، کە پتر لەوەی خواستی پێشێلکردنی زمان و کەلتوری کەمینەکانیان هەبێت، پشت بە کاری هاوبەشانەی دروستی نێوانی گروپەکانیان دەبەستن و هەر گروپەش شانازی بە خۆیەوە دەکات. ئەمانە بەلای منەوە کۆمەڵە سودێکی ناچاریی کەلتوری و پراکتیکین، پاشکەوتەی کەلەپورە فرەچەشنییە زمانەوانییەکەمانە. ئەگەر تۆ تائێستەش قەناعەتت نەکردووە، ڕێگەم بدە بە پێشنیارێکی تر قایلت بکەم:





ئەویش ئەوەیە ئێمە دەبێ بە لای کەمەوە زۆرترینی ئەو زانیارییانەی لەسەر هەر زمانێك، کە لەبەر مەترسیدان دەستمان دەکەون تۆمار بکەین و کۆبکەینەوە. ، لەترسی ئەوەی نەوەك هەموو زانیارییەکانی سەریشیان وون ببن. چونکە لەوانەیە بۆ سەدان و بگرە بۆ هەزارانیش لەو شەش هەزار زمانەی جیهان، ئێمە یان هەر هیچ زانیارییەکمان نییە، یان لیستی کورتی چەند وشەیەکمان هەیە. خۆ ئەگەر زۆری ئەو زمانانەش لەناوبچن، ئەوا بەلای کەمەوە، ئێمە هەندێك شتی وامان لێوەرگرتوون ، کە قابیلی فەوتان نەبن.

ئایا بەهای ئەو زانیارییانە چییە؟

وەك نمونەیەکی ئەو بەهایانە، پەیوەندیی نێوانی ئەو زمانانەی ، کە تا ئەمڕۆ زیندوون خزمەتێك دەکات بە شوێنپێهەڵگرتنی مێژووی گەشەکردن و کۆچەکانی مرۆڤایەتی، هەروەکو ئەو پەیوەندییەی نێوانی زیندەوەر و ڕووەکەکان، کە شوێنەواری جۆرێکی تری مێژووی گەشەکردنی زیندەوەرمان پیشاندەدەن.

بۆ نمونە هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەتوانین شوێنپێی زمانە هیندۆئەورووپییەکانی ئێستە هەڵبگرین و بیبەینەوە سەر یەکەمین وەچەکانی زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان، کە لە نزیکەی شەش هەزار ساڵی پێش ئێستەدا لە شوێنێکی ئەوروپا، یان ڕۆژئاوای ئاسیا قسەی پێکراوە. ئێستە هەندێکی زمانەوانەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە رەچەڵەکی مرۆڤ و زمانەکان قووڵتر بەناو مێژوودا ببەنە خوارەوە بۆسەر ئەسڵی هەموو زمانەکانی مرۆڤ. زۆری زمانە نوێیە

وردەکان، ئەوانەی ، کە لەبەر مەترسیی لەناو چوونێکی تۆمارنەکراویشدان، ئەگەر بەشێوەی یەکسانی وەکویەکیش نەبێت هەوڵێکیان هەرداوە، بۆ گەیشتن بە وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارەی، کە تائێستەش هەر لەمێشکی هەر یەکە لەئێمەدا ماوە: ئایا من لە کوێوە هاتووم؟

بۆنمونە زمانی (لیتوانی) یەکێکی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانە و تەنها سێ ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن و هەتا ئەم ماوەیەی دووایش لەپێناوی مانەوەی خۆیدا ململانەی زمانی رووسیی کردووە. ئەمە بچوکترین زمانی ناو ئەو (١٤٠) زمانە هیندۆئەوروپییەی ترە، کە بە گشتی دوو بلیۆن کەسێك قسەی پێدەکەن. بەڵام هێشتا زمانی لیتوانی بۆ تێگەیشتن لە رەچەڵەکی زمانە هیندۆئەوروپییەکان گرنگیی خۆیی هەیە، لەبەرئەوەی گۆڕانی کەمی بەسەردا هاتووە، و هەندێکی خەسڵەتە دێرینەکانی هەزاران ساڵی رابوردووی پاراستووە.

بە دڵنیاییی ئێستە فەرهەنگ و ڕێزمانی زمانی لیتوانی بە ئاسانی دەست دەکەون. بەڵام ئەگەر ئەم زمانە ئێستە لەناوبچێت، ئەوا بەلای کەمەوە ئێمە هێندە زانیارییمان لەسەری هەیە، کە لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی رەچەڵەکەکانی زمانە هیندۆئەوروپییەکاندا بەکاری بهێنینەوە. بەڵام زمانی تریش هەن، کە هێندەی ئەم گرنگن، لەبەر مەترسیی لەناوچووندان و کەمترین زانیاریی تۆمارکراویش لەسەریان هەیە. بۆچی دەبێ هەموو کەسێك بەلایەوە گرنگ بێت، کە چوار زمانی زۆر بچووکی (کاناکانابوو، سارووا، ڕوکای و تسووا) کە





نزیکەی یانزە هەزار کەسێك لە دانیشتوانی چیاکانی تایوان قسەی پێدەکەن، بە زیندوویی بمێننەوە؟ لەوانەیە ئاسیاییەکانی تر لە کۆتاییەکاندا بێن گرنگیی گەورەیان پێبدەنەوە، لەبەرئەوەی ئەو چوار زمانە یەکێکی ئەو چوار لقە گەورەیە پێکدەهێنن، کە خێزانی زمانی (ئۆستڕۆنیزی) دروست دەکەن.

ئەم خێزانە زمانە نزیکەی هەزار زمانی هەیە، لەگەڵ دەوروبەری دووسەد ملیۆن کەسێکدا، کە قسەی پێدەکەن، هەردوو زمانی (ئیندۆنیزی و تاگالۆگ)کە دوو زمانی زۆر گرنگی ئەمڕۆن سەر بە ئەو خێزانەن. بۆیە لەدەستدانی ئەو چوار زمانە بەراییە رەسەنە، لەگەڵ ئەو خەڵکە بێشومارە ئاسیەوییەدا، واتە لەدەستدانی چارەکێکی بنکەی دراوەی(داتابەیس)ی زەمینەی زمانەوانیی بوونیادنانەوەی مێژووی خۆیان.

ئەگەر ئێستە و دوواجار تۆ قایل بوویت، کە فرەچەشنیی زمانەوانی خراپ نییە و لەوانەیە سەرنجڕاکیش و باشیش بێت، کەواتە ئایا دەربارەی ئەم هەڵوێستەی ئێستە تۆ چی دەکەیت؟ ئایا ئێمە هیچ یارمەتییەکمان لەدەست نایەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزە ڕامالەرانەی، کە دەیاتەوێت چەند زمانێکی گەورە لە جیهانی مۆدێرندا نەهێڵن؟

نەخێر ئێمە بێتوانانیین. یەکەم: خودی زمانەوانە پرۆفیشناڵەکان دەتوانن زۆر لەوە زیاتر بکەن، کە ئێستە هەریەکەیان دەیکەن. زۆر شوێن هەن بەهایەکی کەم دەدەنە لێکۆڵینەوەی

لەناوچوونی زمانەکان. تازە و بەم دوواییانە چەند زمانەوانێکی کەممان هەن، وەکو میشێل کراوس، کە سەرنجمانی بەرەو ئەو زیانە نزیکە ڕاکێشا. بۆیە بەلای کەمەوە کۆمەڵگە پێویستی بەوەیە زمانەوانی زۆر زیاتر رابهێنێت و هانی ئەوانەش بدات، کە لەو زمانانە بکۆڵنەوە، کە لە مەترسیی لەناوچووندان.

بەڵام بۆ ئەوانەی ترمان، کە دەمێنینەوە، ئێمەش دەتوانین لەسەر ئاستی تاکەکەسی هەندێك شت بکەین، بەوەی، کە هۆش و سۆزمان بەرامبەر بەو کێشەیە هەبێت و منداڵەکانمان، وا فێربکەین، کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەر زمانێکی ترەوە، کە خۆمان بڕیاری لێبدەین، فێری ئەوە ببن بە دوو زمان قسە بکەن. لە ڕێگەی حکومەتیشەوە دەتوانین هانی بەکارهێنانی زمانە رەسەنەکان بدەین. راپۆرتی ساڵی (١٩٩٠) ی سەبارەت بە زمانە ئەمریکییەکان هانی بەکارهێنانی ئەو زمانانە دەدات. هیچ نەبێت وەك سەرەتایەك فاتورەی ئەنجومەنی پیران (٢٠٤٤) کە لەلایەن سەرۆك بووشی باوکەوە ئیمزاکراوە، پارەیەکی کەمی (دوومليۆن دۆلاریی ساڵانەی) تەرخان کردووە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەسەر زمانە رەسەنەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدرێن.

هەروەها شتی زۆری تریش هەیە، کە خاوەنی زمانە کەمینەکان خۆیان دەتوانن بۆ خۆیانی بکەن بۆ برەودان بە زمانەکانیان. ئەوەتا وێلزییەکان و نیوزیلەندییە ماورییەکان و چەند گروپێکی تر کاری باش بۆ زمانەکانی خۆیان دەکەن.





بەڵام هەر هەوڵێکی ئەو کەمینانە بێئاکام دەبێت، ئەگەر، وەك ئەوەی زۆربەی جارەکان رودەدات، بەهێزەوە لەلایەن زۆرینەکانەوە دژایەتی کرا. مەرج نییە ئێمەی ئینگلیز زمان چالاکانە بکەوینە هاندانی گەشەپێدانی زمانە رەسەنەکانی ئەمریکا، بەڵام دەکرێ بێلایەن بین بەرامبەریان و سەرکوتیشیان نەکەین. بەڵام زەمینەکەمان لە دوا ئاکامیدا خۆپەرستانەیە و لەوانەیە لە بریی جیهانێکی دەوڵەمەند، جیهانێکی زۆر لاتانە بۆ منداڵەکانمان بەجێبهێڵین.

## لەیەکچوونەکانی نێوانی مێشکی مرۆڤ و شەمبانزی

بەپێی لێکۆڵینەوەیەك، کە لە رۆژی (١٩٩٨/١/٩) لە گۆڤاری زانستدا بڵاوکراوەتەوە، مەیمونی شەمبانزی پێکهاتەیەکی مێشکی هەیە، کە هاوشێوەی هەمان ئەو بەشەی ناو مێشکی مرۆڤە، کە وادەزانرێ کۆنترۆڵی زمان دەکات.

شارەزایان لە لێکۆڵینەوەکەیاندا دەڵێن کە کاتێکی زۆریان بە لێکۆڵینەوەی گەشەی توانای زمان لەلای مرۆڤ بەسەر بردووە و دەستیشیان داوەتە وروژاندنی پرسیاری نوێ سەبارەت بە تواناکانی پەیوەندیکردنی لای شەمبانزی.

لە نیوەی لای چەپی مێشکی مرۆڤدا بە گشتی ڕوبەرێکی برێك گەورە هەیە، پێیدەوترێت (پلانیوم تیمپۆرەڵPT) ئەرکەکەی بریتییە لە کارکردن لەگەڵ رەمزەکانی بینین و قسەکردندا. لەساڵی (١٩٦٠) ەکانەوە زاناکان ئەوەیان سەلماندووە، کە (PT) بۆ زمان پێویست بووە و رۆڵیشی هەبووە لە گەشەکردنی ناوازەی مرۆڤایەتیدا. ئێستە ئەو لێکۆڵینەوەیە نوێیە دەڵێت ئەو پێکهاتەیە لەناو رەگەزێکی تریشدا هەیە، ئەویش شەمبانزییە.

توێژەران بەشی لای راست و چەپی ئەو هێمیسفێرەی مێشکی هەژدە مەیموونی شەمبانزییان پشکنی و بۆیان دەرکەوت، ئەو بەشە لە حەڤدە دانەیاندا هەیە، کەچی بە پێچەوانەی ئەوەوە چەند لێکۆڵینەوەیەك پیشانیان داوە کە لەناو دە مرۆڤدا حەوتیان (PT)ی





گەورەیان تێدایە. هەر ئەو لێکۆڵینەوەیە دەڵێت دەرکەوتنی (PT) لە هەر یەکەی مرۆڤ و شەمبانزیدا بەڵگەیەکی بەهیچ زمان دەداتێ لەسەر ئەوەی، کە ئەو هێمیسفیرە لەپێش دەروبەری هەشت ملیۆن ساڵەوە لە ریشەیەکی هاوبەشی نێوانی ئەم دوو زیندەوەرەدا هەبووە. لەبەرئەوەی لەوە ناچێت شەمبانزی پەرەی بە زمانێك دابێت، نوسەرانی ئەو لێکۆڵینەوەیە پێیانوایە ئەم دۆزینەوە نوێیە سێ شتی جیاواز بگەیەنێت:

یەکەم: لەوەدەچێت (PT) یەکە لە سەرەتاوە پەیوەندیی بەکارەکانی زمانەوە نەبوبێت و پاشان بە تەنها لە مرۆڤدا ئەو ئەرکەی وەرگرتبێت.

دووەم : لەوانەیە (PT) ی ریشە یەکەمینەکە بۆ ئەوە تەرخان بووبێت کارەکانی زمان ڕایی بکات، بەڵام دووایی دوو رارەوی جیاوازی لەلای مرۆڤ و شەمبانزی وەرگرتبێت، لەلای مرۆڤ زمانی قسەکردن و زمانی ئاماژە گەشەی کردبێت و شەمبانزییەکانیش توانایەکی ئاماژەی بنایییان گەشەپێدابێت، بەڵام ئەمە تائێستە بە تەواوی ڕوون نییە بەلای زاناکانەوە.

سێیەم: هەر ئەو لێکۆڵینەوەیە دەڵێت کە (PT) پەیوەندییەکی (لەوانەیە ناراستەوخۆ)ی بە زمانەوە هەبێت لە هەریەکەی مرۆڤ و شەمبانزیدا، بەڵام لەوانەشە ئەو هێمیسفیرە پەیوەندیی بە شتێکی ترەوە هەبێت، کە لە نێوانی هەردووکیاندا هاوبەش بێت و ئێمە نەمانزانیبێت.

# ئەو زمانانەی جیهان ، کە لەبەر هەڕەشەدان

ئێستە، کە هەزارەی دووەم کۆتایی دێت، زیاتر لە شەش هەزار زمانی مرۆیی جیاواز لە جیهاندا لە بەکارهێناندان. زۆر زمانەوان هەن پێشبینیی ئەوە دەکەن، کە لە ساڵی (٢١٠٠)دا نیوەی ئەم زمانانە دەمێننەوە قسەیان پێبکرێت. واتە لە هەر دووانزە رۆژ جارێکدا زمانێك لەناو دەچێت.

بۆچی ئەم زمانانە لەناودەچن؟

بنەڕەتیترین هۆکاری ئەم نەمانەوەیە زیادبوونی پەیوەندیی نێوانی ئەو کۆمەڵگایانەی مرۆڤایەتییە، کە جاران دابڕاوو بوون. زمانەکان بۆ گەشەکردن و سازدانەوەی تایبەتمەندێتییە جیاکەرەوەکانی خۆیان پێویستیان بەوە هەیە، دابڕاوبن لە زمانەکانی تر. کەی ئەو دابڕانەش کۆتایی پێهات زمانە لۆکاڵییەکانیش ڕوویان لەوەیە، لەگەڵ دابونەریتە کۆنەکاندا لەناو بچن.

زۆری خەڵکی رەسەن و تەنانەت زمانەوانیش هەن کار بۆ ئەوە دەکەن ئەم ئاراستەیە رابگرن، کە هەڕەشەی کەمکردنەوەی کەلەپوری رۆشنبیری و زمانەوانیی جیهان دەکات. بەشی زۆری مێژو و کەلچەری هەر کۆمەڵگەیەك لەناو زمانەکەیدایە. بۆ ئەوەی هەر زمانێك لەدەست بدەیت، کە ریشەی هەبێت، دەبێت پەیوەندییەکانی ئەو زمانە بە خوودی ریشەکانی خۆیەوە لاواز بکەیت. کەی زمانێك لەدەستچوو، لەگەڵیدا سەرمایەیەکی رۆشنبیری و هونەری و





زانیارییش لەگەڵیدا لەناودەچێت.

زۆری زمانەکانی جیهان سەرچاوەیەکی نایاب بۆ لێکۆڵینەوە دەدەنە دەست زانا مرۆڤناسەکان (ئەنترۆپۆلۆژیستەکان)و لە رێگەیەوە دەتوانن لە بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەسەر زەویدا بکۆڵنەوە.

زۆری ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە جموجووڵی مێژوویی مرۆڤ دەست کەوتوون، لە لێکۆڵینەوەی ئەو زمانانەوە بەدەستهاتوون، کە لەلایەن پێشینەکانی مرۆڤەوە لەسەر زەوی قسەیان پێکراوە.

# هەڵسەنگاندنێك بۆ مەترسییەكانی سەر زمان

دیاریكردنی ژمارەیەكی وردی ئەو زمانانەی لەسەر ئاستی جیهان لەبەر مەترسیدان ئەستەمە. بە زۆرییش لەبەرئەوەی كە هەمیشە جیاكردنەوەی سنوری نێوانی زمان و دیالێكتە جیاوازەكان زۆر روون نییە. (دیالێكت نوسخەیەكی تری زمانە، كە لە شێوازی ووتن و رێزمان و وشەسازی-دا جیاوازە).

دڵنیابوون لەوەی ئاخۆ قسەكردنی گرووپێك لە خەڵك دیالێكتی زمانێكە، یان ئەوەندە گۆڕاوە، كە ببێتە زمانێكی سەربەخۆ مەسەلەیەكە هێشتا مشتومڕی زۆری لەسەرماوە.

بۆ نمونە لەوانەیە دیالێكتەكانی زمانی ئینگلیزی زۆر بە كەمی لەڕووی تەلەفوزی ووشەكانەوە لە یەكتری جیاوازبن، وەك ئەو جیاوازییانەی، كە لە نێوانی نیویۆرك و بۆستن و ماسەچوستسدا هەیە. یان لەوانەیە جیاوازییەكانی نێوانیان جیاوازیی بنەڕەتی بن، وەكو ئەوجیاوازییانەی لە نێوانی قسەكەرانی ئینگلیزیی بەرزاییەكانی سكۆتلەندە و ئەوانە نیشتەجێی ناو چیاكانی (ئەپالاچیا)ی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا هەیە. لەوانەیە ئەم دوو دیالێكتەی دووایی هێندەی جیاوازیی نێوانی پۆرتوگالی وئیسپانی لەیەكتر جیاوازبن.

هەرچەندە لێكۆڵینەوەكان گەشتون بەو قەناعەتەی، كە دیالێكتەكانیزمانی ئینگلیزی هەرچەند پان و بڵاوببنەوە، هەر





بەشەكانی یەك زمان دەبن، لە كاتێكدا كە ئیسپانی و پۆرتوگالی دوو زمانی جیاوازن.

تائێستەش زمانەوانەكان هەر لە هەوڵی ئەوەدان كە پتر لە زمانەكان زانیاریی زیاتر لەسەر دیالێكتەكان كۆبكەنەوە. بەڵام خۆ گەر ئەم زانیارییانەش هاتنەدەست، ئەوكاتەش هەر ئەستەم دەبێت بتوانین هێڵی ڕوونی جیاكردنەوە لەنێوانی زمانەكان و دیالێكتەكانیاندا بكێشین. بە مسۆگەری فاكتەرە كۆمەڵایەتییە سیاسییەكانیش لەمەدا ڕۆڵێكیان دەبێت. بۆ نمونە هۆڵەندی و ئەڵمانی دوو زمانی نەتەوەیین، بەڵام چەند دیالێكتێكی بەشەكانی خوارەوەی ئەڵمانیای باكور، بە ڕوونی تێكەڵی و ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ چەند دیالێكتێكی زمانی هۆڵەندیدا هەیە.

بە دیوێكی تریشدا زمانی چینی كاراكتەرەكانی تەنها زمانێكی هەیە، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دایالێكتی وای هەیە، كە هیچ پەیوەندییەكی ڕوونیان بە یەكترەوە نییە، و لەیەكتریش جیاوازن وەكو جیاوازیی نێوانی ئینگلیزی و ئیسپانی و فەرەنسی.

هێشتا زمانەوانەكان بە گشتی لەسەر ئەوەڕێكن، كە شەش بلیۆن دانیشتوانەكەی سەر زەوی بە شەش هەزار زمان قسە دەكەن، بەڵام دابشكردنی ئەم زمانانە بەسەر زەویدا بە شێوەیەكی یەكسان نییە.

ئەو خەڵكانەی، كە بە ئەم دە زمانەی خوارەوە قسە دەكەن نیوەی دانیشتوانی سەر زەوی پێكدەهێنن:

مەنداریی چینی ٨٣٦ ملیۆن كەس قسەی پێدەكەن. هندی ٣٣٣

ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن. ئیسپانی ٣٣٢ ملیۆن، ئینگلیزی ٣٢٢ ملیۆن، بەنگالی ١٨٩ ملیۆن، عەرەبی ١٨٦ ملیۆن، رووسی ١٧٠ ملیۆن، پۆرتوگالی ١٧٠ ملیۆن، ژاپۆنی ١٢٥ ملیۆن و ئەڵمانییش ٩٨ ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن. ئەو خەڵکانەی، کە بەم زمانانەی سەرەوە قسە دەکەن زۆربەی ئەو شوێنانەی رووبەری سەر زەوییان داگیرکردووە، کە بۆ نیشتەجێبوون باشن. بەڵام زۆربەی زمانەکان لەلایەن دە هەزارکەس یان کەمترەوە قسەیان پێدەکرێت.

گەورەترین جیاوازیی زمانەوانی لەو هەرێمانەدا هەیە، کە زۆرترین دانیشتوانیان تێدایە، بەڵام کاتێك کە هەلومەرجی جوگرافییانە یارمەتیدەر دەبێ لەوەی خەڵکەکان بە جیا بژین. لە وڵاتی گەورەترین جیاوازییە زمانەوانییەکاندا، کە دورگەکانی پاپوا نیو گینیایە، بەرزیی چیاکان وسەختی و چڕیی جەنگەڵەکان پارچە و چەشنە هۆزی جیاوازیان دروست کردوە، کە هەزار زمانی جیاوازیان هەیە، کە لەلایەن (٤. ٦) ملیۆن کەسەوە قسەیان پێدەکرێ. .

دوورگەکانی (ڤاناتوو) لە زەریای ئارام، نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) کەسێکی تێدا نیشتەجێیە. ڤاناتووییەکان بە (١٠٩) زمانی جیاواز قسە دەکەن. لە باکوری رۆژهەڵاتی ئەفریقا، ولاتی چاد، کە بەرەو سەحارا درێژدەبێتەوە (١٢٧) زمان هەیە، لەلایەن دانیشتوانێکی (٤.٧) ملیۆن کەسییەوە قسەی پێدەکرێت. زۆربەی دانیشتوانی بیابان و نیمچە بیابانی چاد بە ناو ناوچەیەکی ڕووبەر فراوانی دوورەدەستدا دابەش





بوون. شارەزایان لەو بڕوایەدان، کە ژمارەیەکی زۆری ئەم گرووپانە، بەهۆی دابڕاوێتییەکەیانەوە توانیویانە فرەچەشنیی زمانەوانی و کەلتوریی خۆیان بپارێزن. ئەمانە هێشتا نەکەوتوونەتە ژێر سیستمی کاریگەرییە سیاسییەکانی نەتەوەوە. خزمەتگوزاریی پەروەردە و پەیوەندیکردنیان لەلایەنی دەوڵەتەوە بۆ دابین دەکرێ.

زمانەوانەکان زمانەکان بەسەر سێ پۆلدا دابەش دەکەن:- (زمانە تەندروستەکان، ئەوانەی لەبەرمەترسیدان، لەگەڵ لەناوچووەکان). زمانە تەندروستەکان ئەوانەن کە ئێستە مناڵان تێیدا دەخوێنن و وەك زمانی دایکیان بەکاریدەهێنن. زمانە تەندروستەکان بەگشتی لە ڕاییکردنی کاری ناوماڵ و قوتابخانە و کارکردن و شوێنە گشتی و تایبەتەکانیشدا بەکاردێن. ئەو زمانانەشی، کە لەبەر ئەگەری مەترسیدان، ئاستی مەترسییەکانی سەریان جیاوازە. یەکەم ئاستی ئەو مەترسییانە ئەوەیە، کە زمانەکە هێشتا لە ریزی تەندروستەکاندایە، بەڵام ڕێژەی سەدیی ئەو مناڵانەی کە قسەی پێدەکەن، لەچاو ڕێژەی سەدیی خەڵکە کامڵەکانیاندا کەمە. واتە باوکان و دایکان واز لەوە دەهێنن مناڵەکانی خۆیان فێری زمانەکەی خۆیان بکەن و بەمەش لەوانەیە زمانە بە خێرایی روو لە قۆناغێکی تری لەناوچوون بکات. وەرچەرخانی خێرای بەرەو مەترسیی خراپ لە زۆری زمانە رەسەنەکانی ئەمریکا و هەندێکی زمانە ئەوروپییەکانی وەکو (زمانی بریتۆنی) ی باکوری رۆژئاوای فەرەنسە ڕوویداوە.

ئەو زمانانەی، کە زۆر لەبەر مەترسیدان پێیان دەوترێت (زمانە گیانەڵاکان moribund Languages) زمانی بەر گیانەڵانیش خەڵکی خۆیی هەیە قسەی پێبکات، بەڵام مناڵی پێ فێرناکرێت، و هەندێجاریش هەر هەندێ خەڵکانی بە تەمەن دەمێننەوە قسەی پێبکەن. زیندووکردنەوەی زمانێك، کە لە گیانەڵاندابێت هەوڵێکی زۆری دەوێت، وەك بە دۆکیومێنت کردن و شیکردنەوە و بەهێزکردنی فێرکردنی ناو ئەو زمانە.

ئەو زمانانەش، کە لە ریزی گیانەڵانەکاندا لەقەڵەم دراون، زمانی (نویولنویول)ی تێدایە، کە زمانێکی رەسەنی ئەوسترالییە، زمانی (ئۆسەیج) ی تێدایە، کە زمانێکی رەسەنی ئەمریکیی ناو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە، زمانێکی فنلەندیشی تێدایە، کە ناوی (لیڤۆنی) یە و لە لاتڤیا قسەی پێدەکرێت. لە تەواوی جیهاندا نزیکەی (٤٠٠) زمانێك هەن، لە قۆناغی گیانەڵاندان.

لەوانەیە ئەم زمانە مردووانە کەڵکی ئەوە بگرن لەگەڵ وەچە دێرینەکاندا قسەیان پێبکرێت، ئەگەرچی زۆریش بەکارنایە و فێربونیشیان خستنەگەڕی توانایەکی زۆری دەوێت. مناڵان لەفێربوونی زمانەکاندا کارامەن، بەڵام ئەوانیش باش دەزانن، کەکام زمانە بەرەوپێشەوەیان دەبات و کامەیان وانییە. ئەوانیش ئامادە نین فێری زمانێك ببن، لەبەرئەوەی بە سادەیی باوك و دایکیان، یان باپیرانیان حەز دەکەن فێریان بکەن، ئەوان فێری زمانێك دەبن، کە بتوانن بەکاری بهێنن.





زمانی لەناوچوو، یان مردوو ئەو زمانەیە، کە کەسێك نەمابێتەوە وەکو زمانی دایك قسەی پێبکات. نمونەیەکی زمانە مردووەکان زمانی (سومەری)یە، کە لەلایەن خەڵکی پاشانشینی سومەرەوە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا قسەی پێکراوە. نمونەیەکی تری، زمانی (ئۆسکانی)یە، کە لەلایەن خەڵکە کۆنەکەی ئیتالیاوە قسەی پێکراوە.

هەندێجار دەکرێ زمانێکی مردوو ژیانی بە بەردا بکرێتەوە. بۆ نمونە (عیبری - واتە هیبرۆ) زمانێکی سامییە، لە سەدەی دووەمی پێش زاییندا لەناوچووە، بەڵام لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا وەك زمانێکی گشتیی بەرکار زیندوکراوەتەوە. و ئێستەش وەك یەکێك لە دوو زمانە رەسمییەکەی ناو ئیسرائیل کاردەکات.

زمانە هیبرۆ نوێیەکە بناغەی خۆی لەناو بەشێکی (پەیمانی دێرین — واتە تەوراتی جولەکەکان) دا داکوتاوە. کۆمەڵێك بەڵگەنامەی زۆر هەن، کە بە زمانە هیبرۆکەی ناو تەورات نوسراونەتەوە. زۆربەی زۆری زمانەکان فۆرمێکی نوسینیان نییە، ئەگەرچی بوونی نوسین شێوازێکی زیندوو راگرتنە نایەڵێت زمانەکان بمرن.

## چ شتێك لەدەست دەچێت؟

لەوانەیە مردنی زمانێك بە قووڵی لەلایەن ئەو کەسانەوە هەستی پێ بکرێت، کە زمانی دایکیی خۆیان بووە. بەڵام ئەو زیانە، بێگومان دوایی کاریگەریی قووڵی خۆی دەخاتە سەر جیهانەگەورەترەکەیش .

لەوانەیە بەلای خەڵکێکی ڕەسەنەوە مردنی زمانێکی دایك وەك لە دەستدانێکی ناو ململانەیەك ئەزموون بکرێت، کە ململانەکە هەڕەشەبێت بۆ سەر ناسنامەی کەلتورییش، لەبەرئەوەی کە زمان یەکێکی ئەو ئامرازە ڕوونانەیە، کە پەیوەندیی کەسێك بە گروپێکی دیاریکراوەوە رادەگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مێژووە زارەکییەی، کە بەناو زمانێکدا گوزەر دەکات شەقڵی دونیابینییەکی دانسقەی خەڵکانێك دەردەخات. بۆیە لەدەستدانی ئەو زمانە مانای لەدەستدانی ئەو دونیابینییەشە. لەوانەیە ئەو کاتە نەریتە زارەکییەکان دەمرن، تەواوی مێژوویش لەدەست بچێت. پاشان ئەو دەنگ و ریتم و شیعرانەش کە بونیادی زمانەکەیان دروستکردووە بۆ تاهەتایە لەناوبچن.

بە روانینێکی فراوانتر، لەدەستدانی زمانێك هێندەی لەدەستدانی چەشنێکی زیندەوەران سەختە.

ئایا مرۆڤایەتی دەتوانێت لەگەڵ کەمبوونەوەی زمانێکدا هەڵ بکات؟

بە دڵنیاییەوە بەڵێ. بەڵام لە فرەڕەنگییە کەلتورییەکەی جیهان





کەم دەبێتەوە، جیهانەکەمان دەوڵەمەندییەکەی کەمتر دەبێ. چونکە زمانەکان پەنجەرەی بەرو عەقڵمانن، ئەو کاتە شوشەبەندێکی بەر ڕوانینمان کەم دەبێتەوە.

ئاماژە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤ لەناو زماندا شاردراونەتەوە.

رەچەڵەك و چۆنێتیی دابەشبوونی مرۆڤی مۆدێرن، بابەتێکە مشتومڕی گەرمی زانا مرۆڤناسەکانی لەسەرە. یەکێکی سەرنجڕاکێشترینی داتاکانی ناو ئەو مشتومڕانە لەسەر چۆنێتیی نەخشەکێشانەوەی درەختی دابەشبوونی ئەو زمانانەیە، کە بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. ئەو زانیاریانەی لەسەر پەیوەندیی نێوانی زمانەکان لەئارادان هێشتا بە باشی ڕوون نین، بەڵام چەند ڕوانینێکی سەرەکی لەسەر گەشەی زمان و کۆچەبەراییەکانی مرۆڤ لەدەستدان.

بۆ نمونە ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردووە، کە زمانی مرۆڤ دەوروبەری(١٠٠٠٠٠)ساڵ پێش ئێستە بە بوونی یەك زمان دەستی پێکردبێت. ئەو تیۆرەی، کە وادەڵێت پێی دەوترێت (مۆنۆجێنەسیز-Monogenesis) زۆری زمانەوانەکان لەو بڕوایەدان، یەکەمین زمان لە رۆژهەڵاتی ئەفریقا گەشەی کردووە، پاشان بەرەو باکور بۆ ئاسیا و بەشەکانی تری جیهان رۆشتووە.

وەك ئەوەی، کە مرۆڤ کۆچی کردوە، ئەو تاکە زمانەش وردەوردە بەرەو چەشن و جۆری جیاواز دابەش بووە و دورکەوتونەتەوە و بوون بە زمانی جیاواز. دەکرێ زاناکان بە دروستکردنی داری (شەجەرەی) زمانەکان بتوانن رووناکی بخەنەسەر جووڵەی مێژوویی

مرۆڤەکان. ئەگەرچی لەوانەیە زۆر پەیوەندیی گرنگی نێوانی خەڵکە کۆچبەرەکان نەدۆزرێنەوە لەبەر وونبوونی زمان و کەلتورە سەرەکییەکانی خۆیان.

زانیاریی بەهادار لەسەر کەشی سروشتی لەناو زمانە خۆجێییەکانیشدا هەیە. زانایان بە دووای گژوگیا پزیشکییەکاندا دەگەڕێن، فێری ئەوەبوون، و دەزانن، کە لەوانەیە زانینی ناوی سروشتیی ئەو جۆرە ڕووەکانە یارمەتیدەربێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئاخۆ کام جۆرە ڕووەکە دەتوانێت شتی سوودبەخشمان بداتێ.

بۆ نمونە (خانتی) یەکان خەڵکێکی نیمچە خێڵەکین، لەشاخەکانی ئۆراڵی سەر بە ڕۆژاوای سیبریا دەژین، ناو و جۆری ئەو دەرمانە سروشتییانە دەزانن، کە لەناو ڤارچکەکانی ئەو ناوچەیەدا هەن.

خانتییەکان ئەم زانیارییانەی خۆیان دەدەنە زاناکان و لە ڤارچکەکان دەرمانی سودبەخش دروستدەکەن.

بیروڕاو بۆچوونەکان لە زمانە جیاوازەکاندا بە شێوازی جیاواز دەردەبڕدرێن. خواستنیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یارمەتیدەر دەبێ بۆ خەڵك لەوەدا، کە بتوانن ڕێگای نوێ بۆ ڕوانینە جیهان پەیدابکەن.

بۆ نمونە لە زمانی (توڤانی) ی سبیریدا بەمار دەوترێت (ماسیی زەوی) و پێشنیاری ئەوان وایە، کە مارەکان لە ماسی دەچن، بەڵام لە ناو ئاودا ناژین. بەڵام جۆرە پەیوەندییەکی لەو شێوەیە لەناو زمانی ئینگلیزیدا نییە.





نمونەیەکی تر لەلای تووڤانەکانەوە ئەوەیە : ئەوان بە کەسێکی تەمەن (١٤) ساڵ ناڵێن چواردەساڵە، بەڵکو پێیدەڵێن پانزەساڵە . ئەم شتە لەوانەیە بۆ کەسێکی دەرەوەی ئەو زمانە نامۆبێت، بەڵام گەر بە کوردی ئەم دەربڕینەی ئەوان دەربڕین، دەبێ بڵێین رووی لە پانزە ساڵییە.

زمانی ئینگلیزیی ئێستەش بە بەردەوامی خۆی بە خواستنی ئەو وشانە لە زمانەکانی ترەوە دەوڵەمەند دەکات، کە نییەتی، بۆ نمونە ووشەی (Machismo)ی ئیسپانی زۆر بە بڵاوی بەکاردەهێنن، بۆ گوزارەکردن لە مانای (زۆر نێری - واتە کەسێك زۆر نێرێتیی خۆی پیشان بدات) بۆ پەیداکردنی ووشەیەکی نوێ زۆرجار ئینگلیزەکان ئەو ڕێگایانەش بە خوازە وەردەگرن، کە لە زمانەکانی تردا ووشەیان پێدروست دەکرێ. بۆ نمونە خەڵك هەیە بۆ دەربڕینیی بێزاریی خۆی لە (پیتزا) پێیدەڵێت (شمیزە - Schmizza)، ئەم ووشەیەش بە شێوازێك گۆڕدراوە، ئەو شێوازە لە زمانی (یەدیش)ییەوە وەرگیراوە، کە زمانێکە، ئەویش ئێستە لەبەر ئەگەری لەناوچووندایە.

زمانەکان لەو دەنگانەشدا جیاوازن، کە بەکاریاندەهێنن، هەندێ دەنگ هەن لە ژمارەیەکی زۆر کەمی زمانەکاندا بەکاردێن. بۆ نمونە لەوانەیە زمانە خۆیسانەکانی باشووری ئەفریقا تاکە نمونەی ئەو زمانانەبن، کە دەنگی کرتە (کلیك) لەناو قسەکردنی رۆژانەی خۆیاندا بەکاردەهێنن. ئەو دەنگانە، وەکو(Tsk-Tsk) لە ئینگلیزیشدا بۆ نەرێ کردن بەکاردێن، بەڵام بەشێکیش نین لە زمانەکە. بۆیە

ئەگەر ئەو زمانە کەمانە، کە لە قسەکردنیاندا کرتە کردن بەکاردەهێنن لەناوبچن، ئیتر دەنگی کرتەیش بۆ تاهەتایە ووندەبێ.

لەوانەیە گرنگترین زیانێك، کە لە وونبوونی زمانەکانەوە بێتە ئاراوە، ئەوەبێ کە ئەو خەڵکەی زمانەکەیان دەفەوتێت مافیان هەبێت چ زمانێك بۆ قسەکردنی خۆیان هەڵبژێرن. لەوانەیە هەندێکی ئەو خەڵکە بڕیاربدەن لەبەر باشکردنی هەلومەرجی خۆیان بە زمانی خەڵکە زۆرینەکان قسە بکەن. ئەگەرچی زۆری ئەو خەڵکە لەو مافەش بەهرەمەند نین، بەڵکو ناچاردەکرێن بۆ ئەوەی بە کام زمانە قسە بکەن، لەبەرئەوەی زمانی خۆیان لەناودەچێت، یان لە قۆناغی گیانداندایە. لەبەر ئەم هۆیە خەڵکێکی زۆر کەوتوونەتە جووڵە بۆ ئەوەی ئەو زمانانە بپارێزن، کە لەبەر مەترسیدان.





## زمانەکان بۆچی دەمرن؟

بە درێژایی مێژوو ونبونی زمان هەر هەبووە، بەڵام پێوەری مردنی زمانەکان لەم سەردەمە نوێیەدا بێوێنەیە. زمانەوانەکان وای دەخەمڵێنن، کە لەماوەی پێنج سەد ساڵی رابووردوودا، واتە لە نێوانی ساڵانی (١٤٩٠ و ١٩٩٠)دا نیوەی زمانەکانی جیهان لەناوچوون.

کۆمەڵێك فاکتەر هەبوون، کە بەشداری و کاریگەرییان لەسەر ئەم ئاراستەیەی لەناوچوونی زمانەکان هەبووە.

لە ڕووی مێژووییەوە هۆکاری سەرەکیی لەناوچوونی زمانەکان جوڵانی خەڵکەکان بووە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. چونکە مرۆڤ هەمیشە هەر کۆچی کردووە، یان بە هۆی گەڕانییەوە بووە بەدووای زەویی باشتردا، یان لەبەر هەلومەرجی خراپی خۆی، دیارە زۆرجار بۆ هەر کوێیەکیش چووبێتن داگیریان کردووە. لە هەندێ باردا ، وەکو هیندستان بۆ چەندان سەدە گروپی کەلتور و زمان جیاواز پێکەوە دەژین. وەك شێوەیەکی باویش گروپە زاڵەکان، لاوازەکان ڕادەماڵن، ڕاویاندەنێن، بە زۆرەملێ ناچاریان دەکەن زمانە نوێیەکە بەکاربهێنن، یان هەر هەموویان لەناودەبەن.

بۆ نمونە لە ئەورووپای رۆژئاوادا، لە زمانی (باسك) تێپەڕێت، کە لە ناوەڕاستی باکوری ئیسپانیا و باشووری رۆژئاوای فەرەنسە قسەی پێدەکرێ هەموو زمانەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.

زمانەوانەکان لەوبڕوایەدان، کە باسك دووایین دانەی ناو

ژمارەیەکی زۆر زمان بووە، کە لە ئەوروپادا هەبوون، بەڵام بە گەیشتنی خەڵکە هیندۆئەوروپییەکان لە دەوروبەری (٢٠٠٠) ساڵی پێش زایندا بەدەرنراون.

ئەو زمانە هیندۆئەوروپییانە چەند ووشەیەکی کەمی زمانە باسکییەکەیان وەرگرتووە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئەو زمانانە نەیانتوانییوە ئاشتییانە ماوەیەکی زۆر پێکەوە بژین.

سیاسەتی حکومەتەکانیش بەشدار بوون لە کەمکردنەوە، یان لەناوبردنی زمانی کەمینەکاندا، بەوەی کە سنوری بۆ بەکارهێنانیان داناوە.

بۆ نمونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، منداڵانی لە زمانی دایکیی خێزانە ئەمریکییە رەسەنەکانی خۆیان دوور دەخستەوە و دەیناردنە ئەو قوتابخانانەی بەشی ناوخۆیان هەبوو، لەوێیش ناچاردەکران فێری زمانی ئینگلیزی ببن. لەمەوە منداڵی چەندان خێڵی جیاواز پێکەوە کۆکرانەوە و ئینگلیزی کرا بە تاکە زمانی ئاخاوتنیان. کاتێک ئەوروپییەکان بۆ یەکەمجار گەیشتنە ئەوێ، لە کۆی (٣٠٠) زمانی رەسەن، کە لە باکوری ئەمریکا قسەیان پێدەکرا، تەنها نیوەیان مابوونەوە و بەکاردەهێنران.

ئوسترالیاش بۆ لەبۆتەنانی خەڵکە رەسەنەکان، هەر هەمان سیاسەتی بەڕێوەبرد.

لە کۆمارە سۆشیالیستییەکانی یەکێتیی شوورەویی





جاراندا(USSR) و لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابوردوودا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی رەسەنی سەر بە هەموو نەتەوەکان ناچاری بە ڕووسیکردنێکی بەرنامەڕێژکراو بوون.

ئەم بەرنامانە کاریان بۆ ئەوە دەکرد منداڵان لەسەر حسابی زمان و ناسنامەکانی خۆیان فێری زمانی رووسی و رەوشتە کەلتورییەکانی رووس بکرێن.

هێشتا لە هەندێ شوێنی جیهان هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوانی زمانەکان لە ئارادان. بۆ نمونە نەتەوەی باشوری رۆژهەڵاتی ئەفریقا لە تەنزانیا، هانی خەڵك دەدەن، کە واز لە خۆجێییەتیەکەی خۆیان (سەواحیلی) بهێنن، ئەگەر چی زۆر بە بەرفراوانی قسەشی پێدەکرێت و وەکو زمانێکی رەسمییش دانی پێدانراوە.

ئەم سیاسەتەش وەك ئەوانی تر لە رۆژهەڵاتی ئەفریقاشدا پیادەکراوە. وا داڕێژراوە هانی هەستێکی نەتەوایەتی و رەگەزی لەناو وڵاتێکدا بدات، کە فرەکەلتوربێت.

تەنانەت ئەو نەتەوانەش، کە بۆ خۆیان نایانەوێت زمانەکانیان بە خێرایی لەناو بچێت، لەوانەیە لەناو ئەو سیاسەتانەدا، کە هانی بوونی یەکزمانیی رەسمی دەدەن، ببنە ئامرازێکی جێبەجێکار.

لەوانەیە هەموو نەتەوەکان ژمارەی ئەو زمانانە کەم بکەنەوە، کە لەناو مامەڵە رەسمییەکاندا بەکاردێن. بۆ نمونە لە هنددا کە پتر لە (٣٥٠)زمان هەیە، تەنها دوو زمان لە ئاستی رەسمیدا مامەڵەیان

پێدەکرێ، ئەوانیش ئینگلیزی و هندین. لە تەواوی جیهاندا هەر تەنها چەند سەد زمانێك هەن زمانی رەسمی بن.

یەکێك لەو هۆکارانەی، کە وادەکەن زۆربەی نەتەوەکان یەك دانە یان دوو زمان وەك زمانی رەسمی هەڵبژێرن، ئەویش تێچوونی خەرجییە. چونکە تا زمانەکان کەمتربن، تێچوونەکانی کۆکردنەوەی سوپا و گردکردنەوەی باج وپێشکەشکردنی راژەگوزارییە سەرەتاییەکان کەمتر دەبن لەوەی، کە زمانەکان زۆربن.

تەنانەت لەوانەیە خواستی هێشتنەوەی زمانە کەمینەکانی ئێستەش تێچوونی زیاتربێت. چونکە لەوانەیە خەرجیی دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و کەرەستەی پەروەردەیی بە زمانی زۆر تێچوونێکی زۆربێت.

بەرفراوانبوونی میدیای جەماوەری، وەکو کەناڵەکانی سەتەلایت و گەیشتنیان بە هەموو پنتێکی دووری سەر ئەم زەوییە، هانی بڵاوکردنەوەی چەند زمانێکی دیاریکراو دەدات. ئینتەرنێت لە سەرتاسەری جیهاندا زانیاری و بابەتی خۆشنوودی جیهانی پێشکەش دەکات، بەڵام زۆربەی ئەو بابەتانەی لە ئینتەرنێتدا دەستدەکەون، هەر بە چەند زمانێکی هەڵبژێردراو هەن. بۆیە گەر جەماوەری زمانە کەمینەکان بیانەوێت سەبارەت بە جیهان شت وەربگرن، دەبێ فێری زمانی زۆرینەکان ببن.

لەوانەیە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی لەناوچوونی زمانێك ئەوەبێت ئەو خەڵکانەی، کە قسەی پێدەکەن بڕیاربدەن بچنە سەر





بەکارهێنانی زمانی زۆرینەکان، بۆ ئەوەی ناوبانگێکی زۆرتر و هەلی ئابوریی باشتریان بێتەبەردەست.

پەنابەرەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شانازی بەوەوە دەکەن، کە توانایان هەیە بە ئینگلیزی قسە بکەن، یان شانازیی زیاتر بەوەوە بکەن، کە بەو زمانە بانگی مناڵەکانیشیان دەکەن. دابینبوونی ژیانێکی باشتر بۆ هەندێ خەڵك پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی دایکی خۆیاندا، وەك خەڵکە ئیسپانی زمانەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەو خەڵکە ئەفریقییانەی بە فەرەنسی، ئینگلیزی، یان سەواحیلی قسەدەکەن.

# راوەستاندنی دابەزین، یان کەمبوونەوەی زمانەکان

لە سی ساڵی رابوردووی سەدەی بیستەمدا هۆشیاری دەربارەی ڕەگە زمانەوانی و کەلتورییەکانی خەڵکە کەمینەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. چەند ڕێکخراوێکی ڕێساخوازی خۆیان بۆ هێشتنەوەی ئەو زمانە رەسەنانە تەرخان کردووە، کە لە جیهاندا دەرکەوتوون. هەروەها زۆر حکومەتیش بۆ ئەوە کەوتوونەتە گەڕ، کە ئەو گرفتانە بناسنەوە و دەستنیشانی بکەن، کە رووبەڕووی ئەو کۆمەڵگایانە دەبنەوە، کە زمانەکانیان کەمینەن. زۆربەی نیگەرانییەکانی ئەم حکومەتانە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤن، لەبەرئەوەی زمان وەك پێکهاتەیەکی گرنگی ناو ئەو مافانە دەناسرێت.

لەساڵی(١٩٦٠)دا خەڵکانی پسپۆر و چەندان ڕێکخراوی تایبەت بە مافەکانی زمان لە سەرتاسەری جیهاندا، لە شاری بەرشەلۆنەی ئیسپانیا کۆبوونەوە و (جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی زمان) یان ئیمزاکرد. ئێستەش ئەو کەسێتی و ڕێکخراوانە کار بۆ ئەوە دەکەن، ئەو راگەیاندنەی ئەوان وەکو ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە (UN) لەبەرچاو بگیرێت.

سەرباری ئەم هۆشیارییە زۆرەش، هێشتا وەڵامدانەوە بە لەدەستدانی زمانە جیاوازەکان جۆراوجۆرن.





لە هەندێ باردا ئەو زمانانەی لەبەر مەترسیی لەناوچووندان زۆر بە باشی دەپارێزرێن. بۆنمونە لە (وێڵز) گروپی زمانە وێڵزییەکان لە رابووردوودا زمانی وێڵشیان پاراستووە، کە لەبەر مەترسیدابووە.

ئێستەش وێڵشی لە هەندێ قوتابخانەدا وەك پەیڕەوی خوێندن و لە هەندێ کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنیشدا وەك زمانی هاوبەش بەکاردێت. بەڵام حاڵەتی تری واشمان هەن، کە زمانە رەسەنەکانیش لەناودەچن، بەبێ ئەوەی شوێنەوارێکیان لێ بەجێ بمێنێت.

زۆرجار زیندووکردنەوەی شانازیی رەگەزی و کەلتوری دەبنە بەشێکی گرنگی ئەو هەوڵانەی بۆ زیندووکردنەوەی ئەو زمانانە دەخرێنەگەڕ، کە لە گیانەڵاندان. خەباتی سیاسییانەی ئێرلەندەی باکور نمونەیەکی باشمان لەسەر ئەمە پێدەدات. کە ئینگلتەرە لە سەدەی شانزەدا ئێرلەندەی داگیرکرد، ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە بە زمانی ئێریشی قسەیان دەکرد، کەم بۆوە، لەبەرئەوەی لە ژێر دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی ئینگلیزیدا، بەکارهێنانی زمانی ئێرلەندی وەك ئاماژەیەکی دواکەوتن سەیر دەکرا.

بەڵام کاتێك لە ناوەڕاستی شەستەکاندا توندوتیژیی نێوانی پرۆتستانت و کاسۆلیکەکانی ناو ئێرلەندەی باکور تەقییەوە زمان بوو بە رەمزێکی ناسنامەی کەلتوریی ئێرلەندی. لەوکاتەوە زمانی ئێرلەندی (ئێریش) لە بەشەکانی ئێرلەندە و لەناو گروپە ئێرلەندییەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا لە گەشەیەکی باش بەهرەمەند بووە. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٩٨) دا یەکەمین کەناڵی

تەلەفزیۆنیی قسەکەر بەو زمانە بەناوی (Teilsna na Gaeilge(Tna G)) لە ئێرلەندە دامەزرا.

لە بارێکی تری هاوشێوەدا زمانی خۆجێیی (ماوری)لە نویزیلەندە لەوەوە نزیك بوو لەناوبچێت. بەڵام هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی زمانی ماوری بووە بەشێك لە بزوتنەوەیەکی گەورەتر، کە لە بیستەکاندا لەناو وەچە ماورییەکاندا بۆ گەڕاندنەوە و بەدەستهێنانەوەی زەوییەکانی باوباپیرانیان و بووژاندنەوەی مۆسیقا و سەمای میللی و بەدەستهێنانی مافی سیاسی و کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن کەوتە جووڵە. ئەوەبوو لە ئەنجامدا و لە ساڵی (١٩٨٧) دا نیوزیلەندە لە پاڵ زمانی ئینگلیزیدا وەك زمانێکی ڕەسمی دانی بە (ماوری) دا نا.

ئەو گرووپانەی، کە پەرە بە زمانی کەمینەکان دەدەن هەوڵەکانیان بۆ ئەوە دەخەنەگەڕ، کە ئەو زمانانە لە شوێنە گشتییەکاندا بەکاربێن. ئەو هەوڵانەش وەك شتێکی باو جەخت لەسەر فێربوون دەکەن، چونکە فێرکردنی منالان بە زمانە ڕەسەنەکان بە لای کەمەوە یەکەمینی ئەو هەنگاوانەیە و فاکتەرێکی گرنگیشە بۆ هێشتنەوەی زمان.

دەستکەوتێکی بەرچاوی ناو ئەم کایەیە لە ساڵی (١٩٩٩) دا بوو. ئەو ساڵە گروپێك قوتابیی خەڵکی هاوای خوێندنی ئامادەییان لە زمانەکەی خۆیاندا تەواوکرد و بڕوانامەیان تێدا وەرگرت. ئەو قوتابییانە بەشداریی خولێکیان کرد، کە هەر هەمووی بە زمانی





هاوایی بوو. خولەکە سەرەتا بە (٢٨) منالّ لە ساڵی (١٩٨٧) دا دەستی پێکرد، و ئێستەش نزیکەی (١٦٠٠) قوتابییەکیان لە (١٦) قوتابخانەی گشتیدا هەیە.

ئەنجامدانی ئەم جۆرە پرۆگرامانە پێویستیان بە دانانی پەیڕەوی خوێندن بە زمانە ڕەسەنەکە و بە فەرهەنگی باش دەبێت بۆ ئەوەی توانای گفتوگۆکردن بەو کەسانەش ببەخشێت، کە هاوزمانی ئەو زمانە ڕەسەنانە نین.

دابین بوونی دەق و سەرچاوە مێژووییەکانی تر بۆ ئەو گروپانە پێویستن، کە دەیانەوێ زمانێکی مردوو زیندوو بکەنەوە. کاتێك بابەتی نوسراوی پێویست ئامادە بوو، وەك ئەوەی لە مەسەلەی زمانی هیبرۆدا بینیمان، دەکرێ زمان سەرلەنوێ بونیادبنرێتەوە. ئەو زمانانەی، کە زیندوو دەکرێنەوە هاوشێوەی زمانە ڕەسەنەکە نابێت، بەڵام دەکرێ دووایی ئەوەندە باش بێت، کە ئەو ڕەزامەندییە دروست بکات، کە منالّی پێ فێربکرێ. هەندێ گروپی ئەمریکیی هەن لەسەر زیندووکردنەوەی زمان کاردەکەن و ئەم سەرچاوانە بەکاردەهێنن. نمونەی ئەو زمانانەی کاریان لەسەر دەکرێت بریتین لە (مەهیگان- پێکوات لە ناوچەی کۆنیکتیکەت- زمانی وامپانواگ لە ماسەچووستس) لە زۆری ئەم مەسەلەی زمان زیندوکردنەوانەدا لەسەر ئاستی جیهان، باری واهەن کە بابەتی کەم لەسەر زمانەکە لەدەستدان و هەشیانە هیچ شتێك لەسەری نییە، نە لە نوسین و نە لە زارەکیدا. بۆیە بوونی ئەو تۆمارانە بۆ پاراستنی کەلتور و مێژووی

كۆلۆنییە خۆجێییەكان بەهایەكی زۆر گرنگیان هەیە، ئەگەر تەنانەت وەچە نوێیەكانی ئەم سەردەمەش لەو زمانانەدا زۆر لێهاتوو نەبن.

زۆر ئامراز هەن بۆ تۆماركردنی زمانەكان بەكارهێنراون. سەرەكیترین و بنچینەییترین ئەو ئامرازانە بریتین لەو رەمزی دەنگە تایبەتییانەی ، كە بۆ نوسینی دەنگەكانی زمانەكە و تۆمارەكانی بیستنیان بەكاردەهێنرێن.

تۆماركردنی ڤیدیۆییش دەتوانێت ئەو زانیارییە زیادانەمان بۆ تۆماربكات، كە قسەكەرانی ئاسایی ئەو زمانە چۆن قسەدەكەن. رێگاكانی بەكارهێنانی كێشی دەنگەكان و كارلێكەكانیشمان پیشان دەدات.

هەندێجار زمانەوانەكان دەیانەوێت شت دەربارەی میكانیزمەكانی قسەكردن فێربن، وەكو بڕی ئەو بایەی، كە قسەكەرێكی زمانی خۆیسان بۆ دروستكردنی دەنگی (كرتە) بەكاریدەهێنێت. دەتوانین بەو شێوەیە ئەم زانیارییانە وەربگرین، كە بۆرییەكی باریك و بچووك بكەین بە دەمی قسەكەرێكدا و هەوایەكی كەمی پێداتێپەڕێنین.

هەروەها دەكرێ كامێرای ڤیدیۆیی بچوكیش بۆ چاودێریكردنی دەنگە ژێیەكانی گەروو لەكاتی بەرهەمهێنانی دەنگەكاندا بەكاربهێنرێت.

هەمووو ئەم تەكنەلۆژیا نوێیانە توانای ئەوەیان بە توێژەران داوە،





كە دەنگە لەناوچووەكانی ناو ئەو زمانانە بگەڕێننەوە، كە قسەیان پێدەكرێ.

باشترین ڕێگە بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی زمانێك، كە لەبەر مەترسیی لەناوچووندابێت، ئەوەیە بە زیندوێتی بیهێڵیتەوە. هەروەها كۆمەڵە هەوڵێكی فێركردنی داهێنەرانەش بۆ ئەو مەبەستە بخەیتەگەڕ.

بۆ ن،،،مونە ماستەر بەرنامەی (دروستكەر) لەساڵی (١٩٩٣) دا لەلایەن(لین هینتن)ی زمانەوانی زانكۆی (كالیفۆرنیا) لە بێركلی داهێنراوە (پێرس) بچووكترین ئەندامی گروپێكی قسەكەرانی كۆنە، بۆ مەشق پێكردنی (یەك بە یەك)ی زمانەكان.

دەكرێ بە تەركیزكردن لەسەر یەك خوێندكار، مامۆستا پرۆسەی فێركردن خێراتر، دڵنیاتر و بەردەوامتر بكات.

ئامانج لەم پرۆگرامە ئەوەیە كەسە گەنجەكان رەوانتربن لە قسەكردندا و پاشتر بتوانن مەشقی زمان بە ئەندامانی تری كۆمەڵگە بكەن و زمانەكە بگەڕێننەوە ئاستی بەكارهێنان.

وەك (هنتن) دەڵێ لە سێ ساڵی یەكەمی دەست پێكردنیدا نزیكەی شەست مامۆستا و شاگرد بەشدارییان لەم پرۆگرامەدا كرد.

ئەو بەشدارانەی ئەم پرۆگرامە بە بیست زمانی ئەمریكی قسەیان دەكرد و لە كالیفۆرنیا بوون، لە نێوان ئەو زمانانەدا خەڵك هەبوون بە زمانی (هووپا - كاروك و مۆجاڤە) قسەیان دەكرد.

ڕێژەیەكی زۆری گروپی نیشتمانی و نێونەتەوەیی هەن، لە

راگرتنی لەناوچوونی زمانەکاندا کاردەکەن.

لەناو ئەم گروپانەدا (دامەزراوەی شانشینی یەکگرتوو بۆ زمانە بەر مەترسییەکان) و گروپی (تێرالینگوا) ی نێودەوڵەتی و گروپی (جێرمەنیز گێزڵشافت فیور بیدرۆتە سپراخن) ی ئەڵمانی و پەیمانگای پاراستنی زمانە رەسەنەکانی ئەمریکاکان (IPOLA) کە بارەگاکەی لە ئەمریکایە، و پەیمانگای زمانە ئەمریکییەکان (نالی NALI) و سندوقی زمانە بەر مەترسییەکانیش هەن.

سەرباری ئەوەی ئەم گروپانە لە زۆر رووەوە جیاوازن، هەموویان لە بوونی ئەو دوا ئامانجەدا هاوبەشن، کە دەیانەوێت فرەچەشنیی زمانەکانی مرۆڤ بپارێزن





# کۆتایی فرەزمانی!

بەر لە سەدەی بیستەم، زۆر زمان هەبوون ژمارەیەکی کەمی قسەکەریان هەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەدەیەك ژیاون. جیهانی مۆدێرن، کە لەناوخۆیدا بە پەیوەستی زۆر بەهێز پێکەوە گرێدراوە، ڕێگەنادات کۆڵۆنییە زمانەبچووکەکان لە دابڕانێکی رەهادا بژین. ئەمەش دەبێتە کلیلێکی سڕکردن و پاراستنی زمانەکان.

ئێستە لە چاوەڕوانیی ئەوەدایین داخۆ جیهان دەتوانێت ئەم جیاوازییە کەلتوری و زمانەوانییەی خۆی بۆ هەزارەی داهاتوویش بپارێزێت، چونکە زۆر توانای بەهێز دەرکەوتوون دژایەتیی دەکەن: وەکو گەشەی دانیشتوان، کە پەنابەران بەرەو شوێنی زۆر دووری دابڕاوی جیهان کۆچ پێدەکات، گەشتیاریی گشتی و بە کۆمەڵ. شۆڕشی پەیوەندییە جیهانییەکان و ڕاگەیاندنی جەماوەری، بڵاوبوونەوەی کۆمپانیا زەبەلاحەکان. هەموو ئەم هێزانە دەرکەوتوون و بانگەشە بۆئەوە دەکەن، کە زمانی پڕوپاگەندە، کەلتوری میللی، و بەروبوومی بەکاربەریی ئیستیهلاکی، هەموویان بەیەك دەگەن و پێکەوەکاردەکەن.

هەروەها ئینگلیزی و چەند زمانێکی کەمی تر وەکو زمانی جیهانیی بازرگانی و پەیوەندیکردن دەرکەوتوون. بۆ زۆرکەسی خەڵکی ئەم جیهانە فێربوونی یەکێك لەم زمانانە وەکو کلیلی بەرەو دونیای فێربوون و دابین بوونی هەلی ئابوری، و هەلێکی باشتر بۆ

گوزەرانکردن دەردەکەوێت.

ئێستە تەنها نزیکەی سێ هەزار (٣٠٠٠) زمانێك هەن، کە بەکاربهێنرێن و شانسی ئەوەیان هەبێت بۆ سەدەی داهاتوویش بەردەوام بن. بەڵام ئایا زۆربەی بەشەکەی تر، لەو سەدەیەدا کە دێت چارەنوسیان شووم دەبێت؟

بە زیندوومانەوەی زۆربەی ئەم زمانانە دەوەستێتە سەر ئەوەی داخۆ تا چەند گروپە کەلتوورییەکان بە هێزەوە بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆیان پشت بە ئەو زمانە دەبەستن و وەك زمانی دایك بەکاریدەهێنن!

بۆ ئەوەی بتوانن ئەمە بکەن، پێویستیان بە بوونی دوو زمانی (بایلینگوالیزم) دەبێ (واتە بە کارامەیی بتوانن بە دوو زمان قسە بکەن). ئەوانەی، کە بە دووزمان قسەدەکەن، دەتوانن زمانە تایبەتەکەی خۆیان لە کایەی بچوکتری وەکو ناوماڵ و ناو هاوڕێیان و شوێنی کۆبوونەوەی کۆلۆنییەکەی خۆیاندا بەکاربێنن و زمانە جیهانییەکەش لە کارکردن و مامەڵە ڕەسمییەکان و کایەی بازرگانیدا بەکاربێنن. لەم ڕێگەیەوە زۆر زمانی بچووك دەتوانن سەلامەتیی کەلتور و زمانی خۆیان لەپاڵ زمانە جیهانییەکانەوە بپارێزن. نەك ئەوەی بچن پشت بە هێزەکانی ئاوێتەکردنی ناو گلۆبالیزە (بەجیهانیکردن) ببەستن.

یەکێکی گاڵتەجارییەکانی قەدەر بەوشێوەیەیە، کە ئەو ئاراستەیەی داهێنانە تەکنیکییەکان، کە هەڕەشەی بۆسەر زمانە





کەمینەکان دروستکردووە، دەتوانێت ڕزگاریشیان بکات.

بۆ نمونە هەندێکی شارەزایان پێشبینیی ئەوە دەکەن، کە ئامرازەکانی بەرنامەکانی سۆفتوێری تایبەت بە وەرگێڕانی کۆمپیوتەری وادەکەن رۆژێك لە ڕۆژان هەلی بەکارهێنان و خوێندنەوەی بابەتەکانی ئینتەرنێت بۆ قسەکەرانی زمانە کەمینەکانیش بڕەخسێت. ئێستە زمانەوانەکان بە یارمەتیی کۆمپیوتەر کار لەسەر جیاوازیی ئەو زمانانە دەکەن، کە لە بەر مەترسیدان.

هەرچەندە زمان زۆر ناسکە، بەڵام زۆربەی ئەو زمانانەی، کە دووچاری مەترسی بوونەتەوە لەسەر هێڵێکی باریکی نێوانی مردن و ژیانن.

زمان زۆر ناسکە. هەروەها تەنها ئامرازێکیش نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو ڕێگەیەکی بەهێزیشە بۆ لێك جیاکردنەوەی گروپە جیاوازەکان، یان دەرخستنی ناسنامەی گروپێك. زۆری کۆلۆنیالییە (گروپە) ڕەسەنەکان ئەوەیان پیشانداوە، کە دەکرێ لە جیهانی مۆدێرندا بژین و لەڕێگەی زمانیشەوە ناسنامە تایبەتەکانی خۆیان بپارێزن.

## دەربارەی نوسەران

## About the authors:

Doug H. Whalen is senior researcher at Haskins Laboratories in New Haven ،Connecticut ،and the founder and president of the Endangered Language Fund. K. David Harrison is a linguist at Yale University who studies indigenous languages of Siberia.

For further reading:

Fase ،Willem; Koen Jaspaert; and Sjaak Kroon ،eds. The State of Minority Languages: International Perspectives on Survival and Decline. Swets & Zeitlinger1995.

Fishman ،Joshua A. Reversing Language Shift. Multilingual Matters1991.

Grenoble ،Lenore A. ،and Lindsay J. Whaley. Endangered Languages: Language Loss and Community Response. Cambridge University Press1998.

Hinton ،Leanne. Flutes of Fire: The Indian Languages of California. Heydey Books1994.

Ostler ،Rosemarie. "Disappearing Languages. " The Futurist ،1 August 1999.

Source: Encarta Yearbook ،February 2000.

Microsoft ® Encarta ® 2007. © 1993-2006 Microsoft Corporation. All rights reserved.





## ئەو زمانانەی کە لەلایەن زیاتر لە دەملیۆن خەڵکەوە قسەیان پێدەکرێت

| زمانەکان | لەکوێ قسەیان پێدەکرێت | ژمارەی ئەو کەسانەی قسەیان پێکەن |
|---|---|---|
| چینی | چین، تایوان، مالیزیا، ئیندۆنیزیا، سینگاپورە، ، ڤێتنام، فلیپین، مەکاو، کەمبۆچیا | 1، 212، 560، 000 |
| عەرەبی | میسر، جەزائیر، مەغریب، عراق، سودان، یەمەن، سعودیە، سوریا، ئوردن، تونس، لیبیا، لوبنان، مۆریتانیا، فەلەستین(کەناری رۆژئاوا و کەرتی غەزە) ئیسرائیل، ئێران، فەرەنسە، تورکیا، عومان، ئەرجەنتین، ئیماراتی عەرەبی، کوەیت، چاد، بەحرەین، نەیجەر، تەنزانیا، هۆڵەندە، بەلجیکا، ئەریتێریا، مالی، قەتەر، نەیجیریا، وڵاتە یەکگرتووەکان | 422، 039، 637 |

| | | |
|---|---|---|
| هندی | هندستان، باشوری ئەفریقا، بەنگلادیش، یەمەن، ئۆگەندا | 366، 000، 000 |
| ئینگلیزی | ولاتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا، کەنەدا، ئوسترالیا، باشوری ئەفریقا، نیوزیلەندە، ئێرلەندە، زیمبابۆی، مەکسیکۆ، باربەدۆس، سینگاپورە، نامیبیا، ئیسرائیل، سریلانکا، ئەلمانیا، پۆرتەریکۆ، ژاپۆن، لایبریا، ئەکوادۆر، بەرمۆدا، پاپوا نیو گینیا، زامبیا، فلیپین، ئیتالیا، گوام، ڤەنزوێلا، هندۆراس، مەلاوی، دانیمارك | 341، 000، 000 |
| ئیسپانی | مەکسیکۆ، کۆلۆمبیا، ئەرجەنتین، ئیسپانیا، ولاتە یەکگرتووەکان، ڤەنزوێلا، پیرۆ، چیلی، کوبا، ئەکوادۆر، دۆمەنیکان کۆماری، سلفادۆر، هندۆراس، گواتیمالا، نیکاراگوا، بۆلیڤیا، پۆرتەریکۆ، کۆستەریکا، ئۆرۆگوای، پەنەما | 20032000 |
| بەنگالی | بەنگلادیش، هندستان، ئیماراتی | 207000000 |





| | | |
|---|---|---|
| | عەرەبی، سعودیە | |
| پۆرتوگالی | بەرازیل، پۆرتوگال، فەرەنسە، پەرەگوای، باشوری ئەفریقا، ولاتە یەکگرتووەکان، هندستان، لۆکسەمبۆرگ، کەنەدا، سویسرە، بەلجیکا، ئەلمانیا، ئەنگۆلا، مۆزەمبیق، ئۆرۆگوای | 176000000 |
| رووسی | رووسیا، ئۆکرانیا، کازاخستان، ئۆزبەکستان، قرخیزستان، بیلارووس، لاتفیا، مۆلداڤیا، ئازەربێیجان، ئیستۆنیا، ئیسرائیل، جۆرجیا، ئەلمانیا، تورکمانستان، لیتوانیا، ولاتە یەکگرتووەکان، تاجیکستان، ئەرمینیا، پۆلەندە | 167000000 |
| ژاپۆنی | ژاپۆن، ولاتە یەکگرتووەکان، بەرازیل، پیرۆ، کەنەدا، مەکسیکۆ، ئەرجەنتین، سینگاپورە، ئەلمانیا، پەرەگوای، ئوسترالیا، بەریتانیا، تایوان | 125000000 |

| | | |
|---|---|---|
| ئەڵمانی | ئەڵمانیا، نەمسا، وڵاتە یەکگرتووەکان، بەرازیل، پۆڵەندە، کازاخستان، رووسیا، کەنەدا، ئەرجەنتین، هەنگاریا، ئیتالیا، چیك کۆماری، پەرەگوای، بۆلیڤیا، بەلجیکا، رۆمانیا، ئوسترالیا، قرخیزستان، باشوری ئەفریقا، ئۆزبەکستان، ئۆکرانیا، چیلی، ئەکوادۆر، ئۆرۆگوای، دانیمارك، نامیبیا، لۆکسەمبۆرگ، مۆڵداڤیا | 100، 130، 000 |
| فەرەنسی | فەرەنسە، کەنەدا، بەلجیکا، وڵاتە یەکگرتووەکان، سویسرە، جەزائیر، ئیتالیا، مەغریب، نیو کالەدۆنیا، ئیسرائیل، گابۆن، ماوریشیووس، کۆنگۆ، مەدەگەسکەر، کۆت دیڤوار، مۆناکۆ، بەنین، جیبۆتی، پۆلینیزیای فەرەنسی، نەمسا، بەریتانیا، لۆکسەمبۆرگ، توونس، مالی، ناوەڕاست ئەفریقای | 78000000 |





| | | |
|---|---|---|
| | کۆماری، ڤانواتوو، نایجەر، سەینت پێر و میکویلەن، چاد، تۆگۆ | |
| کۆری | کۆریای باشوور، کۆریای باکوور، چین، وڵاتە یەکگرتووەکان، ژاپۆن، ئۆزبەکستان، کازاخستان، کەنەدا، سعودیە، مۆریتانیا، بەرازیل، ئوستراليا | 78000000 |
| جاوانی | ئیندۆنیزیا، مالیزیا، سوورینام، هۆڵەندە، نیو کالەدۆنیا، سینگاپورە | 75، 567، 550 |
| تەلوگو | هندستان، مالیزیا، فیجی، سینگاپورە | 000، 666، 000 |
| مەراسی | هندستان | 68، 022، 000 |
| ڤێتنامی | ڤێتنام، وڵاتە یەکگرتووەکان، کەمبۆچیا، نەروێژ، لاووس، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئوسترالیا، بەریتانیا، فەرەنسە، هۆڵەندە، چین، نیو کالەدۆنیا | 68، 000، 000 |

| | | |
|---|---|---|
| تامیل | هندستان، سریلانکا، مالیزیا، باشوری ئەفریقا، سینگاپورە، ئەڵمانیا، ماوریشیووس | 66، 000، 000 |
| ئیتالی | ئیتالیا، ئەرجەنتین، فەرەنسە، وڵاتە یەکگرتووەکان، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئوستڕالیا، بەرازیل، بەلجیکا، بەریتانیا، سویسرە، ئۆرۆگوای، پەرەگوای، لۆکسەمبۆرگ | 62، 000، 000 |
| تورکی | تورکیا، ئەڵمانیا، بولگاریا، ماسەدۆنیا، ئۆزبەکستان، هۆڵەندە، قوبرس، رۆمانیا، فەرەنسە، یۆنان، نەمسا، بەلجیکا، بەریتانیا، سویسرە، ئوستڕالیا، دانیمارك، ئیسرائیل، وڵاتە یەکگرتووەکان، سووید، ئازەربێیجان | 61، 000، 000 |
| ئۆردوو | هندستان، پاکستان، بەنگلادیش، سعودیە، باشوری ئەفریقا، ماوریشیووس، عوممان | 60، 290، 000 |





| | | |
|---|---|---|
| پەنجابی | پاکستان، هندستان، کەنەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان، مالیزیا، ئەڤغانستان، بەریتانیا، کینیا | 57، 129، 000 |
| ئۆکرانی | ئۆکرانیا، رووسیا، پۆڵەندە، کازاخستان، مۆڵداڤیا، کەنەدا، هەنگاریا، بیلارووس، وڵاتە یەکگرتووەکان، ئۆزبەکستان، قرخیزستان، سلۆڤاکیا، لاتڤیا، رۆمانیا، جۆرجیا، لیتوانیا، تاجیکستان، تورکمانستان، ئازەربێیجان، پەرەگوای | 47، 000، 000 |
| گوجەراتی | هندستان، تەنزانیا، ئۆگەندا، بەریتانیا، کینیا، زیمبابۆی، زامبیا، فیجی | 46، 100، 000 |
| تای | تایلەند، سینگاپورە | 46، 050، 000 |
| پۆڵۆنی | پۆڵەندە، وڵاتە یەکگرتووەکان، ئۆکرانیا، بیلارووس، لیتوانیا، ئەڵمانیا، کەنەدا، ئیسرائیل، رووسیا، کازاخستان، لاتڤیا، چیك کۆماری، سلۆڤاکیا | 44، 000، 000 |

| | | |
|---|---|---|
| مەلایالام | هندستان، ئیماراتی عەرەبی، مالیزیا، سینگاپورە | 35، 706، 000 |
| قانەدە | هندستان | 35، 346، 000 |
| ئۆرییا | هندستان | 32، 300، 000 |
| بورمێس | میانمار، بەنگلادیش | 32، 250، 000 |
| ئازەربایجانی | ئێران، ئازەربێیجان، تورکیا، رووسیا، جۆرجیا، عراق، ئەرمینیا، کازاخستان، ئۆزبەکستان، تورکمانستان، سوریا، قرخیزستان | 31، 423، 000 |
| فارسی | ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، وڵاتە یەکگرتووەکان، تورکیا، عراق، سعودیە، ئەڵمانیا، ئیماراتی عەرەبی، قەتەر، بەحرەین، فەرەنسە، سووید | 31، 280، 000 |
| سووندا | ئیندۆنیزیا | 27، 000، 000 |
| پەشتۆ | پاکستان، ئەفغانستان، ئێران، ئیماراتی عەرەبی، بەریتانیا، هندستان | 26، 811، 657 |





| | | |
|---|---|---|
| رۆمانی | رۆمانیا، مۆلداڤیا، ئیسرائیل، ئۆکرانیا، یۆنان، سربیا و مۆنتینیگرۆ، رووسیا، هەنگاریا، وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەلبانیا، کازاخستان | 26، 265، 555 |
| بۆژپووری | هندستان، نیپاڵ، ماوریشیووس | 26، 254، 000 |
| هاوسا | نەیجیریا، نایجەر، سودان، چاد، کامیرۆن، ناوەڕاستئەفریقای کۆماری | 24، 200، 000 |
| مایتیلی | هندستان، نیپاڵ | 24، 191، 900 |
| مالای | ئیندۆنیزیا، مالیزیا، تایلەند، سینگاپورە، هۆڵەندە، میانمار | 23، 576، 500 |
| سربۆ کرواتی | سربیا و مۆنتینیگرۆ | 21، 000، 000 |
| ئاوازی | هندستان، نیپاڵ | 20، 540، 000 |
| ئۆزبەکی | ئۆزبەکستان، ئەفغانستان، تاجیکستان، قرخیزستان، کازاخستان، تورکمانستان، رووسیا | 20، 051، 000 |
| یۆرووبە | نەیجیریا، بەنین | 20، 000، 000 |
| هۆڵەندی | هۆڵەندە، بەلجیکا، وڵاتە | 20، 000، 000 |

| | | |
|---|---|---|
| | یەکگرتووەکان، سوورینام، کەنەدا، ئەڵمانیا، فەرەنسە، ئوستراليا | |
| 19، 720، 000 | پاکستان، هندستان، بەریتانیا، فلیپین | سیند |
| 18، 000، 000 | نەیجیریا | ئیگبۆ |
| 17، 413، 000 | ئەسیوپیا، ئیسرائیل | ئامهەریك |
| 17، 232، 000 | ئەسیوپیا | ئۆرۆمۆ |
| 17، 070، 000 | ئیندۆنیزیا، سعودیە، هۆڵەندە | ئیندۆنیزی |
| 17، 000، 000 | فلیپین، وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیماراتی عەرەبی، بەریتانیا | تاگەلۆگ |
| 16، 056، 000 | نیپاڵ، هندستان، بووتان | نیپاڵی |
| 15، 374، 000 | هندستان، بووتان | ئاسەمی |
| 15، 059، 000 | پاکستان، هندستان | سەرایکی |
| 15، 000، 000 | فلیپین | سەبوانۆ |
| 14، 500، 000 | هەنگاریا، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سربیا و مۆنتینیگرۆ، وڵاتە یەکگرتووەکان، ئۆکرانیا | هەنگاری |





| | | |
|---|---|---|
| 14، 000، 000 | بەنگلادیش | سایتەگۆنی |
| 14، 000، 000 | چین | ژو وانگ |
| 14، 000، 000 | ئیندۆنیزیا | شۆنا |
| 13، 694، 000 | ئیندۆنیزیا | مادوورە |
| 13، 220، 000 | سریلانکا، ئیماراتی عەرەبی، کەنەدا، مەڵداڤیا | سینهالی |
| 13، 183، 000 | هندستان، پاکستان | مرواری |
| 13، 000، 000 | هندستان | ماگەهی |
| 13، 000، 000 | هندستان | هەرییانووی |
| 12، 000، 000 | یۆنان، قوبرس، وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەڵمانیا، بەریتانیا، پۆڵەندە، ئوستراليا، رووسیا، کەنەدا، ئۆکرانیا، باشوری ئەفریقا، میسر، ئەلبانیا، سووید، کازاخستان، جۆرجیا، ئیتالیا، نەمسا، بولگاریا | یۆنانی |
| 12، 000، 000 | چیك کۆماری، وڵاتە یەکگرتووەکان، کەنەدا، ئۆکرانیا، بولگاریا، نەمسا، ئیسرائیل، | چیکی |

| | | |
|---|---|---|
| | پۆڵەندە، سلۆڤاکیا | |
| 11، 535، 000 | هندستان | چاتیسگەری |
| 11، 428، 700 | نەیجیریا، نایجەر، مالی، کامیرۆن، بەنین، چاد | فولفولدە |
| 10، 709، 800 | هندستان | دێکان |
| 10، 484، 000 | مەدەگەسکەر | مالاگاشی |
| 10، 200، 000 | بیلارووس، رووسیا، ئۆکرانیا، پۆڵەندە، کازاخستان، لاتفیا، لیتوانیا، ئۆزبەکستان، مۆڵداڤیا | بیلارووسی |





## ئەو زمانانەی کە لەلایەن ٣-١٠ ملیۆن کەسەوە قسەی پێدەکرێت

| ژمارەی قسە کەرانی | لەکوێ قسەیان پێدەکرێ | زمان |
|---|---|---|
| 10، 000، 000 | بەنگلادیش | سیلهەتی |
| 9، 472، 000 | سۆماڵ، ئەسیوپیا، کینیا، یەمەن، جیبۆتی، ئیماراتی عەرەبی | سۆماڵی |
| 9، 142، 000 | باشوری ئەفریقا، لیسواسۆ، سوازیلەند، مەلاوی | زولو |
| 9، 000، 000 | بولگاریا، مۆڵداڤیا، تورکیا، ئۆکرانیا، یۆنان، رۆمانیا | بولگاری |
| 9، 000، 000 | سوید، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فینلەند | سویدی |
| 8، 974، 000 | ئیتالیا، سویسرە | لۆمبارد |
| 8، 292، 290 | پیرۆ، بۆلیڤیا، ئەرجەنتین | کوێچوا |
| 8، 048، 000 | باشوری ئەفریقا، لیسواسۆ، بۆتسوانا | سۆتۆ |
| 8، 039، 200 | کەمبۆچیا، تایلەند، ڤێتنام، فەرەنسە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لاووس | خمیر |
| 8، 000، 000 | فلیپین | ئیلۆکانۆ |

| | | |
|---|---|---|
| 8،000،000 | كازاخستان، چين، ئۆزبەكستان، رووسيا، مەنگۆليا، توركمانستان، قرخيزستان، تاجيكستان، ئۆكرانيا | كازاخ |
| 7،800،000 | هايتى، ولآتە يەكگرتووەكانى ئەمريكا، كۆمارى، كەنەدا دۆمەنيكان | هايتى كريۆليى فەرەنسى |
| 7،595،512 | چين، كازاخستان، قرخيزستان، ئۆزبەكستان، تاجيكستان، ئەڤغانستان | ئويگيور |
| 7،362،800 | ڕواندا، ئوگەندا، كۆمارى كۆنگۆى ديموكرات، تەنزانيا | ڕواندى |
| 7،047،400 | ئيتاليا | نايۆليتناۆ كارلبرێس |
| 7،005،000 | پاكستان، ئێران، ئەڤغانستان، عوممان، ئيماراتى عەرەبى | بلووچى |
| 7،000،000 | رووسيا، ئۆزبەكستان، كازاخستان، ئۆكرانيا، تاجيكستان، قرخيزستان، توركمانستان، ئازەربێيجان، بيلارووس | تاتار |
| 7،000،000 | غانا | ئاكان |
| 7،000،000 | هندستان | كاناوجى |
| 7،000،000 | فليپين | هايليگاينى |





| | | |
|---|---|---|
| 6،876،000 | باشورى ئەفريقا، ليسواسۆ | خۆسا |
| 6،565،000 | ئيسپانيا، فەرەنسە، ولآتە يەكگرتووەكانى ئەمريكا، ئەندۆرا، ئيتاليا | كاتالٚ ڤالێنسى بالير |
| 6،500،000 | ئيندۆنيزيا | ميناناگاكاباو |
| 6،400،000 | توركمانستان، ئێران، ئەڤغانستان، ئۆزبەكستان، عراق | توركمانى |
| 6،381،000 | باشورى ئەفريقا، ناميبيا، بۆتسوانا | ئەفريكانس |
| 6،300،000 | كۆمارى كۆنگۆى ديموكرات | لەوبا -كاساى |
| 6،150،000 | هندستان، بەنگلاديش، نيپاڵ | سانتێڵ |
| 6،095،000 | فينلەند، سوويد، ولآتە يەكگرتووەكانى ئەمريكا، كەنەدا، رووسيا | فينييش |
| 6،044،000 | سويسرە | شويزەردەچ (ئەڵەماينيخ) |
| 6،036،000 | ئێران، عراق | كوردى |
| 6،000،000 | ئەرمينيا، ولآتە يەكگرتووەكانى ئەمريكا، رووسيا، جۆرجيا، سوريا، لوبنان، ئێران، ميسر، فەرەنسە، عراق، | ئەرمينى |

| | | |
|---|---|---|
| | ئۆكرانیا، ئۆزبەكستان، توركیا، توركمانستان، بولگاریا، یۆنان، كازاخستان | |
| ڕووندی | بۆرۆندی، تەنزانیا، ئۆگەندا | 6 ،000 ،000 |
| كۆنكانی | هندستان | 6 ،000 ،000 |
| كاناووژی | هندستان | 6 ،000 ،000 |
| مەنگۆلی | چین، مەنگۆلیا | 5 ،711 ،000 |
| نیانجا | مەلاوی، زامبیا، مۆزەمبیق، زیمبابۆی | 5 ،622 ،000 |
| سلۆڤاك | سلۆڤاكیا، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، سربیا و مۆنتینیگرۆ، پۆڵەندە | 5 ،606 ،000 |
| گیكوویو | كینیا | 5 ،347 ،000 |
| دەنیش | دانیمارك، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئەڵمانیا، سووید، كەنەدا، نەرویژ | 5 ،326 ،000 |
| هیبرۆ(عیبری) | ئیسرائیل، كەناری ڕۆژئاوا، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا | 5 ،150 ،000 |
| تیگرگنا | ئەسیوپیا، ئیریتێریا | 5 ،135 ،000 |





| | | |
|---|---|---|
| ئەلبانی | ئەلبانیا، سربیا و مۆنتینیگرۆ، ماسەدۆنیا، ئیتالیا، یۆنان، ئەڵمانیا | 5 ،130 ،000 |
| گوارانی | پەرەگوای، ئەرجەنتین، بۆلیڤیا، بەرازیل | 5 ،071 ،500 |
| موورە | بوركینا فاسۆ، تۆگۆ | 5 ،050 ،000 |
| ئێمیلیانۆ ڕۆماگنۆلۆ | ئیتالیا، سان مارینۆ | 5 ،020 ،000 |
| سواحیلی | تەنزانیا، كۆماری كۆنگۆی دیموكرات | 5 ،001 ،000 |
| سوكوما | تەنزانیا | 5 ،000 ،000 |
| نەرویژی | نەرویژ، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، سووید | 5 ،000 ،000 |
| كۆنگۆ | كۆماری كۆنگۆی دیموكرات | 4 ،717 ،000 |
| سێسیلی | ئیتالیا | 4 ،680 ،715 |
| كشمیری | هندستان، بەریتانیا، پاكستان | 4 ،511 ،000 |
| لۆموە | مەلاوی، مۆزەمبیق، كۆماری كۆنگۆی دیموكرات | 4 ،400 ،000 |
| تاجیك | تاجیكستان، ئۆزبەكستان، ڕووسیا، قرخیزستان، كازاخستان | 4 ،380 ،000 |

| | | |
|---|---|---|
| لوڕی | ئێران | 4،280،030 |
| کیتووبا | کۆماری کۆنگۆی دیموکرات | 4،200،000 |
| یی | چین | 4،200،000 |
| جۆرجی | جۆرجیا، رووسیا، تورکیا، ئۆکرانیا، ئازەربێیجان | 4،103،000 |
| ئەمبووندو | ئەنگۆلا | 4،003،000 |
| لیتوانی | لیتوانیا، رووسیا، لاتفیا، پۆڵەندە، کازاخستان، بیلارووس | 4،000،000 |
| تسووانا | باشوری ئەفریقا، بۆتسوانا، زیمبابۆی | 4،000،000 |
| گالیشی | ئیسپانیا، پۆرتوگال | 4،000،000 |
| کارین | میانمار، تایلەند | 3،974،300 |
| بالی | ئیندۆنیزیا، کۆماری کۆنگۆی دیموکرات | 3،844،000 |
| لوویا | کینیا | 3،643،461 |
| تاخەلهیت | مەغریب | 3،500،000 |
| بووگیس | ئیندۆنیزیا | 3،500،000 |
| تامەزایت | مەغریب، جەزائیر | 3،500،000 |
| لوۆ | کینیا، تەنزانیا | 3،408،000 |





| | | |
|---|---|---|
| وۆلۆف | سەنیگال، گامبیا | 3،361،650 |
| بیکۆلانۆ | فلیپین | 3،310،000 |
| مازەندەرانی | ئێران | 3،265،000 |
| گیلاکی | ئێران | 3،265،000 |
| لاو | لاووس، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | 3،188،577 |
| سۆنگا | باشوری ئەفریقا، مۆزەمبیق | 3،165،000 |
| قیرخیز | قرخیزستان | 3،136،486 |
| کابیلی | جەزائیر، فەرەنسە | 3،123،000 |
| رۆمانی | رۆمانیا، سربیا و مۆنتینیگرۆ، چیك کۆماری، پۆڵەندە، سووید، فینلەند | 3،046،000 |
| گاندا | ئۆگەندا | 3،025،000 |
| | | |

## ئەو زمانانەی کە لە لایەن ١ بۆ ٣ ملیۆن کەسەوە قسەیان پێدەکرێت

| زمانەکان | لەکوێ قسەی پێدەکرێ | ژمارەی قسەکەران |
|---|---|---|
| بەنجار | ئیندۆنیزیا، مالیزیا | 3 ،000 ،000 |
| ئاچێ | ئیندۆنیزیا | 3 ،000 ،000 |
| شان | میانمار | 3 ،000 ،000 |
| پێدمۆنتی | ئیتالیا | 3 ،000 000 |
| مابوندوو | ئەنگۆلا | 3 ،000 000 |
| یەدیش | وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رووسیا، ئۆکرانیا، بیلارووس، ئیسرائیل | 3 ،000 000 |
| رجبانگسی | هندستان | 2 ،940 ،955 |
| پوولا | سەنیگال | 2 ،921 ،300 |
| گاروەلی | هندستان | 2 ،920 ،000 |
| پوولا | گینیا | 2 ،900 ،000 |
| لامبادی | هندستان | 2 ،867 ،000 |
| هموٚنگ | چین، لاووس، میانمار، | 2 ،842 ،000 |





| | | |
|---|---|---|
| | تایلەند، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڤێتنام | |
| جامایکیی کریۆلیی ئینگلیزی | جامایکا، پەنەما، کۆستەریکا | 2 ،841 ،000 |
| جولا | کۆت دیڤوار، بورکینا فاسۆ | 2 ،820 ،000 |
| بامەنانکی | مالی | 2 ،777 ،400 |
| نداو | مۆزەمبیق | 2 ،700 ،000 |
| بێتاوی | ئیندۆنیزیا | 2 ،700 ،000 |
| گۆندی | هندستان | 2 ،554 ،000 |
| حەسسانییە | ئیندۆنیزیا | 2 ،511 ،000 |
| ماخووا | مۆزەمبیق | 2 ،500 ،000 |
| هیندکۆ | پاکستان | 2 ،500 ،000 |
| ئێوە | غانا، تۆگۆ | 2 ،477 ،600 |
| کوماونی | هندستان | 2 ،459 ،400 |
| کالەنژین | کینیا | 2 ،458 ،123 |
| مانینکاکان | گینیا، مالی | 2 ،455 ،000 |
| کامبا | کینیا | 2 ،448 ،302 |

| | | |
|---|---|---|
| وارای -وارای | فلیپین | 2 ،437 ،688 |
| دۆنگ | چین | 2 ،393 ،310 |
| کویچێ | گواتیمالا | 2 ،333 ،030 |
| ناگا | هندستان | 2 ،267 ،531 |
| سێناوفۆ | کۆت دیڤوار، مالی، بورکینا فاسۆ | 2 ،246 ،100 |
| تیڤ | نەیجیریا | 2 ،212 ،000 |
| براهووی | پاکستان، ئەڤغانستان | 2 ،210 ،000 |
| ڤێنشی | ئیتالیا، کرواتیا | 2 ،210 ،000 |
| دۆگری -کانگری | هندستان | 2 ،200 ،280 |
| ئایمارا | بۆلیڤیا، پیرۆ | 2 ،200 ،000 |
| زارما | نایجەر، نەیجیریا | 2 ،151 ،000 |
| بێمبا | زامبیا، کۆماری کۆنگۆی دیموکرات | 2 ،148 ،600 |
| باوولە | کۆت دیڤوار | 2 ،130 ،000 |
| ساساك | ئیندۆنیزیا | 2 ،100 ،000 |
| ندێبلە | زیمبابۆی، باشوری ئەفریقا | 2 ،090 ،000 |





| | | |
|---|---|---|
| ئەرکانی | میانمار، بەنگلادیش | 2 ،084 ،000 |
| مونداری | هندستان | 2 ،075 ،000 |
| کوروخ | هندستان | 2 ،053 ،000 |
| سەدری | هندستان، بەنگلادیش | 2 ،049 ،000 |
| باگری | هندستان، پاکستان | 2 ،007 ،000 |
| باویێ | چین | 2 ،001 ،500 |
| ساکسۆن | ئەڵمانیا | 2 ،001 ،000 |
| بەتی | کامیرۆن | 2 ،000 ،200 |
| سلۆڤینیاn | سلۆڤینیا، ئیتالیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | 2 ،000 ،000 |
| باتاك تۆبا | ئیندۆنیزیا | 2 ،000 ،000 |
| پیدجین | کامیرۆن، نەیجیریا، تیمۆری رۆژهەڵات | 2 ،000 ،000 |
| تاریفیت | مەغریب | 2 ،000 ،000 |
| تومبوکا | تەنزانیا، مەلاوی، زامبیا | 2 ،000 ،000 |
| ماسەدۆنی | ماسەدۆنیا، ئەلبانیا | 2 ،000 ،000 |
| تولوو | هندستان | 1 ،949 ،000 |
| پەمپانگەن | فلیپین | 1 ،897 ،378 |

| | | |
|---|---|---|
| سیدامۆ | ئەسیوپیا | 1،876،329 |
| لیگواری | ئیتالیا، مۆناکۆ | 1،858،680 |
| چوڤاش | رووسیا، کازاخستان | 1،809،000 |
| هەزارەگی | ئەفغانستان، ئێران، پاکستان | 1،756،000 |
| فۆن | بەنین | 1،736،000 |
| سوواتی | باشوری ئەفریقا، سوازیلەند | 1،670،000 |
| مێتێ | هندستان | 1،648،000 |
| نیانکۆرە | ئۆگەندا | 1،643،190 |
| واجی | هندستان | 1،621،000 |
| چین | میانمار، هندستان | 1،602،370 |
| ماکەسەر | ئیندۆنیزیا | 1،600،000 |
| ییاو | مەلاوی، تەنزانیا، مۆزەمبیق | 1،597،107 |
| گووسی | کینیا | 1،582،000 |
| ئافار | ئەسیوپیا، ئێریتێریا، جیبۆتی | 1،579،000 |





| | | |
|---|---|---|
| خەندەسی | هندستان | 1،579،105 |
| قویچووە | ئەکوادۆر، ئەرجەنتین، پیرۆ | 1،524،000 |
| لوبا-کاتانگا | کۆماری کۆنگۆی دیموکرات | 1،505،000 |
| لامپووتگ | ئیندۆنیزیا | 1،500،000 |
| زمانی ئیشارەتی هیندی | هندستان | 1،500،000 |
| لاتڤی | لاتڤیا ، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رووسیا، ئوستراليا، کەنەدا | 1،500،000 |
| ئیبیۆ | نەیجیریا | 1،500،000 |
| سکانی | سووید، دانیمارك | 1،500،000 |
| ساردینیی | ئیتالیا | 1،500،000 |
| قەشقای | ئێران | 1،500،000 |
| کورمانجی | تورکیا | 1،500،000 |
| ناهواتیل | مەکسیکۆ | 1،492،944 |
| خامس | چین، نیپاڵ | 1،487،000 |
| مەندە | سیرالیۆن، لایبریا | 1،485،000 |

| | | |
|---|---|---|
| بای | چین | 1 ،452 ،000 |
| گوجەری | هندستان | 1 ،400 ،000 |
| تاچەویت | جەزائیر | 1 ،400 ،000 |
| چیگە | ئۆگەندا | 1 ،391 ،442 |
| سۆگە | ئۆگەندا | 1 ،370 ،845 |
| گبە | تۆگۆ، بەنین | 1 ،367 ،000 |
| نیمادی | هندستان | 1 ،359 ،000 |
| دینکا | سودان | 1 ،350 ،000 |
| سەنا | مۆزەمبیق، مەلاوی | 1 ،341 ،040 |
| یوو مێن | چین | 1 ،329 ،000 |
| تۆنگا | زامبیا، مەلاوی، زیمبابۆی | 1 ،325 ،000 |
| مێروو | کینیا | 1 ،305 ،000 |
| گۆگۆ | تەنزانیا | 1 ،300 ،000 |
| فلامس(فنلەندی) | بەلجیکا، هۆڵەندە | 1 ،300 ،000 |
| بهیلی | هندستان | 1 ،300 ،000 |
| ماکۆندە | تەنزانیا، مۆزەمبیق | 1 ،260 ،000 |
| بارەلی | هندستان | 1 ،260 ،000 |
| تیبتی | چین، هندستان، نیپاڵ، | 1 ،254 ،000 |





| | | |
|---|---|---|
| | بووتان، تایوان | |
| هەمنگ نژووا | چین، لاووس، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | 1 ،245 ،000 |
| گامۆ گۆفا داورۆ | ئەسیوپیا | 1 ،236 ،673 |
| ۆلایتا | ئەسیوپیا | 1 ،231 ،673 |
| تەسۆ | ئۆگەندا، کینیا | 1 ،216 ،537 |
| تاروو | نیپاڵ | 1 ،212 ،853 |
| تەمنە | سیرالیۆن | 1 ،200 ،000 |
| هایا | تەنزانیا | 1 ،200 ،000 |
| باتاك دەیری | ئیندۆنیزیا | 1 ،200 ،000 |
| تای | ڤێتنام | 1 ،190 ،000 |
| مەندینکا | سەنیگال | 1 ،178 ،500 |
| کۆلی | پاکستان | 1 ،170 ،000 |
| پانگەسینان | فلیپین | 1 ،164 ،586 |
| ماخووا - میتۆ | مۆزەمبیق، تەنزانیا | 1 ،160 ،000 |
| مونوکوتوبا | کۆنگۆ | 1 ،156 ،800 |
| بەدەوی | سودان، ئێریتێریا، میسر | 1 ،148 ،000 |
| زەندە | کۆماری کۆنگۆی | 1 ،142 ،000 |

| | | |
|---|---|---|
| | دیموکرات، سودان، کۆماری ناوەڕاستئەفریقای | |
| والوون | بەلجیکا | 1،120،000 |
| مالووی | هندستان | 1،102،000 |
| ئیستۆنی | ئیستۆنیا، رووسیا، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا | 1،100،000 |
| هۆ | هندستان | 1،077،000 |
| سۆنینکە | مالی، سەنیگال، کۆت دیڤوار، بورکینا فاسۆ، گامبیا، مۆریتانیا | 1،067،000 |
| مێواری | هندستان | 1،058،000 |
| سێرەر سینە | سەنیگال | 1،051،200 |
| نیکیونسا نگۆندا | تەنزانیا، مەلاوی | 1،050،000 |
| چۆکوە | کۆماری کۆنگۆی دیموکرات، ئەنگۆلا، زامبیا | 1،009،000 |
| نگباکا | کۆماری کۆنگۆی دیموکرات، کۆماری ناوەڕاستئەفریقای | 1،005،000 |





| | | |
|---|---|---|
| چیچەنی | رووسیا | 1،000،000 |
| ئانانگ | نەیجیریا | 1،000،000 |
| تاوسووگ | فلیپین | 1،000،000 |
| سۆنگە | کۆماری کۆنگۆی دیموکرات | 1،000،000 |
| ماگینداناون | فلیپین | 1،000،000 |
| گالانگا | زیمبابۆی | 1،000،000 |
| بیلاڵی | هندستان | 1،000،000 |
| دیملی | تورکیا | 1،000،000 |
| رێژەنگ | ئیندۆنیزیا | 1،000،000 |
| ئایزۆن | نەیجیریا | 1،000،000 |
| باشکیر | رووسیا | 1،000،000 |
| ئێدۆ | نەیجیریا | 1،000،000 |
| ئێبیرا | نەیجیریا | 1،000،000 |

هەموو ئەم ژمارانە خەملێنراون و راستی نین

ژمارەکان هیی ئەو کەسانەیە، کە وەك زمانی دایك قسە بە زمانەکان دەکەن

سەرچاوە / پەیمانگای سومەر بۆ زمانەوانی

**پاشکۆی نەخشە و وێنەکان**

**گروپی یەکەم: شەجەرەی دابەشبوونی زمانەکان و خێزانە زمانەکان**

**گروپی دووەم: نەخشەی جوگرافیی دابەشبوونی هەندێکی زمانەکان**

**گروپی سێیەم:شێوازی ئەلف بای نوسینی چەند زمانێکی جیاواز**

**سەرچاوەی وەرگێران:**

Microsoft ® Encarta ® 2007. © 1993-2006 Microsoft Corporation. All rights reserved.








Latin
Classical Latin
Proto-Romance
Proto-Sardinian
Sardinian dialects
Proto-Continental Romance
Proto-Eastern Romance
Proto-Balkan Romance
Proto-Romanian
Romanian dialects
Proto-Dalmatian
Romance borrowings in Albanian
Old Dalmatian
Proto-Italo-Western Romance (Vulgar Latin)
Proto-Italo-Romance
Italian dialects
Proto-Western Romance
Proto-Ibero-Romance
South Ibero-Romance (Mozarabic)
Portuguese dialects
North Ibero-Romance
Spanish dialects
Catalan dialects
Proto-Gallo-Romance
Proto-Northern Gallo-Romance
Rhaetian dialects
French dialects
Proto-Southern Gallo-Romance
Occitan dialects






c. 2500 BC
c. 2000 BC
c. 1500 BC
c. 1000 BC
c. 500 BC
c. 200 BC
southwest
northwest
centre
south
east*
Hattian
Anatolian
Palaic
Kaneshite
Hittite
Hittite
Luwian
Cuneiform Luwian
(West Luwian)
(East Luwian)
Lydian
Lycian
Hieroglyphic Luwian
Hurrian
Hurrian
Urartian
*Hurrian and Urartian are not related to the Indo-European group of Anatolian languages.
©1994 Encyclopaedia Britannica, Inc.


Early Uralic
Uralic
Yukaghir
Finno-Ugric
Samoyedic
Finnic
Ugric
North Samoyedic
South Samoyedic
West Finnic
Permic
Ob-Ugric
Sayan Samoyedic
North Finnic
Baltic Finnic
Finnish
Estonian
Karelian
Veps
Ingrian
Votic
Livonian
Sami (Lapp)
Merya
Meshcher
Murom
Mordvin
Mari
Udmurt
Komi
Permyak
Mansi
Khanty
Hungarian
Nenets
Enets
Nganasan
Selkup
Kamas
Karagas
Koibal
Motor
Soyot
Taigi
©1996 Encyclopaedia Britannica, Inc.






Early Uralic
Uralic
Yukaghir
Finno-Ugric
Samoyedic
Finnic
Ugric
North Samoyedic
South Samoyedic
West Finnic
Permic
Ob-Ugric
Sayan Samoyedic
North Finnic
Baltic Finnic
Finnish
Estonian
Karelian
Veps
Ingrian
Votic
Livonian
Sami (Lapp)
Merya
Meshcher
Murom
Mordvin
Mari
Udmurt
Komi
Permyak
Mansi
Khanty
Hungarian
Nenets
Enets
Nganasan
Selkup
Kamas
Karagas
Koibal
Motor
Soyot
Taigi
©1996 Encyclopaedia Britannica, Inc.


Macro-Khoisan
Kwadi
Sandawe
Southern African Khoisan
Hadza
Khoe (Central)
Southern
Ju (Northern)
Khoekhoe
Non-Khoekhoe (NKK)
Taa
!Kwi
≠Huã
Nama
!Ora
Gri
Western NKK
Eastern NKK
!Xóõ
|Xam |Xegwi ≠Khomani |'Auni ||Ng
Tshasi ≠Huã
Ju|'hoã ≠Kx'au||eĩ !Xũ
Kxoe
Kxoe ||Ani Buga |Ganda
Naro-||Gana
Naro
||Gana |Gui ≠Haba Ts'ixa
Shua
Shua Teti Cara Danisi |Xaise
Tshua
Cua Kua Tshua
©1999 Encyclopaedia Britannica, Inc.






MIDDLE EAST
South Atlantic Ocean
AFRICAN LANGUAGE FAMILIES
Afro-Asiatic
Niger-Congo
Nilo-Saharan
Khoisan
Current Political Boundaries
1 Senegal
2 The Gambia
3 Guinea-Bissau
4 Guinea
5 Sierra Leone
6 Liberia
7 Côte d'Ivoire
8 Ghana
9 Togo
10 Benin
11 Cameroon
12 São Tomé and Príncipe
13 Equatorial Guinea
14 Central African Republic
15 Rwanda
16 Burundi
17 Burkina Faso
18 Gabon
19 Republic of the Congo
20 Angola
21 Zambia
22 Namibia
23 Botswana
24 South Africa
25 Lesotho
26 Swaziland
27 Mozambique
28 Zimbabwe
29 Malawi
30 Tanzania
31 Uganda
32 Kenya
33 Ethiopia
34 Djibouti
35 Eritrea
36 Somalia
37 Sudan
38 Egypt
39 Chad
40 Niger
41 Libya
42 Tunisia
43 Algeria
44 Mali
45 Mauritania
46 Morocco
47 Nigeria
48 Dem. Rep. of the Congo
49 Comoros
50 Madagascar
51 Seychelles
52 Western Sahara
Encarta Encyclopedia, © Microsoft Corporation. All Rights Reserved.








1 Portuguese
2 Spanish
3 Galician
4 Catalan
5 French
6 Provençal
7 Italian
8 Romanian
9 German
10 Flemish
11 Dutch
12 English
13 Danish
14 Swedish
15 Norwegian
16 Icelandic
17 Slovenian
18 Croatian
19 Serbian
20 Macedonian
21 Bulgarian
22 Slovak
23 Czech
24 Polish
25 Belarusian
26 Ukrainian
27 Russian
28 Lithuanian
29 Latvian
30 Breton
31 Gaelic
32 Albanian
33 Greek
34 Basque
35 Hungarian
36 Estonian
37 Finnish
38 Saami
Slavic Languages
Germanic Languages
Romance Languages
Uralic Languages
Celtic Languages
Greek
Albanian
Basque


zimane ciniyekan
CHINESE DIALECTS
Mandarin
Xiang
Yue
Min
Gan
Yue and Kejia
Wu
Kejia
Internal Administrative Boundaries
Current Political Boundaries
MONGOLIA
INNER MONGOLIA
NINGXIA
QINGHAI
GANSU
SHAANXI
SICHUAN
CHINA
YUNNAN
GUIZHOU
GUANGXI
HUNAN
HUBEI
HENAN
SHANXI
HEBEI
BEIJING
TIANJIN
SHANDONG
ANHUI
JIANGXI
JIANGSU
SHANGHAI
ZHEJIANG
FUJIAN
GUANGDONG
HONG KONG
TAIWAN
PHILIPPINES
South China Sea
Yellow Sea
LIAONING
JILIN
NORTH KOREA
SOUTH KOREA
VIETNAM
LAOS
Encarta Encyclopedia, © Microsoft Corporation. All Rights Reserved.






Basuri asia
INDIA
CHINA
BANGLADESH
MYANMAR (BURMA)
Bay of Bengal
Andaman Is. (India)
Nicobar Is. (India)
Andaman Sea
SRI LANKA
Indian Ocean
INDONESIA
THAILAND
LAOS
CAMBODIA
VIETNAM
Hainan I. (China)
South China Sea
MALAYSIA
Encarta Encyclopedia, © Microsoft Corporation. All Rights Reserved.

**Greek Alphabet**

| Upper Case | Lower Case | Name | Transliteration | Upper Case | Lower Case | Name | Transliteration |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Α | α | alpha | a | Ν | ν | nu | n |
| Β | β | beta | b | Ξ | ξ | xi | x |
| Γ | γ | gamma | g | Ο | ο | omicron | o (short) |
| Δ | δ | delta | d | Π | π | pi | p |
| Ε | ε | epsilon | e (short) | Ρ | ρ | rho | r |
| Ζ | ζ | zeta | z | Σ | σ, ς | sigma | s |
| Η | η | eta | e (long) | Τ | τ | tau | t |
| Θ | θ | theta | th | Υ | υ | upsilon | u |
| Ι | ι | iota | i | Φ | φ | phi | ph |
| Κ | κ | kappa | k | Χ | χ | chi | ch |
| Λ | λ | lambda | l | Ψ | ψ | psi | ps |
| Μ | μ | mu | m | Ω | ω | omega | o (long) |

Encarta Encyclopedia, © Microsoft Corporation. All Rights Reserved.





**Russian Alphabet**

| Upper Case | Lower Case | Transliteration | Upper Case | Lower Case | Transliteration |
|---|---|---|---|---|---|
| А | а | a | Р | р | r |
| Б | б | b | С | с | s |
| В | в | v | Т | т | t |
| Г | г | g | У | у | u |
| Д | д | d | Ф | ф | f |
| Е | е | e | Х | х | kh |
| Ё | ё | ë | Ц | ц | ts |
| Ж | ж | zh | Ч | ч | ch |
| З | з | z | Ш | ш | sh |
| И | и | i | Щ | щ | shch |
| Й | й | y | Ъ | ъ | - * |
| К | к | k | Ы | ы | y |
| Л | л | l | Ь | ь | ' * |
| М | м | m | Э | э | e |
| Н | н | n | Ю | ю | yu |
| О | о | o | Я | я | ya |
| П | п | p | | | |

...ronunciation of preceding consonant

Encarta Encyclopedia, © Microsoft Corporation. All Rights Reserved.



Hebrew Alphabet

| Hebrew Letter | Final Form | Name | Transliteration |
|---|---|---|---|
| א | | aleph | ' (silent) |
| בּ ב | | bet, vet | b, v |
| ג | | gimel | g |
| ד | | dalet | d |
| ה | | he | h |
| ו | | vav | v |
| ז | | zayin | z |
| ח | | khet | kh |
| ט | | tet | t |
| י | | yod | y |
| כּ כ | ך | kaf, khaf | k, kh |
| ל | | lamed | l |
| מ | ם | mem | m |
| נ | ן | nun | n |
| ס | | samekh | s |
| ע | | ayin | ' (silent) |
| פּ פ | ף | pe, fe | p, f |
| צ | ץ | tsade | ts |
| ק | | qof | q |
| ר | | resh | r |
| שׁ שׂ | | shin, sin | sh, s |
| ת | | tav | t |

Encarta Encyclopedia, © Microsoft Corporation. All Rights Reserved.





